# چیرۆك نما

پاشكۆیەكی گۆڤای (نما)یە تایبەتە بە چیرۆك
ژمارە (3) ئەیلولی ٢٠٠٥

**خاوەنی ئیمتیاز : ئیسماعیل كوردە**

**سەرنووسەر : ئاسۆ جەلال**

**راوێژكاری نما : رێبین رەسوڵ ئیسماعیل**

**بەرێوەبەری نوسین: زرار سەرتاش**

پیت چنین: عیمار رەسوڵ ، رابەر محەمەد قادر، رزگار حەسەن شین،

ناونیشان: نوسینگەی گۆڤاری نما/ ریگای پەرلەمان

ت: بەرێوەبەر: ٤٦٦٠٢٤٩

# پڕۆژەی حەزە وردیلەییەکان...

## هێندە ناسکە گۆپکەکانت..
## ختوکەیان دی بەسەری زمانم...

جەزا چنگیانی

کە تۆ هاتی منت بۆ شەوێکی تەنیایی خۆت خواست ئیتر چۆن بتوانم بڵێم نا.. کە تۆ هاتی بۆ لام. شەو بوو... من تەنیاو ژوورەکەم تاریك. کاتەکانی بێ تۆ تەنیا پێکە خنجیلانەکانی ڤۆدگا نەبێ. کەس نەبوو لێوی لە لێوم بنێ. کارت ساز بێ، جێگەت بەهەشتە خەیاڵاوییە خۆشەکەی محەمەد بێ. کە تۆ هاتی لێوەکانت جێگەی لێوە خنجیلانەکانی ڤۆدگاکانیان لەسەر لێوم سڕیەوە. لێوی ئەوان تاڵو تۆرت بوو لێوی تۆش سوورو نەرمو تەڕ. بۆنی دەمت ئەوە مەگەر هەر ڕۆحم پێ بزانێ چۆن بوو. نەك لێوەکانت بۆ ماچە مەستیەکانم تەڕ هەڵگەڕان. زۆر نیان بووی کە سەرتاپای بەرگەکانت تۆڕدا، تەنیا دەرپێ قەلانجێکەی بەرموسەڵانت لەبەرتا ما. ئەویش تاکێکی گڕکردنی شەهوەتی منو تیشانەی گەرمی ئالۆشی ناو گەڵی تۆ



بوو. بە پشتا بەسەر ڕانەکانما کەوتی، وتت: ئەوە سەرتاپای لەشم. ئەوە گۆپکەو زمانە تووتەی ناوگوڵم. ئەوە ڕۆح. سەری زمانو پشتی سمت. هەموو گیانم پێشکەش بە تۆ. با ئەم شەو لە ڤۆدگاوە بگۆڕین بە بەزمی نوێ. من شەیدای قژی ڕەشو سنگی زبرو ڕێواسی قەد قەوی ئاوداری ناو گەڵی تۆم. تۆش دیوانەی قژی زەردو نەرمی گۆپکەی سمتو بۆنی لینجاوی چاڵی بەرمووسەڵانی منی. وەرە ڕەنگەکانمان تێکەڵاوکەین. شەوە ڕەشەکەمان بە ڕەنگی جیاواز ڕەنگکەین. بە دەستی خۆت دەستی منت خستە سەر گڕمۆڵەکانی سەرسنگو لە جیاتی ڤۆدگا بە ختوکەی گۆپکەکانت لە من زیاتر مەست بوویت. شەوێکی مەستو زۆر ڕووتمان گرێدا. هەر ئەو شەوە ئەم حەزە ووردیلەییە ئۆرۆتیکەم لەسەر جەستەو مژینی گۆپکەو تەکانی ناوگەڵی لینجی تۆ.... بۆ تینوەکانی ووڵاتە داماوەکەم دانا.

٢٠٠٥/٦/٣

سان پیترسبۆرگ

# کچی ئاسمان

ئەستێرەیەکی خونچە تەمەن لە ئاسمان یاخی بوو... وتی:
باوەشی ئەم ئاسمانە بۆ باڵەفڕیی حەزەکانی من زۆر تەسکە. لە تەك دەستە ئەستێرە چاوگەشەکانی خوشکی کەوتنە دووان.

خوشكان وتيان: هيچ ئاسمايّكى تر لەم ئاسمانەى ئيّمە فراوانترو ميهرەبانتر نيە ئاوا بە سۆزەوە لە باوەشمان بگرێ. تۆ چيت دەوێ؟ چۆن دەتوانى بلێ ئەم ئاسمانە بۆ باڵە فڕى حەزەكانت تەسكە.؟ بڕوانە تا چاوبڕكات ئاسمانە. لەهەر سوچيّك. لە پانتاى هەر بستيّك. لە لوتكەى هەر هەوريّكدا هەوارى حەز هەڵدەى.لە زەوييەوە چاوى گەشت دەبينرێو ملوينەها عاشق تيشكى چاوى يارەكانيان بە تيشكى چاوى تۆ دەنويّنن.. لەمە زياتر چيت گەرەكە؟

كچى ئاسمان وتى:من گەرەكمە لە باوەشى هەورە سپيەكانى دراوسيّمان. لە ئاميّزى ئاسمانى شينو فراوان... بترازيّمو سنگى تەسكى زەبرى پياويّكى گەنمڕەنگ. لە ئاميّزم بگرێ. تا سەرماو سۆڵەى ئاسمانى بێ هەناسەى نيّرينە لە جەستەو ڕۆحم دەرچێ. ئاى خوشكانم ئيّوە چەند گەوجن. تەمەنى خۆتان لە نيّوان هەورەكاندا بەبێ بۆنى سنگى زبرو مژينى شيرئاوى پياو گوزەرپيّدەكەن... پيّم ناڵيّن ئيّوە چۆن لە ژيان گەيشتون؟؟؟ من ويّڵى مافە سروشتيەكانى جەستەو ڕۆحى خۆمم. نامەويّت تەمەن لە تەلارى باڵابڵندى هەورە تەنياكاندا بتاسيّنم. من نامەويّت تيشكى جوانيم بە كەشخەوە بشيّويّنم... من گەرمكە هەناسە بە ڕۆحى بزيّوى عەشقم بدەم.

هەموو ئەستيّرەكان كەوتنە گەمەو پيّكەنين.

وتيان: تۆ گەوجى ئاسمانيّك كە گشت جيهانى لە باوەش گرتووە. بۆ بازى حەزەكانت تەسكە؟ خەو بە باوەشى تەسكى



توكاوىو زبرى پياويّكەوە دەبينى كە چەند بستە...؟؟؟ ئەمە سەيرە!

كچى ئاسمان گوێى لە دەستە خوشكە چاو گەشەكانى نەگرتو لە ياساى سروشت ترازا... لە قوڵايى ئاسمانەوە بەرەو زەوى كشا... بۆنى دەروونى زۆر شارى كرد.... لە ناو شارەكانى گشت دونيادا. تەنيا هەناسەى شارى (سان پيترسبۆرگ) چەمانيەوە. لە شەقامى (ميّچمانسكاى)و لەبەر قەدى ساختومانيّكى چەند نهۆميدا بۆنى بنباخەڵو سنگى پياويّكى تەنيا. ڕۆحى ڕاكيّشا. لە درزى پەنجەرەى ژوورى نوستنەكەوەچووە ژوورىو سەرتاپاى لەشى ڕووتى پياوەكەى ليّبوو بە پارچە هەنگوينيّكى گەنمڕەنگى بەهەشتاوى. بە ئەسپايى خۆى خزانە ناو پيّخەفەكەوەو باڵاى تەزيوى خۆى لە باڵاى گەرمى ڕووتى پياوەكە ئاڵاند. لە خەوى تەنياى ڕايچڵەكاند. پيّكەوە زۆر بە تيژى. تەڕايى جەستەى يەكيان مژى. لەدواى ئەو شەوەوە بوو بە يارى هەميشەيى. لە هەر بوونيّكدا (ئەنەستا) ببينرايە. خەڵكى سەيرى چاوى ئەستيّرەيان دەكرد. كە قژەكانى دادەهانى وشە سوورمەى ئەستيّرەى ليّدەتكا. كە هەناسەى دەدا. بۆنى ناخى هەورە سپيەكانى ئاسمان لە دەمى دەهات. كە لە ئاست تەكانە سيّكساويەكانى هاوڕيّكەيدا ڕۆحو جومگەكانى جەستەى ڕەحەت دەبوو. لە چلەى هاوينيشدا بوايە ئاهى دەروونى دەبوو بە شەهوەتى خوا (هەورى سپى) ئاسمانى (سان پيترسبۆرگى) بە بارانى ڕەحمەت دەگرت....

# جگەرەو حەز

تکایە جگەرەیەکم بدەرێ.

زۆر دەمێکە سەرنجت دەدەم نە تەپڵەکی جگەرەت لە بەردەمیدایەو نە پاکەتو شقارتە.. تۆ جگەرە کێش نیت...

جگەرەت بۆ چیە؟ هەمووی زەهرە.

من جگەرە کێش نیم... دەزانم جگەرە گشتی زەهرە. دەمەوێت ئەمشەو ئەو زەهرە بنۆشم... تا بە هۆیەوە لە تەك تۆدا قسە بکەمو بتناسم.

بۆ جگەرە؟؟؟؟ ڕێگەی ترت شك نەبرد؟

جگەرە ئاسانترینو هەرزانترین داخوازیو ڕێگەیە. من دەگەیەنێتە لای تۆ... من دڵنیام ئەگەر داوای قوومێ لە شەرابەکەت بکەم. پەسەندی ناکەیت. ئەگەر بێ جگەرە داوای گفتوگۆت لێبکەم. سەربادەدەی.. ئەگەر ڕاستەوخۆ بڵێم حەزم لە ماچێکی لێوتە. نەك پەسەند... تورە.. زللەیەکم لێدەدەی.

خۆ ئەگەر بە ڕاشکاوی باسی حەزی سیکسو ماچو تەکان ویستی ڕۆحی خۆمت بۆ بکەم. ئەوە لەم بارەدا توورەم دەدەی؟

کەواتە.. جگەرە ئاسانترین. هەرزانترین. کورترین. پردە من دەگەیێنێتە لای تۆ.. جگەرەیەکم بدەرێ. با پێکەوە ئەو زەهرە بۆ ساتێ بە سییەکانمان بپژێنینو بە هەردووکمان چەند ڕستەیەکی گفتوگۆ هەڵبەستین.. گۆڵاوی ڕۆح بە ڕووی چرکە تەنیاییەکانماندا بپژێنین.. بەڵام تۆ جوانییەکەت... باسی خۆشەویستیم بۆ بکە نەك سیاسەت.



# ماچە فشاوییەکانی ژووری نووستن

ئیمشەو گلاراوگرتمیو حەزم بوو حەزی من بۆ مژینی لێوەکانی تۆو حەزی تۆش بۆ ڕەنگی سووری لێوەکانو دیکۆری ڕووت بپێوم، هێندە ڤۆدگام دەرخواردی سنوری مەستی خۆم دا تا تەڵەیەکی مەستاوی بۆ لێوە سوورکراوە شەهوەتاوییەکانی تۆ بنێمەوە. لە ژێر گرمەی هەوری مۆسیقا بڵندە سێکساوییەکانی دیسکۆکەدا چەند جارێك دەمم هانیو لێوەکانم لەبەر دیدەی تۆی لێو سووردا تەڕایی حەزیان پژاو وشك هەڵگەڕان بە درێژای شەوەکەو تەمەنی سەماکەمان تۆی کەشخەچیی لەبەر کاڵنەبوونەوەی ڕەنگی سووری لێوەکانت باڵی پەپولەی ماچەکانی منت سووتانو ماچێکت نەدامێ. کوامامان لە تەك ڕۆحو خۆشەویستیدا ڕاستگۆین؟ منی شەیدای مژینی لێوەکان یان تۆی شەیدای ڕەنگی سوورو دیکۆری ڕووتت؟؟؟؟ کە باڵی پەپوولەی ماچەکانم لەبەر پێتدا بینیو تەمی غەمێکی تەنك سەر لێوەکانتی نەگرت. زانیم هەموو ماچەکانی لێوە بێ سووراوەکانی دوێنێ شەوەی ژووری نووستنەکەمان گشتی فشەو درۆی کاتپەڕین بوو.

# ئاڵۆشی تۆ تاوانە؟ یان.... پاداشتی خوا؟؟؟

خوا هەبێ یان نەبێ.. مادام ئەم بوونە هەیە... کەواتە بوونێك هەیە. ئەو بوونە خوایە؟ سروشتە؟ یان هەردووکیانن؟؟؟ یان دوو یەکەی جیاوازن؟ ئەمە گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە بوونێك هەیە . کە گرفتێکی قەبە یەخەی جەستەو ڕۆحت دەگرێ.

توانای بێدەنگیو زۆرانت دەپسێ. بۆ ڕزگار بوونت پەنا دەبەیتە بەر توای خوا. کەواتە تۆی شۆخی بێئاگا لە ڕەنگو تواناو باڵاو بوونی خوا. بڕوات بە خوا هەیە. کە ئاڵۆشی ڕۆحت ناوگەڵت دەکا بە شیلەی پشکۆیەکی لینجو بە تەنیای تاودەدەی. ئەو ئاڵۆشە تاوانی خوا نییە پاداشتێتی. کە بە شەپۆلی نیگای سیکساویو پڕژەی زەردەخەنە. منی ناوگەڵ زبرت بۆ لای خۆت ڕاکێشا. هەڵاوی نزاو پاڕانەوەکانت لە یەزدان هەڵمێکی سپی بوو لە جەستەت هەڵدەسا... بۆیە کە پەلاماری جەستەی تووکاویو ناوگەڵی قەدقەوی منت دا. تا دوا تنۆك تێر شیرئاوی ڕۆحی منت مژی تاوانت نەکرد. کفرت نەکرد. ویستی خوات جێبەجێکرد. من دەزانم تۆ تەنیا بە نێرینەیەك ئۆقرەت ناشکێ. ئەمەش تاوان نیە دیاری خوایەو بە بایلۆژی تۆی بەخشیوە. شتەکانی خوا هەمووی جوانن ئەم ئاڵۆشە سێکسیەی تۆش شارەزای خوایە. خانمەکەم ئەگەر لە جەستەی من تێرت نەخوارد بڕۆ بۆ لای ئەو جەستەیەی تەکانەکانی لەهی من گەرمترو خێراترو بە گڕترە. ڕیواسەکەی لەهی من قەوی ترو ئاودارترە منو خواش زویر نابین... چونکە ئەمە ئەمەکە بۆ بەرزی خواو ئارامی ڕۆحی من. لە کاروانە تەکانەکانی دوێنێ شەوەوە تێگەیشتم. زۆر شارەزای تلو تەکانو ماچو مژینی.. دیارە پێش من تامی زۆر ناو گەڵی توکاوی زبرو قەد قەویت مژیوە. ئەمە گرفت نیە. گرفت جیاوازییە. جیاوازیش لە نێوان (ئێستا... ڕابردوو... داهاتوو)دا.... تۆ لێیان ناگەیت!!



# چاوە گریاوەکان پێکەنین

باران

بەبەر باراندا دەڕۆیشت، هێواش هێواش هەنگاوی دەناو بە وردی سەیری ئەو دڵۆپانەی دەکرد کە دەکەوتنە سەر قۆڵی. دەستی بۆ هەورەکان دەگرتەوە تا بڕێك زیاتر باران لەسەر لەپەکانی دەستی بمێنێتەوە. چاوەکانی دەنوقاند و بەرکەوتنی دڵۆپەکانی بارانی لێ دەبوو بە بەرکەوتنی دەستی ئەو، چاوەکانی دەکردەوە بارینی دڵۆپە فرمێسکەکانی چاوی لە باران خێراتر دایان دەکرد. لەگەڵ خلیسکاندنی هەر دڵۆپێکی باران لەسەر قۆڵەکانی دادەچڵەکی.

لە خەیاڵدا نەبوو، بەڵکە خەیاڵی هەر لای خەنەوکانی جارانی و ئەو ڕاستیانە بوو کە بە ئاگایان هێنایەوە. ئەو خەونانەی کە گەیاندبوویانە لوتکە و، ئەو ڕاستیانەی کە بەبێ پرس و بێ پەروا تلیانکردەوە. ئەمڕۆش وەك جاران دەچووە ژوانی تاقە دارەکە، ئەو دارە زڕەی لە ژێریا خەونەکانی دیبوو، وشە بە وشەی نامەکانی ئەوی بۆ خوێندبۆوە و باسی بۆنی خاك و سکاڵای ڕەقیی بەردی لای کردبوو. دەبێ بچێتە لای و بەسەرهاتی سەفەرەکەی بۆ بگێڕێتەوە، ئەو سەفەرەی کە لە

ساتێکی پڕ دڵەڕاوکێ و بە ڕۆژانێکی پڕ ترس و شەوانێکی پڕ لە ڤیروسیا، بڕیاری بۆ دابوو. خەمی بوو بەرگەی ئەو تێڕوانینانە نەگرێ و شکاندنەوەی تیشکی گومان و بەزەیی لە چاویاندا هەپڕوون بە هەپڕوونی بکا. ئەم دڵنیا بوو لەوەی کە ئەو سەفەرە واتە گۆڕان، واتە یەکلایی بوونەوە و بە تەم بوونی بەڵێنە ناڕاستەوخۆکان!

دەبوو گۆڕان ڕوو بدا، ئامادە بوو بەرەنگاری هەڵوێستەکان ببێتەوە و دەیویست بە ئەنجامەکان بگات. بەڵام سەخت بوو لە بەڵێنەکانی ئەو خۆش بی٘و خۆی لە خۆر گیران بە دەستی مرۆڤ بێدەنگ بکات! تاوان بوو لای تاقانەترین کۆرپەی خۆشەویستی لەبارببات!

- هەست بە بوونی گیانێك دەکەم، گیانێك لە بیابانێکا تینوو، تەنیا، تاساو... بە جەستە لە مرۆڤ دەکا و دوو باڵیشی هەیە بێهێز... سڕ کراو! قوڕگی پڕبووە لە خۆڵی بیابان، چاوەکانی لێوان لێون لە گریان، سیمای تێکەڵی گەردەلوولی تۆزە، ڕۆحێکی نامۆیە بە ژیان.

تۆ ئەی تاقە دارەکە، چیتر ڕێ مەدە وەك جاران خەون لە ژێرتا ببینم، چیتر مەهێڵە تەکبیری ژوانی ئەوت بۆ بکەم. لە بیرتە؟ کاتێك یەکەم پەیامیم پێگەیشت چەند بە سانایی باسیم لێوەکرد! ئەی ئەو کاتانەی دەمگووت مەحاڵە من لە دڵی خۆشمدا بڵێم خۆشم دەوێت! ئەی ئەوە چ کاتێك بوو گووتم خۆشم دەوێت؟! خۆشم دەوێت و دەمەوێت زەوی و ئاسمانی لێئاگادار بکەم! پڕ بە دڵ حەز دەکەم لەگەڵ گەیشتنم بەهەر



کەسێك، گوڵێك، مەلێك... باسی ئەوی لە لا بکەم. بیرتە؟ باسی ئەوێم بۆ دەکردیت، ئەوێ و سەردەمی منداڵی، ئەو منداڵیەی خەونی گەورە بوونم تێدا دەبینی، گەورە بوونێك٭جوناسان٭ ئاسا "ئامانجێکی بەرزتری لە ژیانی ئاسایی تێدا بدۆزمەوە، لە گەلەو، داب و نەریت و یاسا سواوەکان یاخی بم و لە ڕێی کامڵبوونی ئیرادەی ڕۆحی بەرزەفڕەوە شەوەزەنگەکان ببڕم و لە هەڵدێرە سەختەکان بپەڕمەوە" باسی ئەوێم بۆ دەکردیت، ئەوێ کە شەرمی شکاندم، لە مانای زۆر وشەی گەیاندم، ئەوێ کە لە قوڵپی گریانا خەندە و لە نێڵەی ئاگرا بەستە و مەست بوون بە بۆنی گوڵ و خۆڵی و لە بۆشایی بێدارییا هیوای پێناساندم.

ئەم سەفەرە کە چوومەوە، ئەوێ یەکجار نامۆ بوو پێم! یاسا سواوەکان لەوێش وەکو داڵێکی برسی بێ ڕەحمانە بەردەبوونە جەستەی ڕووتم ونجڕ ونجڕیان دەکردم. چاوە بزەکانی داب و نەریتش بە ڕۆژی ڕووناك دەیان تۆقاندم، هەر بە گەیشتنم نهێنی خەیاڵێکی خاویان لا درکاندم!

- بەخێر بێیتەوە، شارەکەت ڕووناك کردەوە، چیتر شەو نابینین لێرە، یاخوا بەخێر بێیتەوە.(لەگەڵ ئەم قسانەدا بە دوودڵی دەستی هێنا تەوقەی لەگەڵ کردم!)

+ بژیت سوپاست دەکەم، تۆ بەخێر بێیت، شار بە خۆتانەوە ڕووناکە.

ئەمەم گووت و دوور لەو دانیشتم؛ دەزانی چۆن؟ چاوەڕێی نامەکانتم دەکرد، بەبێ ئۆقرە دادەنیشتم چاوم لە سندوقی

پۆستەکە نەدەتروکاند. کاغەزەکانم دەردەهێناو دەستم دەکرد بە یاری ناپلیۆن جارێك، دووان، دە... بەو مەبەستەی بزانم نامەتم پێدەگات یان نا! ئەو کاتانەی ناپلیۆنەکەم بۆ دەرنەدەچوو دەمگووت من بڕوام بەم ئەفسانانە نییە، ئەمە تەنیا یاریەو هیچی تر. ئەو کاتانەش کە یاریەکەم بۆ دەردەچوو، دڵی خۆمم پێخۆش دەکرد، دەگات پەیامیم پێدەگات. هەر کە گوێبیستی دەنگی پۆست دەبووم، لێدانی دڵم خێراتر دەبوو، بەپەلە دەچووم سەیری نامەکانم دەکرد. هەر بە بینینی ناوی تۆ بەرز دەفڕیم، لەو بڕوایەشدا بووم کەس بەو جێگایە نەگەیشتبێت کە منی لێم. تا لەگەڵ نوسینەکانتدا دەبووم لەسەر ئەستێرەیەکی دی بووم، ئەستێرەیەکی پەمەیی دوور لە ڕەشی، دوور لە ڕەقیی، دوور لە مرۆڤ سالاری... ئەو کاتانەی کە نەشدەهاتیت ژان پاڵەوانی تراژیدیا ترین شانۆ بوو بۆ ژیان، جەستەشم بۆ ڕۆحم گۆڕستان.

- دەی من کاتم درەنگ کرد دەبێت بڕۆم، جارێکی تر بەخێربێنەوە، خۆشحاڵ بووم بە بینینت، ئاگاشمان لە یەك دەبێتەوە.

+ ئا، بێگومان ئاگامان لە یەك دەبێتەوە! منیش شادبووم بە بینینتان!

ئەو ڕۆی... کە ڕۆی ئینجا هەستم کرد ئەو لەگەڵ من لەوێ بوو بوو!! گلەیی ئەوەم لە خۆم کرد کە بە درێژایی کاتی دانیشتنمان گوێی لە دەنگم نەبوو! ئەمگوت بۆچی قسەم نەکرد. خۆ ناشزانێ من بەبێ دەنگ باسی چاوەڕوانی و پێکەنین و گریانم لەگەڵ نامەکانیا بۆ دەکرد! ئەو کە ڕۆی،



بە ڕۆیشتنی تەنیا لەو ژوورەیا جێی نەهێشتم، ویستی پێم بڵێ بمبوورە چیتر ناتوانم لەسەر تەختەی شانۆی خەونەکانمان ڕۆڵ ببینم! ڕۆیشت، لەگەڵ بەڵێنە بێنازەکان و ئەو دەقانەی کە لە قولایی بیرما تۆوی کردبوون بەجێی هێشتم. ئەو ڕۆی، چونکە ئەو پابەندی داب و نەریت و یاساکانی گەلە بوو لەوێ. پێی وابوو ئەگەر یاخی ببێت لێیان ژیانی یەکسان بێت بە نائارامی، سەرەڕای زیزبوونی ئازیزان!!! دەیگوت خۆشەویستی بە تەنیا بەس نیە، باشتر وایە ڕازی بین بەو فەرمانە نەویستانەی کە گەلە چەسپاندوێتی بە سەرمانا! ئەو کەسێکی گوێڕایەڵ یان بە ڕووکەش گوێڕایەڵ بوو بەرامبەر بە یاسا سواوەکان. منیش سەرشێتێکی یاخی، بریندارترین گیان بووم بە دەنووکیان! نەمتوانی لەگەڵیان ڕێ بکەم. ئاخۆ لەبەر بێهێزی باڵەکانی گیانی من بوو؟! یان بێهێزی ویژدانیان؟!!!

دوایەمین جار کە بینیم هات ماڵئاواییم لێبکات،( ئەمجارەیان پێش ئەوەی هیچ بڵێت دەستی هێنا تەوقە بکات!)

- هەر دەڕۆیت دەڕۆیت، حەزمان دەکرد زیاتر لە لامان بویتایە، من دەزانم پەشیمان دەبیتەوە، بیرمان ئەکەیت. یەکەم جار بوو لە نزیکەوە سەیری چاوەکانی بکەم، دەستیشم هەر لە دەستیا بوو..

+ لە لاشتان بم بیرتان ئەکەم

باران بەردەوام دەباری، کاتیش درەنگ بوو، ڕووناکی لە ئاسماندا نەمابوو. دوو پاسەوان بە لایتەوە بە گۆڕەپانەکەدا دەگەڕان بە ڕێکەوت کچێکیان بینی قۆڵی لەسەر ئەژنۆی و سەریشی لەسەر قۆڵی، لە ژێر دارێکا دانیشتووە. لێی نزیك

بوونەوە ڕووناکی لایتەکەیان خستە سەرو بانگیان کرد وەڵامی نەبوو.

- پێدەچێت بارانی ئەمڕۆ هەر بەسەر ئەم کچەدا باری بێت! هەموو گیانی ئاوە.

+ ئاگاشی لە خۆی نەماوە، خێرا ئۆتۆمبێلەکە ئامادە بکە دەیبەین بۆ نەخۆشخانە.

بەڵام کات تەنیا بە تاریك بوونی ئاسمان درەنگ نەبوو، کات بۆ گەیاندنیە نەخۆشخانە درەنگ تر بوو!

- لە ئەنجامی بە توندی ڕووخانی دەروونی، تووشی خوێن بەربوونی ژێر پێست بووە. کاتیش درەنگە بۆ چارەسەر، دلگرانم بۆی..

کاتێك گوێی لە قسەکانی پزیشکەکە بوو، لە خۆشیدا لێدانی دڵی خێراتر بوو! یەکەم جار بوو دوای سەفەرەکەی هەست بە بوونی خۆی لەسەر ئەستێرە پەمەییەکە بکات، ئەو ئەستێرەیەی کە لەگەڵ پەیامەکانی ئەودا دەیگەیشتێ! دەیویست پێیان بڵێت دلگران مەبن، چونکە گەر ئاوا نەبوایە، دەبوایە من باڵاترین خۆشەویستی، نازدارترین ساوای عەشقم بە دەستی خۆم بکوشتایە بە پێی یاسا چەسپاوەکان، من دڵخۆشم بەوەی ئیتر تا هەتایە کۆرپەی خولقاو، دروستبوو لە تەم، ئاگرو ئاو، لەگەڵ ڕۆحمدایە دوور دوور لە چاوە بزەکان، ئاوێتەی گیانمە لەوێ، دوور لێرە، دوور لە کارلێك لەگەڵ گومان.بۆ ئەوەی گوزارشت لەمە بکات چاوەکانی هەڵبڕی، سەیری پزیشك و پەرستیارەکانی کرد و هەر بە چاو بە نەرمی پێکەنی...

٢٠٠٣/٠٧

ستۆکهۆڵم/ سوێد



# بستێ لەملای بەهەشتەوە
# نا بستێ لەملای دۆزەخەوە

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

**مرۆڤ بۆ سەرکەوتن هاتۆتە دونیاوە ،لەناو دەچێ.بەڵام قەد نادۆڕێ**

**هیمینگوای**

### بۆ هاوژینی جوان و ئاکەی جوانەمەرگ

ئێوارەیەکی درەنگ بوو، لەگەشتەکەمان گەڕاینەوە ،لەبەر خۆمەوە گوتم:(بریا بچوینایە تەئەزمڕ) هەرچەندە لەوەبێگومان بووم کەخۆزگەی داری حەزم شیناکات، ئەی بۆچی ئەم قسەیەمکرد؟!خۆشم نازانم. ڕەنگە هۆیەکەی ئەوەبێ ئێمە ئولفە تمان بەهەندێ قسەوە گرتووە. هەندێ قسەدەکەین کەبێمانان ،ئەوەتا دایکم دەڵێت: چای مایە ناخۆیت ئێ گوتمان(چا) مانای هەیەو ناوە بۆ خواردنەوەیەك، ئەی(مایەك) چییە؟! هاوڕێیەکم گوتی دوێنێ کە ڕۆیشتمەوە باوکم لێم تورە بوو، دوو زللەی لێدام و گوتی: چۆن بزانم شەڕێ مەڕێکت نەکردووە. ئەمانە قسەگەلێکی باوی نێو خەڵکن و بەمن چاك ناکرێ، کورد واتەنیش (عام لەگەڵ من

یان من لەگەڵ عام) بێگومان دەبێت(من لەگەڵ عام بم) کەواتە
با بێدەنگ بم و قسەیەك لەم بارەیەوە نەکەم.
بائەوەندە لە بازنەی باسەکە نەچمە دەرەوە، بێمەوە سەر ڕاستەڕێو، چیرۆکەکە بەرەو چەق بەرم و، لەوێشەوە بۆ کۆتایی، وەلێ هەندێ جار ناچار دەبم کە قسەی لابەلاش بکەم چونکە لێم دەئاڵێن و، لێم نابنەوە، ئەگەرنا، نەدەبوو ئەوەندە درێژە بەم باسە بدەم چونکە خوێنەری سادە دوای خوێندنەوەی ئەم نوسراوە تورە دەبێ و،بەخۆی دەڵێت(ئەمە چی بوو من خوێندمەوە مردنی کەسێك و شەیدایی دڵداری بۆ دیتنی یارەکەی ئەوە دەهێنێ؟) وەلێ گەر من وەڵام بدەمەوە دەڵێم(بەڵێ..زۆرلەوە زیاتریش دەهێنێ!!).
ئەو رستەیەی من کردمە دەروازەی باسەکەم ئەسڵی نیيە چونکە ئێوارە درەنگ نەبوو، هێشتاکە بانگی عەسری نەدابوو ئیدی چ درەنگی‌یەك؟!وەلێ مامۆستاکانمان دەیان گوت:خۆتان بپێچنەوە با بگەڕێینەوە نێو شار، ئێوارەیەو درەنگە، بەهەر حاڵ منیش لە زاری وانەوە گوتم(ئێوارەیەکی درەنگ) گەراینەوە نێوشارو، لەدەرکی خوێندنگەدا پاسەکان وەستان و،هەموان خواحافیزیمان لەیەك کرد، بەرەو ماڵ بوینەوە.
هاوبەشی هاوڕێم گوتی(چی‌یە بۆوا بێتاقەتی..دەڵێی پاپۆڕەکانت غەرق بوون) ئەو نەیدەزانی من لەبیری چیدام..من خۆزگە بۆچی دەخوازم..پاش کەمێك بێدەنگی پێم گوت(هاوە گیان..خۆزگە دەخوازم دەڵێم:بریا هاوەم لەگەڵ بوایە، بۆ ئەوەی گەشتەکەمان ئەوەندەی دی جوان بوایە، بەرلەوەی هیچ



بپرسیت خۆم وەڵامت دەدەمەوە، مەبەستم لە هاوە ئەو کچەیە خۆ تۆمان لەگەڵ بووی، من بیر لەوە دەکەمەوە بۆچی ئەوم بەقەدەر تۆ خۆشدەوێت لە کاتێکدا تۆ دوازدە ساڵە لەگەڵ ئاکەیا هاوڕێمیت کەچی ئەو بۆ ساتێکیش هاوڕێم نەبووە..تەنیا لە دورەوە یەکمان بینیوە )بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دامەوە(کوڕی باش تۆ بڵێ دە ئەوەندەی تۆم خۆش دەوێت..ئەمە عەشقە..عەشق، بەڵام بەرلەوەی بڕۆم قسەیەکت پێ دەڵێم، ئەویش ئەوەیە کە لەبیری سبەینێدا بە چونکە دوێنێ تێپەڕی و ئەمڕۆکەش واخەریکە دەڕوات).
بەتەنیا مامەوە، هەرخۆم ملی رێم گرتوو نغرۆ لەنێو ئەم دنیای خەیاڵاتەدا بووم تا گەیشتمە ماڵ، سڵاوم لەدایکم کردوو ویستم پێڵاوەکانم دابکەنم دایکم گوتی بڕۆ جوابی ئەو تەلەفۆنە بدەرەوە دەمێکە زەنگ لێدەدات.
-بەڵێ فەرموو..
★هێمن گیان، ئەوەتۆی بەپەلە خۆت بگۆڕەو، وەرە بۆ گردی سەیوان.
-سەیوان بۆ؟!
★تا بەشداری لە ناشتنی تەرمێك بکەیت..لەمە زیاتر لێ مەپرسەو وەرە.
-تاپێم نەڵێی کێیە نایەم.
★من وادەڕۆم..هاوڕێیەکتە..کەسێك کە دوانزە ساڵە هاوڕێتە.
تەلەفۆنەکەی بەرومدا داخست، بەرلەوەی بزانم کێیە، شۆلاوگەی فرمێسك بە رومەتمدا هاتە خوارەوە..هێز لە

ئەژنۆکانم برا..تۆ بلێی هاوبەش بێ..نا..خۆ چارەکە سەعاتێك لەمەوبەر ئەوم لەگەڵدابوو.

هەرچۆنێك بوو بەرێ کەوتم بۆ سەیوان هەر لەدورەوە پیاوێك قیڕاندی ئەوە هاورێ دوانزە ساڵانەکەیەتی واهات پەلەمەکەن، بۆم روون بۆوە ئاکامی هاورێمە مردووە بەڵام چۆن؟!ئەوە با بمێنێتەوە بۆ دوایی چونکە ئێستاکە نایزانم.

بەدەستێکم چمکێکی شانیم گرتوو بە دەستەکەی دیم هەردوو چاوم، زۆر نیگەرانی مردنی بووم، وەلێ ئەوەندەی دیکەش نیگەرانی یادگاریەکانی بووم و حەزم دەکرد لەگەڵ خۆیدا بینێمە چاڵ بۆ ئەوەی ئازارم نەدات بەڵام نەمتوانی دنیایەك یادگاری جوانمان هەیە..دوانزە ساڵ هاورێیەتی بەڕاستی گاڵتە نییە!!

کاکی دەستی کردە ملم و وتی( ئێستا تۆ ئاکەیت) دامە قوڵپی گریان و بەحاڵ نوزەم دەهات، زۆر هەوڵمدا تابزانم ئاکە چۆن مردووە..بەڵام گریان و لەرزینی بەردەوامم رێگەی نەدام..ئەو هەستی کرد کەمن دەمەوێت چی بڵێم و بۆم ناگوترێت، بۆیە هۆی مردنەکەی بۆ رونکردمەوەو گوتی(ئاکە رەق بۆتەوە..ئەی بیرت چووە ماوەیەك لەمەو پێش هات خواحافیزی لەتۆ کردوو ملی رێی هاندەرانی گرتەبەر)نا بیرم نەچووە بەڵام ئەوەندە شڵەژاوم هیچم بیر نەماوە ..چیتر نەوەستام قسەم بۆ بکات، بەرەو ماڵ گەڕامەوە، هێزم نەبوو پێڵاوەکان و جلەکانم دابکەنم، هەربۆیە چومە ژوری نوستنەکەمو، هەوڵمدا خەوم لێ



بکەوێت..وەلێ بەداخەوە بیرەوەرییەکی بەرلە کۆچەکەی لێم ئاڵاو، خەوی لێ زڕاندم.

(هێمن گیان..هاتووم سڵاوێکت لێ بکەم، سڵاوێ بەرلە کۆچ نەوەك ئیدی نەت بینمەوە، من دەڕۆمە هەندەران، بەکۆچی من کچێکی دیکەش قەیرە دەبێت..توخوا دوعام بۆبکە دوعایەك یان بگەمە هەندەران یان بەزیندویی نەگەڕێمەوە، بەمردوویی قەینا ).

نەمدەزانی چی بکەم، هەستم دەکرد خۆزگە بەرەو کەنارەکانی بەهەشتم نابا چ جای بەهەشت، بیرەوەریەکانیش بەرەو کەناری دۆزەخ راپێچی دەکردم، باش بوو فریای خۆم کەوتم و، حەبێکی ڤالیۆمم خوارد ئەگینا بەرەو دۆزەخ دەچووم ئەم ساتەم بەتەواوی لێ تاڵ دەبوو، ئەو ساتەی بستێ لەملای دۆزەخ و بستێ لەولای بەهەشتەوە بووم، نەمدەتوانی لەهیچیان هەڵێم بۆیە نێوانیانم هەڵبژارد.

# ئیمپڕاتۆریای ژن

**دلشاد کاوانی_شەقلاوە**

دوای ئەوچەند ڕۆژەی بەپرچی ئاڵۆزکاووسگی برسی ولاشەی نیوە خوێناویەکەت بریارت دا دواین نوێژی پاك بوونەوەی ئابڕووچوونەکەت لەبەردەم یەکێك لە ماکەوەچیایە حەبیسەکان بکەیت ،کە بە قورمەی ڕاوچیکەوە وەکووخۆت نیوە گیان لەژێردەوەنەکەدا لەخوێن سوورکرابوو: منی نەزان و کلۆڵ پاش لەدەستدانی تەواووی خەونەکانی هەفرەسە بڕیاری خۆم داوە هەموو شتێك دەربارەی زانیاری ڕاپەڕینەمەزنەکانی ژن‌و یاخیبووەکان لەبەردەم دادگازۆرەملێکانی پیاودا هەڵڕژم چون ئێمە مانان شایەنی ئەوەین، بمانچەوسێننەوە ، بکردڕێن بفرۆشرێن، یان بمان سوون ، بمان خووزن، یاخودبە هەرلاییێکدابمان جوونەوە،چونکە هیچێك لە مانای ڕۆژگاری‌حەسرە تە ماندوەکانی سەردەمی کۆن تێنە ئەگەیشتین ، وەبەردەم وەرزە ڕەنگینەکانی سروشتداتێپەڕین تەنیا نیوە ئاوڕدانەوەێکی خێراشمان بۆدواوە نەئەدایەوە ، لەحەقیقەتە تفتە کانی ژین حاڵی نە ئەبووین ، هەمیشە بۆتێرکردنی غەریزە کانی پیاو ئەچەماینەوە تفمان تێکەڵ بەشەهوەتە پەمەییەکانی خۆمان ئەکرد ، ئەلەوچاینەوە ، ئەپووکاینەوە ،سوژدەبەرانەبۆمرۆیەکان ئەفیچاینەوە،بەحەشمە تێکەوە ئەکرووزاینەوە، تا بەبەژنی حەزەگلاوەکانی پیاو



،هەڵدە زناین، بێ باکانەلە هەموو قۆناخبەندیە کانی زاوەزێدا ،ئەوان ڕەزگیان ئەناین و کەرگۆشیان ئەکردین ،ئێمەش پەسیرەئاساخۆمان خۆشمێترو شیرینتردەکرد . ئەو یەکەم ژن بوو کە خولیای سەیر سەیر ی لادورست بوو ، هەموو نهێنیەمەزنەکانی ژنی ئەپاراست، درۆ زەبەلاحەکان‌و نازە بێحەشوەتەکانی پەردەپۆش ئەکردن، هەمیشە دەیگوت :ژن کائینێکی مەزن و تووڕەو یاخیە،بەلاٌم قەدەروایە بەهەموان دەڵێن ژن .کەچی‌ئێمەش بێوەشمانە پیایدا ئەتریقاینەوە ، ڕۆژگار گشت ڕازە قووڵە کانی ئەویان بۆئاشکرائەکردم ،کە هیچ شتێکی لەئێمەو لە فسۆسە کانی تر نەئەکرد، گووناهێك بوو ناویان نابوو ژن گەرنامەخلۆقێکە جیابوو لەمرۆڤ ! بەردەوام بەرەو بەرزایی دژبە هەوەرە تیروسەرشێتەکانی کوڕان وبرا، میردەکان و باوان هەڵدەکشا ئێمە دەمانوت :تۆ پاسەوانی خوایت بەسەر پیاوەوە.کەچی ئەو دەیگوت :سەرەتای دروست بوونی پیاوان بەشێك بوو لەفرتو فێڵ و تەڵەکەبازی شە یتان .ئەو پێی وابوو خۆشەوستی ئێمە بۆپیاوان گەورەترین خیانەتە دەرهەق بە ڕە گەزی مێ دەیکەین هەرگیزهیچ ڕۆژێ بۆتەنیا پیاوێکیشی خۆشنەویستووە، تەنانەت دەیوت :من لەکاتی شەیتانی بوونیشمدا پیاوم نەبینیوە. هەموو گوناهەکانی ئێمەشی دەخستە ملی دایکمان کە وچەییێکی باشیان نەناوەتەوە بۆیە دەیگوت :گشت نەهامەتیەکانی ئێمە لە ئەستۆی حەواخان دایە نەئەبوو بەسانایی خۆی دەقەبەڵ باوکەئادەم بکات‌و کچەکانی بە هابیل و قابیل بفرۆشێت

،خیانەتە...خیانەت..؟!. ڕقی لە هەموو نازکێك وجوانێك دەبووەوە دەیگوت :کچان جوان ونازك نین ئەمە گەورەترین درۆیە بۆمان هەڵبەستراوە بەچارەمان گرێدراوە. قەت حەزی بەجل وبەرگ وئاڵتون جوانی لەش و لارو قژ،بۆیە ،گولاو، ئارایشت نەئەکرد ،ئەحەی سەرژنانەش دیگووت :ئارامتان هەبێت هەمووئەو وەسواسیانەی هەفرەسەبۆ ژنان هەیەتی لەئێوارەیەکی درەنگ وبێدەنگ لەبەردەم مانگە شەوێکی ئەنگوستە چاودا دبینرێت مانای خەونەکانی دێتەدی. ئەحەسەرژنانە یەکەم پیا و بوو پەیوەندییێکی قووڵی لەگەڵ هەفرەسداهەبێت جێگای خۆی لە دڵی ئەو دابکاتەوە، ئەویش بەهەموو ئەو کردارەژنانەی کەئەنجامی ئەداقژێکی درێژی خاوو ملوانکەو دەست و بازنەو ئەنگوستیلانەکی پەنجە باریکەکانی جگە لەوەی خۆی بەنایێکی دەست ڕەنگین بوو لە مەکرو فیزی کچانەی کەنیشانی ئەدا، لەسەرووی هەمووشیەوە نەبوونی دەماری پیاوەتی جێگەی لە دڵی هەفرەسدا کردبووەوە دەشیانگوت :ئەو ماوەیەی کەلەڕۆژئاوادا ژیاوە مێردی بەیەکێك لە قووڵەڕەشەکانی باشورکردبوو. بۆیە کەم جار کاتێ ئەحەی ژنانەم بینی لەیە کێك لە ئارایشتگەکانی شار دابوو کە مەستانەی ڕووخۆش قژی بۆ خاوئە کردەوە منیش زۆر سەیرم لێ دەهات چون پیاوێك لە ئارایشتگای ژنانە پۆڕی دەبرێت ؟! کەچی مەستانەی ڕووخۆش دەیگوت: ئەمە پیاوە بەلام نا لەو پیاوانەی کە تۆ دەیان بینی . پاشان لەزۆر ئەو شوێنانەم دەبینی کەتەنیا بۆمێینەکان شیاون دواجار دووڕۆژبەر



لەڕووخانی ئمپڕاتۆریەت لە یەکێك لە گەرماوەکانی ژنانم چاو پێکەوت گوتی: هەمووشتیك تەواوو دوایمان هات خۆت دەربازکە هەرچەند ووتم ئەی هەفرەسە، مەستانە، گووڵدانەی حە مامچی...؟ هیچێك. ئەو بەرلەبوونیادو ڕووخان هەمو پێشهاتەچاوەڕوان نەکراوەکانی بۆلێك ئە داینەوە، خولیایە سەیرەکانی هەفرەسەی شیتەڵ ئە کردەوە، کوڕی یەکێك لە پیاوە دەوڵە مەندە کانی شاربووکە بۆ بازرگانی زۆربەی ولآتانی هەرێمە دورەکانی بینیبوو تێکەڵ بە چە دەها ژنان خاوەن جۆرە ژیانێکی ترومە حیشە تێك و نازو نیعمەتێکی تر بووبو، گووڵدانە لەدانیشتنە نهێنیەکاندا دەیگوت : ڕە نگە هەموو بیرۆکەی گرتنە دەسلآت وکێبڕکێکەهی ئەو گێڕانەوە بە تام بۆکانی ئەحەسەر ژنانە بێت کە باسی لە رە فاهیە تی هەرێمە دووره کان وەهمیەتی چێژو سەربەستیە عەدەمیەکانی ژنانی دەکرد . وەلێ من لە یە کەم ئاهەنگی یە کترناسینی دانیشگادا هە ستم بە چرپەی هەفرەسەکردلە گەڵ کوڕیژگە کە دابە ئەستەم و لە لاچە پە کان ئە دوا دوودلّنیم لەوەی لە یەکەم دیداردا نەخشە یان بۆکارێکی مەترسیدار دادەڕشت ، هەفرەسە بە هۆی ئەوەی لە هیچ بۆنەو ئاهە نگێکدا خۆی بە میکیاژو بۆیە سوواق نەئەدانە وەکو ئێمە هەرگیز نەدەکەوتە بەر سەرنجی کوڕان ونەیان ئە دواند تەنانەت ناویان نابوو کچە وەحشیەتگەرەکە ڕۆژبەڕۆژ بە شێوازوو شێوەی جیاواز ڕاو تێبینەکانی خۆی لە کۆڕو سمینارو وتە سەرسوڕهێنەری وەك پەلار دەدایە بەردەم پیاوان، سەرپەرشتی چەندین یاخیبوونو

خۆپیشاندانی ئەکرد بە کۆمەڵ کچە تازە پێگە شتووەکان وقەیرە ترشاوە کانی لە دەوری خۆیدا کۆدەکردەوە هانی ئەدان جگە لەوەی بە ردەوام لەو شوێنە باوانەی کە ئیش و کاری ژنکە کانی لێ بەڕێوە دەچوو دەبینرا هەرگیز خۆشی وە کو ڕێکخراوێکی ژنانان نەدەخستەڕوو بە ڵکو وە کو شۆڕشێکی کۆ مەلایەتی نوێگەرو فریادرەس نیشان ئەدا، تەنانەت گومانی لە تەواوی هە نگاوەکانی پیاوان دورست کردبوو بۆیە دەیگوت دەسەلاتی نێرەکان سیستەمێکی بۆگەن و بە سەرچووی نێو کۆمەڵگان هیچ خزمەتێکیان بۆ مرۆڤایەتی نیە ئە وان زۆر بێ دە سەلاتن دەرهەق بە ئا فرە ت ئێمە خاوە نی هێزوو ووزەی راست و ڕەوانین هەموو ئەو پیاوانەی سە رکوت ئە کردکەباسایان لە مە ینەتیەکانی ژنان ئەکرد، لە کاتی کردنەوەی پێشانگاییێکی لە هۆڵی میدیادا بە بیرکارێکی وتبوو هەموو پیاوەتی تۆ لە دامێنی ژنێکەوە سەریهە ڵداوە.ئە و دە یگووت: قە ت مافی ئیمە لە سە ردە ستی دووژمنی ڕا ستە قینە مان دانیە، درۆیە پیاوی ڤێمێن و دۆست هەبێت بۆسوێندکەوتن نەبێت تەنیا ئەوزرپیا وە نەبێت کە باوڕی سەد دەر سەدی بە ئێمەی ژنانە ، دژی ڕە گەزە کەی خۆی بێت ئەویش تەنیائە حەی سەر ژنانەیە. لەبەرگەرمایی تیشکە کانی ڕۆژخوێن ڕژانە کەت کە لاییێکی لاشە کەی سرکردبووی گەو زێکت لە نێو پووش و پە لا شە کە دا لینگە کانت تێك وەژاند درێژەت بە خۆدووانە کەت ئەدا.هەموو بە یانێك کە لە خەو هەڵدە ستام وێنەییێکی تری یە کێك لە کچە کوژراوەکانم



دەبینی کەلە لایەن دەستێکی ون هەڵدەواسران یاخوود بەیانانامەی تازەو بەرنامە کاری نوێی لە نۆژەن دائەڕێژرایەوەو لە خواڕوشیدا نێوی سەرۆکی ڕەگەزو پێشەوای ئایندە دەنووسرایەوە ،بەروارەکەشی بە کات و ڕۆژی لە دایك بوونی مێینەییێکی تر دەستی پێئە کردەوە،لەشە وە زەنگە تاریکە کاندا لە ژیر هەردەرگەو سەر پە نجەرەو کولانکەی ماڵە کان و نوێژخانەو بارە گاو بە ڕێوەبەرایە تیە کان ئەم نووسراوە دبینرا ، تەنگی بە پیاوانی ڕیش دریژو چاویلکە لە چاوو پۆشتەو ڕووتو ڕەجاڵ ، زاناو نە زان، ڕۆشنبیرو کۆلەوار، دەسەلات دارو بێ دەسەلات هە ڵچنی بوو هەموو شە وێك لە بیابانە چۆڵەوارەکاندا تەرمی پیاوێکی نە ناسراوو شێواوو بێ ناسنامە ئە دۆزرایەوە، پیاوان ڕۆژ بەڕۆژ لە مەیدانی کاروکاسبی دایرە کان و بەرەی سیاسە ت و خوێندگاکان نوێژخانەکان و کەمتردە بوون دەستیان لە کاردە کێشایەوە، کوشتنی پیاوان لە نێو بازارە کان و شوێنە گشتیە کان بۆتە شتێکی ئاسایی هەریە کەو بە بیانوێك دە کوژرا ن زۆرترینان بە تۆمەتی بێشەڕەفی سەردەبڕان وردە وردە ئافرەتەکان بە کۆمە ڵ لەبازارو سینەماو پارك و مە یخانەکان تاکو درەنگە شەوانێك دەبینران کوڕە گە نجەگانیش خۆیان لە ئاپۆڕی کچە شەڕانگێزەکان دەپاراست زۆر جار بە تەنیا لەسەر ڕێگاکاندا هەتك دەکران دەست درێژیاندە کریا سەر ، هەر لە وشەوەی خۆپیشاندانە خوێناویەکەی کە لەگەڵ سەربازو پیاوە پاسەوانەکانی ولات کەمتر گەنجەکان لە ئێواران بە دواوە

دەرئەکەووتن ناچار لەگەڵ مریشکەرەشەکان هە ڵدە نیشتن. گوڵدانە یە کێك بوو لەو ژنە جوامێرانەی کە لە لایەن خودی هەفرەسەی سەرۆکەوە کرابوە لێپرسراوی یەکێك لە دەستە هێرش بەرەکانی شەو کە بەجلی رە شی ژێرەوەو چەکی قورسەوە ئارامی شاریان دەشیواند، پیاوە مەزن وخۆهە ڵکێشە کانیان ئە دزین بۆ ئە ودیووی هە رێمی دارستانە چرو پڕە کانیان ئە بردن بە شە رمە زاری و ئابڕوو چون وخوێن تکانەوە دەیانگەڕاندنەوە. بەیانییێکی زوو هەفرەسەبەر لە تێك قژقژانە کە دا خۆی گە یاندە لای ئەحە سەرژنانە لە ماڵبەڕی خە ونە کانیشی داخەو نی ئەو هە نگانەی ناوحەوشەکەمانی بۆگیرابووەوە کە لە ئێوارە بە هارێکی تەردا هە نگە مێینەکان بە فەرمانی شاژن گشت نێرینە کە یان لە ناو برد نێرە مردوە کان لە سەر دارو گە ڵاو بەرد، کووچەو شە قامە کان ژووری کتێبخانەکان، گومبەتی نوێژگاکان ، لە هە مووڵایێکی شارداکەوتبوون. ئەحەپێی گوتبوو :ئیتر هە مووشتێك لە دوای خەونە کانی تۆ سەرەتاییێکە بۆکۆتایە کان. هەر لە وڕۆژە بەدواوە مە ملە کەتی پیاو وێران بوو تەختی سەدان ساڵەی یان ڕوو خا و کۆشکی نێرە وزوەوقی مێرڤانە یان داڕما.شەهوە تە پیسە کانی خۆیانیان دەرخوارد ئەدانەوە، ناوەقەبە کانی یان لێ دەسەندنەوە سمێڵە زلەکانیان پاکدەتاشین سەرەتا لە فەرمانگەو خوێندنگا ، مەڵبەندەکان و پاشانیش لە کارخانەو چایخانەو مەیخانە ، خۆشخانە،جبەخانە ، کۆرخانە پیاوخانە نفوسییان کەمتردەبوون ، ئە ستەمبوو لە کوچەو کۆڵان دەرکە وتبان



ڕەنگە ڕۆیشتنی پیاوێك لە ڕێگاوخواردنی ئایسکرێمیك هێندەی گوناهی کوشتنی فریشتەییێك لە سەریان دە کەوتەوە ، یاخوود پیاسە ی ئێوارە پاڕکێك، بە قە دسووتانی وتە کانی جبریل ئاسمانی وێران دەکرد، پیاوان هەموو پۆست و کورسیە کانیان جێدە هێشت لە بەرەی جە نگە دژوارە کان دەکشانەوە لە پێش نوێژو وتار خوێن، لە چایخانە کارخانە خۆڕیخانە شێتخانە لاتخانە چێشتخانە، سەرتاشخانە، دیوارخانە، بەندیخانە، قە سابخانە نۆشخانە، تێرخانە، دە سەڵمینەوە، تاکو لە دواین ڕۆژگاری حوکمرانی باوکسالاریدا ژنەکان دەردەکوتن ، لە باژێڕو کۆڵانە کان هاواریان دەکرد وتافیان ئەدا :چیتر فرمێسك‌و گریان چە کمان نیە، هونەروو دەست ڕەنگینی کونجی ماڵەوە نیە، حەیاو شەرەف جوانی نییە ، ناوەندی بڕیارو سەرکردەمان پیاو نیە .ئەو ڕۆژە ئەم هەراو هۆریا یە درێژەی کێشا دواین ئێوارە پاییزێکی کوشتنی نێرینە کان بوو، دێرە گۆڵە کانیان دەکوشت ، ماکەو کە وەکان ، ماکەرکەرەکان ، هیستر ماچەکان، چێن‌و ماچینەکان مریشك و کە ڵە شێرە کان،عاشق مەعشوقەکەی...تاد، پاشان خۆێن باران دەستی پێکرد کانیاوە کان پڕبوون لە خوێن دارە کان خونیان دەرئە دا شە قام کۆڵان دیوار تەڵی کارەباوو گڵۆپە کانیش دڵۆپ دڵۆپ خوێنیان لێ دە تکا ، ئامان و مەنجەڵ ، پەرداخ دۆڵکە تەژی لە خوێن بوون ، لە هە مولاییێکەوە خوێن رژان دەستیپێکرد، بوو بە جۆگە ڵە پاشان بوو بە دەریاو لافاوێکی بێئامانی هە ڵساند ولأتی لەلاشە هە ڵوەریوو رزیوەکانی نێرڤانان لە هەموو سەرتاسەری

نیشتماندا چۆڕاندەوە ، ئیتر لەوە بە دواوە، ولاَتێکی تر نیشتیمانێکی ترهەرێمیك لەیەکەم ڕۆژی ئیمپراتۆریەتی مێینەوە دەستی پیکرد خالّی لە پیاو لە مێژوو ڕە شەکان شارستانیە تی زۆرە ملێ خۆبەزلّزانی وتۆغیانی. هەموو شتێك گۆڕدرا یاساولّ و سەربازو سەرۆك و فەرماندەکان، پڕۆڤیسۆرو مامۆستاو قوتابی، لە خوێندنگاکان  سەراپای پایتەخت و شاروو لادێکان ، کووچەو کۆلاّن و قەیسەری و بازاردارو دراوسێ کۆگاو کارگەکان ، مزگەوت و کلێساو نەزرگاکان ، نویژخانەکان، لەسەر مینبەرەکان دەگوترایەوە ،شاعیرو ڕۆشنبیرو نوسەران هونەرمەندان لە شانۆکان و ئۆکستراموزیکیەکان نمایش دەکرا، لەئێستگەو تلفزیۆن مانشێتی ڕۆژنامەکان نووسرایەوە ، مێژوو نوسەکان لەسەرتاشە بەردە کانی جیهان بە چاخێکی نوێ و تازەگەراییان هە لّیاندەکەند،  جووتیارو کرێکارو ئاغاو گەداکان لە دیوانە کانیاندا، کەڕووکوێرو شەلەکانیش دووجارەیان دەکردەوە ، لەگۆرانی و بەند، لاوك وحەیران و سیاچەمانەکاندا دەوترایەوەو کوندەپەپۆو بەبەغاو کوکوختیەکانیش ئەزبەریاندەکرد، لە هەموو شوێنیکی ئە م مەملە کەتە دا دە گوترایەوە، بۆیە خواش ناچاربوو یەکێك ڕەوانەبکات پێغەمبەرێکی ژن و بە زمانی ژن بدوێ. پاش ئەوەی جوان دەست و قاچەکانت لەلایەن دەمووچاوە پۆشراوەکان شەتەك درابەدەم ڕاکێشانەوە بەسەر تاوێرە تیژەکان وبەنێو دڕکو گژو گیای نێو دۆلّ ونزارە کان ، لووتکە هەلّدێرو هەلّمووتەکاندا تاکو بەردەم دارە مەزنەکە پەلّکێشیان کردیت دەستە دەستە،



چین بەچین، بە خەنجەری تیژوو زەرگەو دەف کووتانەوە بازنەییێکیان بەدەورت داکێشا، بەدەم زیکرو تە هلیلە یاهوو... یاهوولەزەردەپەرەوە تاکوو گزنگ بەسەریان دائە قیژاندی، گورگ و رێویو، کەڤتیارو تورگ وتولە کێویە  کانیش دەیان لووراند، هەلّۆوقەلّە رەش و سیسالّکەکان  لە ئاسمانی سەرتەوەدەیان قریواند، دوواتر بەدەست ڕێژە گوللەییێکی توورە هەمووشتێك بێدەنگ بوون بێدەنگ تر بەر لەسپێدەی لە دایك بوونت .

هاوینی _ ٢٠٠٥

# تەنەکەی خۆڵ

ن: الهه قانع                    و: وریا قانیع

لەپەنای باخچە بچووکەکەی دادگادا ، دووکەس راوەستابوون‌و سەر گەرمی وتوویژ بوون یەکێکیان تەمەنی نزیکەی ٤٠ ساڵدەبوو تورەترو بێ ئارمتربوو لەوی دیکەیان، دووهەمیان هێواشترو لەسەرخۆتر دەهاتە بەرچاوو کە بەتەواوی بەسەرخۆیا زاڵە.

ورده ورده  لێیان نزیك بوومەوە بەهێواشێك پێم ووتن :

-ببورن قسەکانتان پێ دەبڕم، هەردووکیان روویانتێکردم. بەبێ راوەستان ووتم: بۆچی هاتوون بۆ دادگا؟

ئەوەیان کە تووڕە دەهاتە بەرچاو بەجارێ وەکو بۆمبا تەقییەوە ووتی:

چۆن‌و مەگەر؟ بەهێواشێك ووتم :

-من پەیامنێری گۆڤارێکم‌و بۆ ئامادەکردنی پەیامێك ماندووتان دەکەم. کابرا تووڕەکەیان سور هەڵگەڕاو بەپەلە وتی:

-خێزانەکەم هەموو ژمارەیەکی گۆڤارەکەتان دەخوێنێتەوە لەدوایشدا منیش چاوێکی پێدا دەخشێنم. بەڵام گلییەکم هەیە. بۆچی ئێوە لەبارەی تەندورستی‌و پاکوخاوێنی ژینگەو خانووبەرەو کۆڵانەکان هیچ نانوسن؟



وتم:

-دانیشتوانی کۆمەڵگاکان دەزانن کە دەبێت پاك‌و خاوێنی خانووبەرەو کۆڵانەکان‌و ئەو شوێنانە کە تیایا دەژی گرنگی تەواویان پێبدرێت.

کابراکە بەتەوسیکەوە پێکەنی‌و ووتی:

-بەڕێز ئەگەر گرنگیان پێبدابا. ئێمە رێمان نەدەکەوتە ئێرەو نەدەهاتین بۆ دادگا.

لە دوای کەمێك بێدەنگی، زانی حەز لە ووتەکانی دەکەم بەبێ بیرکردنەوەو گوێدان بەئاپۆرەو هاتوو هوریای ئەو خەڵکانە کە هاتبوون بۆ دادگا درێژەی بە وتەکانی داو ووتی:

-لەدوای چەندین ساڵ گرێ نشینی هەر چۆنێك بوو بەقەرزو قوڵەی بانك شۆقەیەکی ٥٠ مەتریم کڕی. گەلێك شادمان‌و کامەران بووم. شوقەکەی من لە نهۆمی چوارەم بوو، ئێمە ناچار بووین رۆژانە بەو پلەکانانەدا سەرکەوین‌و بێینە خوارەوە. لەگەڵ ئەمەشدا نەمن‌و نەخێزانەکەم کە هەمیشە ئاواتە خوازبووین شوقەیەکمان هەبێت ئەو سەرکەوتن‌و هاتنە خوارەووەیەمان بەلاوە ئاسان‌و ئاسایی بوو هیچ کێشەیەکمان نەبوو، کێشەی ئەسڵی ئێمە تەنها دراوسێکەمان بوو. چونکە هەرگیز گرنگییان بە پاك‌و خاوێنی نەدەدا.

کابرا بەهەمان تووڕەییەو ە درێژەی بە قسەکانی داو ووتی:

-لە دووهەم رۆژی چوونە ناو شوقەکەمانەوە روانیم لە سوچێکی رێڕەوەکەدا سەتڵێکی (تەنەکەیەك)ی خۆڵ دانرابوو، منیش چونکە گەلێك گرنگە بە پاك‌و خاوێنی دەدەم، بەرەو

تەنەکەی خۆڵەکە چووم. چونکە مرۆڤێکی خۆشباوەڕیشم، لەدڵەوە ووتم، حەتمەن لەیادیان چووە کە شەوی رابردوو بیبەن بیڕێژن، بەیانی دەیبەنو دەیڕێژن. بەدەم ئەم خەیاڵەوە چووە خوارەوە، بەرەو فەرمانگەکەم کەوتمە رێ، کە ئێوارە گەڕامەوە بۆ ماڵ، کەمێك لە دوای نان خواردن درەنگتر لە دانیشتوانی دیکەی شوقەکانی دراوسێم تەنەکە خۆڵەکەی خۆمانم هەڵگرتو بەپلکانەکەدا چوومە خوارەوە کیسە خۆڵەکەم لەپەنای دارتەلەکەدا دانا، وای بۆ چووم کە کابرای دراوسێشمان ئەویش تاچەند خولەکێکی دیکە کیسە خۆڵەکەی خۆیان دێنێتە خوارەوە. هەرچەندە راوەستام هیچ دیارنەبوو. سەرکەوتمەوەو چاوێکم بەتەنەکە خۆڵەکەی دراوسێمان خشاندەوە؟ هاوسەرەکەم ووتی:

-بەداخەوە جەنابی مهردادو خێزانەکەی کەناوی ئەفسانەیە. ئەوەندە گرنگی بە پاكو خاوێنی نادەن. لە دڵەوە ووتم دەبێت ئامۆژگاریان بکەم و لەگەڵیانا بدوێمو پێیان بڵێم، بوونی ئەم تەنەکە خۆڵەو مانەوەی بەم شێوەیە، دەبێتە هۆی پەیدابوونی نەخۆشی لەناو دانیشتوانا. بەکورتی چوار رۆژ بوو کە لەو شوقەیە دابووین، تەنەکەی خۆڵەکەیان بەهەمان شێوە مابووەوە. هیچ گۆڕانێکی بەسەردانەهاتبوو. دراوسێکەمان هیچ بیری لە تەنەکەی خۆڵەکە نەدەکردەوە. ئەمەش بەتەواوی منی بێزار کردبوو. بۆنێکی ناسازگاری لە رێڕەوەکەدا بڵاوکردبووەوە. ژمارەیەکی زۆر مێشو زەردەواڵە تێی خرۆشابوون دەستەیەکیان لەهەڵفرینو دەستەیەکی دیکەیان لەنیشتنەوەدا



بوون. شەوێکیان تەنەکە خۆڵەکەم هەڵگرتو بەپلەکانەکانا بردمە خوارەوە. لەهەمانکاتدا سەیارەی خۆڵی شارەوانی هات بەبێ راوەستان تەنەکە خۆڵەکەم دایە دەست کرێکارەکەی شارەوانیو خاڵیکردو لەدواییدا بەسەرسوڕمانێکەوە ووتی:

-بەرێز ئەمە چەند رۆژە ئەم تەنەکەیەت خاڵی نەکردووە وا ئەوەندە بۆنی لێدێت؟

تەنەکەی خۆڵەکەم لەبەر بەلوعەکەدا شۆریو بەپلکانەکەدا سەرکەوتمەوەو لە جێگەی خۆیا دامنایەوە.

لێم پرسی:

-ئایا بەڕێزان مهرداد و خاتوو ئەفسانە ئاگاداری خۆڵ رشتنەکەی تۆ بوون؟

کابرا سەرێکی لەقاندو گووتی :

بۆ بەیانی دووبارە تەنەکەی خۆڵەکەیان پڕکردبووەوە سەر لەنوێ بۆنێکی ناسازگار لەڕێرەوەکەدا بڵاوبووەوە.

شەوێکیان لەڕێڕەوەکەدا چاوم بە جەنابی مهرداد کەوت. زۆر بەڕێزەوە سڵاو لێکردوو ووتم:

-بەڕێز ئەم نهۆمەی ئێمە لەڕووی تەندروستیەوە دۆخێکی ناسازگاری هەیەو بەدەم قسەکردنەوە ئاماژەم بۆتەنەکە خۆڵەکە کردوو ووتم: بەڕێز بۆچی شەوانە تەنەکەی خۆڵەکەتان نایەننە خوارەوە خاڵی ناکەنەوە.

مهرداد بەسوکایەتیەکەوە تەماشایەکی کردمو بەپێکەنینەوە ووتی:

-یانی دەتەوێ بۆ خاڵیکردنەوەی تەنەکەکە لێت بپاڕێمەوە. من هەرکاتێك بمەوێت خۆم ئەم ئەنجام دەدەم.
منیش تووڕە بووم قیژاندم بەسەریاو ووتم:
-دیارە سودت لە مرۆڤایەتی وەرنەگرتووە؟ یانی ئامادەی پیسیو پۆخڵیو میکرۆب بەو دەوروبەرەدا بڵاوبکەیتەوە. دراوسێکانمان هەموو نەخۆش بکەون بەڵام بەرێزتان شەوانە بەچەند پلەکانەیەکدا نەچنە خوارەوەو سەرنەکەونەوە ! بەهۆی دەنگو هەرای ئێمەوە، دراوسێکانمان بەپەرۆشەوە لێمان کۆبوونەوە لە هەمانکاتدا مهرداد چەند ووتەیەکی ناشایستەی لەدەم دەرچوو ئیتر منیش نەمتوانی زیاتردان بەخۆما بگرم. بەهەموو هێزم زللەیەکم لەپەنا گوێی دا. ئەویش لەم پوەندەدا تورە بوو، کورەی رقی جۆشی سەندبوو، پەلاماری منی داو مستەکۆڵەیەکی کێشا بەسینگما.
هاورێکەی کە لە پەنایا راوەستابوو قسەکەی پێ بڕیو ووتی:
-نۆرەمانە بابڕۆینە لای حاکم، چوونە ژوورەوە .... ،
تێبینی:
سەرچاوە گۆڤاری خانەوادە ١٧ ی ساڵی هەشتەم ١٥ شهریوری ١٣٧٨



# ژنێك چەند لە نیشتیمان دەچێ !
# خەوێك كە زۆر لە مەرگ دەچێ !

جەمال پیرە

لەوەگەڕێ کە ئەم نیشتیمانە، نیشتیمانی فەرهادو مەمو سیامەندەکان شوێنێکی بۆ خۆشەویستی نەهێشتۆتەوە، لەوەشگەڕێ کە وڵاتێکت لەبەردەمە پڕ لە زەندیقو خوڵقێنەری زەمەنی دڵەڕاوکێو تەفروتوناکردنی بەهاکان، لەهەمموو ئەوانە گەڕێ کە بەردەوام لەجیاتی شیلە دەبن بە ژەهر لەسەر لێوی گوڵەکاندا، با بێینە سەر خەوە دوورودرێژەکەی مێژوو، خەوێك کە زۆر لە مەرگ دەچێت، پێدەچێ بیری چوبێتەوە بگەڕێتەوە، گەڕانەوەیەك بە مانا جەستەییەکەی نا، نا مەرج نییە بە حزوری جەستەییانەی خۆی بێت، دەکرێ لێرە نەبێت بەڵام خەیاڵو رۆحی ئامادەبێت زیهنی هەمووانمان ئاوەدان بکاتەوەو گەر ناوی ماڵئاواییش بێنێ ئاساییە، بەڵام لە دوای خۆیدا تارماییو ئاسەوارێك جێبێڵێ، بۆنو بەرامی خۆی جێبێڵێ، رەنگە ئەم جۆرە مانەوەیە لەزۆر حاڵەتدا تۆکمەوکاریگەرتر بێت، گرنگ نییە من بتوانم یا نەتوانم گوزارشتێکی پڕ بە پێستی وجود بکەم، گرنگ ئەوەیە کە تۆ شتێکی بمەوێ یا نەمەوێ، بمانەوێ یا نەمانەوێ هەیتو لە ئارادای، ئەمە ئەو حەقیقەتە ناسکەیە کە

به زەحمەت دانیپێدا دەنێین، لێرەدا دوو بۆچونی پێچەوانەی یەکتر دەبینینەوە: یەکەمیان، ئەوەیە کە دەڵێ عەقڵ زامنی سەرجەم گوزارشتەکانی بوونە، دووهەمیش پێیوانییە وابێو دەڵێ گەر خەیاڵو بەها رۆحییەکانیش لەگەڵ عەقڵدا بەشدار نەبن بوون هیچ مانایەك نابەخشێ، من پێش ئەوەی خۆم یەکلابکەمەوە، ماوەیەك لە نێوانی هەردوو بۆچونی سەرەوەدا بە هەڵپەسێردراوی مابوومەوە، ئێستا نا کە یەکلابوومەتەوە، ئەوسا کە هەڵپەسێردراو بووم لە نێو هەڵوێستو بیرکردنەوەی شڵەژاودا نغرۆ بوو بووم، خەیاڵم ئاوێزانی چرکە تراژیدییەکان بوو بوو، هەمیشە بەوە هێور دەبوومەوە گەر (با)یەك لەگەڵ خۆیدا بۆن یا بەرامە جێماوەکەی ئەوی بۆ هێنابام، لە راستیدا لەوێ هەوڵی جیددی هەبوون بۆ شاردنەوەی ئەو حەقیقەتانەی کە بەلای خەڵکەوە حەقیقەتی راستەقینە بوون لەمن، ئەگەرچی من لەوە بووبوومەوە کە گەر تەمەنت هەزار ساڵیش بێ وشەو شتێکت بەرچاو ناکەوێ واتای راستەقینەی حەقیقەت لەخۆی هەڵبگرێت، لەو ساتەوە من بیرم لە خەڵکی دەکردەوەو دەمگوت" چەند تاوانبارن ئەو جەستانەی بەدرێژایی ماوەی بوونیانەوە لەدەوری تەنها حەقیقەتێکدا دەگەڕان ! چ دەبەنگوگێرەشێوێنن! " ئەمە رەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر نزای هەموو ئەوانە بێ کە لەودیو هەموو حەقیقەتێکدا مانایەکی تریان بە شتەکان دەدا، واتا حەقیقەتی تر کە لە خەیاڵو هزری ئێمە مانان نەبێ، لەپاڵ حەقیقەتەکەی بەردەمی ئێمەدا، فەزای ئەو سەردەم بۆ من بە



گوڵی شەرمن شەرمن رازاوە بوو بوو، بنچینەکەی هەر لە ژوورێك دەچوو کە دیوارەکانی بە رەنگی وەنەوشەیی سواخ درابێ، پەنجەرەکانی رۆشنایی ئەو شەبەنگانەیان دەدا کە وێنەی جیاجیاو زیندووی دەدایەوە بە ژیان، لە پشتەوەی سەری هەر ئەندامێکی ئەو ژوورەدا تابلۆیەکی رەشپۆشی هەڵواسراو بەدیدەکرا، من کە خۆم لەوێ دەبینییەوە بەقسەی ئەوانەی کە منیان لەوێ دیبوو سیمایەکی واق ورماوییان تیا بەدیدەکردم، حەتمەن ئەو سیمایە لەسەروقژێکی ئاڵۆزو تێکچڕژاودا دەبینرایەوە، دیارترین ئەو ساتانەی کە من لە یادم مابێ لەو ژوورەدا خەیاڵی ئەو مرۆڤانەیە کە بەردەوام لەدەورمدا خوولیان دەخواردەوە ئەویش بەجەستە نا، سەیرترین بەسەرهاتیش کە من لەو ژورەدا دیبێتم ئەو رۆژە بوو کە تێکڕای بوونەوەرەکانی ئەو دەوروبەر بۆ بەسەرابوونی هەستە ناسكو رامانە فریشتەییەکانی ئەو ژنەی کە نەدەکرا ناوی خۆی ئاشکرا بکات لە ماتەمگێڕییدابوون، ژنێك کە هەموومانی خستبووە بەر ئەندێشەو بیرکردنەوەیەکی جیاوازتر، ئەو بەردەوام پێیدەگوتم تۆ دەبێ لێرەوە دەسبەرداری سوژدەکان بیتو خۆت بخەیتە نێو دنیایەکی تری ئەودیوی زیندەگیی، هەڵبەت من لە فرەیزی ئەودیوی زیندەگیی ئەودا تێدەگەیشتم کە مەبەستی مردن نەبوو ئەودیوی زیندەگیی ئەو خەیاڵە جوان جوانانە بوون کە لە سێنتەری نائاگاییەوە بۆی دەپەڕینەوە، ئەو زیندەگیی بە ئاگایی ناودەبردو ئەودیوی زیندەگیش نائاگایی، سەرجەم ساتە

مەستو بێئاگاییەکانیشم هێماوئاماژەو بەقسەی ئەوەوە بوون، هەر لەمیشەوە لەماناو واتاکانی بێئاگایی گەیشتمو گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە پڕ چێژترین لەحزەکانی ژیان ئەو لەحزانەن کە لەودیوی زیندەگییەوەن، ئەوەی کە لە پشتەوەی ماناکانی ئەم وشانەی ژنە بوون چەند ئازارێکی مەینەتبەخشبوون، من ناتوانم هەرگیز ئەو قسانەی ئەوم بیربچێتەوە وەختێ بە دەمێکی پڕ لە قوڵپو گریانەوە دەیگوت" من ماوەیەکە بەدەستی مرۆڤەکانی نیشتیمانێکی ئەتککراوەوە ئەتکدەکرێم، هەموو جارێ لەناو لەحزەکانی ئەتککردنمدا لە جیاتی چێژ، بیرم بۆ لای ئازارەکانی نیشتیمانەوە دەچوو، ئاخر من هەمووی چەند جارێکە دەکەومە بەر شالاوی ئەتککردن وا لەتاو ئازارا دەتوێمەوە، دەبێ ئازاری ئەو جەستەیە چەند بێ کە سەدان ساڵە لەسەد لاوە پەلامار ئەدرێو بەردەوام ئەتك ئەكرێ ؟!!...

تەمموزی ٢٠٠٥
هەولێر



# ڕاو

صدرالدین خۆشناو

بە دوو قۆڵی هەنگاویان دەهاویشت، بەو نیازەی دوو سێ کەوان ڕاو بکەنو دوایی بگەڕێنەوە ماڵەوە. هەر لە دامێنی باخچەکانی بنار سەفین بەرەو سۆرکەکەی ئەو بەر پەڕینەوە.. بێ دەنگی باڵی بەسەریاندا کێشاو کەوتە نێو دەریای بیرکردنەوەی خۆی.. خۆی بە خۆی دەگووت: نازانم بۆ دەبێ ئەم خەڵکەو خەڵکانی تری وولاتەکەم بە هەڵە لە پێشمەرگە گەیشتبن.. هەتا پێشمەرگە گەیشتبن.. هەتا پێشمەرگەکان خۆشییان.. بۆ ئێمە کە چەکمان بە شانەوە کرد، هەر دەبێ کارمان ئەو چەکە بێو تەواو! نابێت لە حەزو ویستو ئارەزووەکانمان پیادە بکەینو بە ئەنجامی بگەینین!! ئایا وا لە چەکدار گەیشتوون.. تەنها کاری ئەو شەڕو جەنگ بێو.. دڵێکی پۆڵایینی هەبێ.. دڵێك وەك بەردو ئاسن ڕەق.. دوور لە هەستێك! تەنها کاری بەرگرییەو یا شاڵاو بردنە بۆ سەر ڕەبیەکانی دوژمن، دەقاو دەق وەك مرۆڤێکی ئالی لێ دێت.. دوور لە هەموو هەستە جوانو ناسکەکان. پاش ئەوەی ئازادی وەدەست هێنرا.. حوکمی وڵات دەکەوێتە دەست ئێمەی بێ هەست پیشەمان تەنها شەڕو جەنگ بووە.. چۆن دەتوانین

سۆزو هەستمان بەرامبەر شتە جوانەکان دەربڕین.. هەستو سۆز بەرامبەر منداڵو دارو درەختو ئافرەتو کەلتووری وڵاتەکەمان.. چۆن دەتوانین بێ هەست وڵات بەڕێوە ببەین؟! بێگومان دەیانو سەدان کێشەمان بۆ دروست دەبێ!! نا یەکسانی کۆمەڵایەتی پەرە دەستێنێو، گشت مافەکان پێشێل دەکرێن.. هەر لە مافی ژنو منداڵو ڕۆشنبیران تا دەگاتە مافەکانی خودی پێشمەرگە. دنیا دەبێتە جەنگەڵستان.. خەڵکی وڵاتی خۆمان لێمان دەڕەونەوەو پێمان نامۆ دەبن.. میللەت داوای گەلێك لە مافەکانی خۆی دەکات.. بۆ جێ بەجێ ناکرێتو.. خەڵك دەست بە گلەییو گازاندە دەکاتو ڕەخنە دەگرێ.. دوا قۆناغو دواسات بێ دەبێو بێ زار لە هەموو شتەکان، خۆزگە بۆ زەمانی کفندز دەخوازێ! بۆ دەبێ وا بیر بکەینەوە کە پێشمەرگە لە گشت شتە بەهاکان داماڵینو.. ئەویش یەکێکە وەك هەر مرۆڤی شارو شارۆچکەو لادێو دەشتو ناوچە شاخاوییانەیە.. مرۆڤی ڕاستەقینە، مرۆڤی ئالی نییە! پێتان ئاسایی بێ گەر دڵداری بکاو عاشق بێ.. ڕاوە کەوو ئەسپ سواری، یا نمایشی شانۆی گەڕۆك بکاو یان سروودی نەتەوەیی بچڕێو ئەمانە هەموویان کاتو ساتی خۆیان هەیە گشت کارو بەرنامەو دروشمەکان با لەگەڵ دەورو بەر گونجاو بێ، بۆ هەندێ شتی دیش با ڕێنمایی هاوڵاتیان بکەینو هەنگاوێك یا دوان پێشیان بکەوین هیچ زیانی نابێ، بۆ هۆشیار کردنەوەی گشت چینو توێژەکان، چونکە پێویستە جیاوازی بکرێت لە میان ئیمەو سەربازو پیاوانی ڕژیم.. ئەوان هەموو کات



پۆستاڵیان لە پێیەو، لە ئامادە باشی دان.. مەشقو ماندوو بوونی ڕادەبەدەر، وایان لێ هاتووە هەموو شتێکیان لە بیر چۆتەوە ئەوەندە بێزارن هەتا لە گیانی خۆیان.. بە ئەنقەست وایان لێ دەکەن تا خەڵك بیر لە هیچ شتێ نەکاتەوەو نە لە ئازادیو نە لە ژیانو بەهاکانی مرۆڤ.. بەڵام ئێمە بە ویستو ئارەزووی خۆمان ئەم ڕێگایەمان هەڵبژاردووە؟! ڕێگای مەرگو قوربانی دان.. ژیانێکی فرە سەختو دژوار.. لە نێو ئەشکەوتو ڕەوەزو شاخو داخی هەڵدێرو تەوێری جۆر بە جۆر.. لە نێو ئاوەدانیو هەندی جاریش دوور لە ئاوەدانی.. ئەشقو دڵداری بە پێی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ناوچەکە بۆ هاوڵاتیان بە ئاسایی لێك بدرێتەوەو. بۆ ئێمە بە تاوان بزانرێ؟! کەی ئەمە ڕەوایە! ئەوان کێنەو؟! ئێمە کێین؟! هەردوولامان یەك جەستەو ڕۆحێکە. بە هیچ شێوەیەك کەرت ناکرێت.. بۆیە سوورم لەسەر ئەمە، ئێمە نابێ مرۆڤی ئالی بینو دابماڵرێین لە هەموو بەها کۆمەڵایەتیو کەلتووریەکان. برادەرەکەی بە ئاگای هێناو پێی گووت: خەیاڵت بەرزە فرە بوو.. دوور دوور ڕۆیشتی.

- ڕاست دەکەی.

ئینجا بە دەم قسە کردن ڕێگایەکەمان دەبڕی، لە پڕێکا (ئەو) بە برادەرەکەی گوت:-

- بە خوا خۆشە چوار کەوی نێرە بە داوەکەوە بن.

- لەوانەیە.. چونکە کەوی ئەوبەریش لەبەر نەقە بۆ ئەم ناوچەیە شۆڕ بوونەتەوە.

- بە خۆشم نازانم، مرۆڤ بۆ هێندە حەز لە ڕاوی گیانلەبەران دەکەن.
- ئەمەیان ئاسایی یە.. مرۆڤ هۆش‌و عەقڵێکی پتەوی هەیە.. بە هۆی ئەمەوە دەتوانی ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنێ.. بەڵام بۆ باسی ئەو مرۆڤانە ناکەیت کە ڕاوی مرۆڤ دەکەن‌و هەر مرۆڤیش دەبێتە نێچیریان.
- ئا.. ڕاست دەکەیت.. خۆ لەم شارو شارۆچکانە دا ئەوەندە بەسە کە گومانێکت لێ بکەن.. چۆن داوێکت لێ دادەنێنەوە.. داوی چی! بڵێ تۆڕ.. بە خۆشت نازانی چۆن تووش دەبی!.
- لە هەموو سەیر تر ئەوەیە.. برا برای خۆی ڕاو دەکات.. گەر بۆ نێو ژوورە تاریك‌و پڕ سامەکانی بەندیخانە بچێت‌و یەکە یەکە لاپەڕەی دۆسیەی بەندەکان هەڵدەیتەوە.. بزانی چۆن گیراون‌و؟ لەسەر چی‌و! کێ بە گرتنی داون؟! هەر سەرسام‌و شێت دەبیت ئەوەندە دیاردەی سەیرو سەمەرەو دڵتەزێنی تێدایە!! هی وای تێدایە هەر لە ژیانیدا دەمی لە سیاسەت نەداوە.. ئەم ڕاوە مرۆڤەش تەنها بۆ پارەو گیرفان پڕ کردنە.. ئەگینا هەر چی بکەیت ڕژێم منەتی پێ نی یە!
- ئەمە کاری مرۆڤی کەوتووو خۆ فرۆشانی میللەتە.
- بەڵێ.. کاری خۆفرۆشانی میللەتە. ئەوانەی هەتا مێژووی میللەتان‌و میژووی مرۆڤایەتیش تفی ڕوو ڕەشی بە نێو چەوانیانەوە دەنێت.
بەم قسانە خەریك بوون.. بە جووتە بڕیاریاندا لە نزیك لی ئەمبەر، داوەکە دابنێنەوە. تۆزێك لە سەرەوە تر کانیاوێك



هەیە، کاتێ ئاو زۆر دەبێ.. جۆگەلە ئاوەکە شۆڕ دەبێتەوەو لەگەڵ ڕووبارەکە یەکدەگرێتەوە. کەچی ئێستا ئاوەکە وردە وردە بەرەو کەمی دەچێت.. لەو کاتەی ئاوەکەش کەم دەبێت. لە دوای خۆی لەو وردە زیخ جێ دەهێڵێ‌و.. بۆیە ڕێچکەی کانیەکە بە زۆری کەوو سووسکەی پێدا ڕەت دەبن‌و.. پاش ئەوەی تێراو دەبن. ئەوجا خۆیان لە نێو ئەم لەو زیخە وەر وەر دەدەن.. داوەکەیان داناوەو.. لە کەوەکانی نێو قەفەز، نێرە کەوێکیان پێ بوو.. ڕباتی دەکرد.. ئەمیان لە قەفەز دەرهێناو.. بە داوێك لە بنچە تەڕاشێکیان بەستەوە.. بایەکی زۆر فێنك تێی هەڵکردو، کەوەکانی نێو قەفەزو ئەمەی دەرەوەش دەستیان بە چڕین کرد.. قەقەبوو.. قەبوو.. قەبوو.. قەبوو.. لە نێو ئەم دۆڵ‌و نشێو چیایە دەنگی دەدایەوە.. بۆ خۆی مۆزیقایەکی سروشت بوو.. خۆیان لە نێو تەڕاشان حەشاردا..
- چاوت لێ یە ئەم نێرە کەوە چۆن دەنگێکی لێوە دێت! چۆن چڕینێکە!.
برادەرەکەی بە نەرمی وەرامی دایەوە:
- تۆ واز لە پیا هەڵدانی کەوەکان بێنەو، گوێت قوڵاغ کە، بزانە دەنگی کەوی کێوی دێت.. من وا هەست دەکەم لە گەرووی ئەو بەرەوە دەنگێك دێت.
ئەوان لەم چرکە خۆشانەدا بوون.. لە چرکەی بەختیاری‌و ئارەزووی دوو کەو بازدا.. لەو ساتەی وەرزی ساڵدا.. چاوەڕوانی تەنگ بە هەموو کەسێك هەڵدەچنێ، هەناسەیان سوار دەکات،

لە بچووکترین چاوەڕوانیەوە تا چاوەڕوانی گۆدۆ.. تەنها ئەم ڕاوچیانە نەبێت.. هەر گوێیان لە دەنگی کەوە کێوی‌یەکان دەبێت، وەرامی کەوەکانیان دەدەنەوە.. ئەوە گشت چاوەڕوانی‌و ماندوو بوونیان لە بیر دەچێتەوە.. لە دڵی خۆی دەیگوت: خۆشبەختە مرۆڤ کاتێ ئارەزوو ویستەکانی بە دڵشادی‌و سەربەستی جێ بەجێ بکرێن‌و بێتە دی!

کەوی خۆماڵی (کەیی) بەردەوام بوون لە خوێندن‌و چڕین.. کەوی کێویش بە بەردەوامی وەرامیان دەدایەوە.. هەردووك یەك ڕەگەزن.. دەنگی یەکتر دەناسن.. هێندەی نەمابوو بە تەواوی لە یەکدی نزیك ببنەوە.. بۆ باسکەکەی ئەمبەر هاتن هەردووکیان لە خۆشیان باڵە فڕەیان گرت.

- دەڵێی ڕەوەیە!.. بەڵکو بۆ جەژن خواردنمان دەسکەوێت‌و یان بە دیاری بۆ هاوڕێیانی خۆمان، خۆ دەزانی دوو ڕۆژ ماوە بۆ جەژن.

- وێ دەچێت ڕەوە بێت.. چونکە چوار پێنج دەنگی جیا جیایە.

نزیکتر بوونەوە.. کەمێك مابوو کەوی ماڵی (کەیی)و کێوی تێکەڵاوی یەکدی ببن‌و.. ئەڤین‌و دڵداری لەگەڵ یەك بکەن‌و یا بجەنگێن‌و شەڕ بکەن.. ئەڤین‌و دڵداری‌یەکە لەمیان نێرەو ماکەو، یەك یەکێکی دی بۆی کێش دەکات‌و بەرەو عیشق‌و ئەوینی دەچێت.. عەشقێکی تازە، دەنگێکی تازەو.. سۆزی دڵ‌و دەروونی‌و هەستی وای لێ دەکات‌و، هەنگاو دەهاوێژێ‌و ماوەیەکی کورت دەبڕێ‌و، بەرەو پیری دەنگەکە دەڕوات.. بەڵام ئەوانەی بۆ جەنگ دەچن.. نێرەکان خۆیانن..



کاتێ گوێی لەم دەنگە دەبێ، وا هەست دەکات تەختی پادشایەتی لێ زەوت دەکرێت.. هەست بە جۆرە ئازایەتیەك دەکات‌و.. خۆی لە پاوەنخوازیدا دەبینێتەوە.. چۆن دەبێ یەکێکی دی بێت لە ناوچەو هەرێمەکەی ئەودا بە هەوەستی خۆی بخوێنێ‌و دەنگی هەبێ..

لەم چرکە خۆشانە دا بوون دەنگێکی زۆر ناخۆشیان بیست، برادەرەکەی پرسی:

- گوێت لە دەنگی فڕۆکەیە؟
- ئا.. ئا (سەری خۆی بۆ لەقاند) وا تێ دەپەڕێ.
- تێ دەپەڕێ!!
- بەڵێ.. زۆر بەرزەو.. هێندەی کۆلارەیەکە بە ئاسمانەوە.
- دەترسم.
- لە چ؟
- تەماشا کە وا ژمارەیان زۆر دەبێ!
- ئا هەشت نۆیەك دەبن.
- شتێکیان لە ژێر سەرە!
- وێ دەچێ

پاش کەمێك بێ دەنگی‌و.. لەم کاتە ناسکەدا نەیان دەزانی لەم دوو وێنانە، سەیری کامەیان بکەن! وێنەی کەوەکان لەسەر عەرد وێنەی فڕۆکەکان لە ئاسمانا.. دڵیان ئۆقرەی نەدەگرت.. هەستیان کرد شتێ ڕوو دەدات.. دنیایەکی کش‌و مات بوو.. زۆری نەخایاند تەقە بەری ئاسمانی ناوچەکەی گرتەوە.. لە نێو گوندو.. لەسەر چیا لە سۆرك‌و گردۆڵکەکانیشەوە.. لە ئەشکەوت‌و لەنێو ڕەزو کانیاوان.. لە هەموو لایەکەوە گوللەیان

به فڕۆكەكانەوە دەنا.. لە هێكڕا برادەرەكەی هاوارێكی لێ بەرز بووەوە..
- كوڕە بۆنە (دەستی بۆ لووتی خۆی برد).
- نا.. نا.. چ نییە! ترسی ناوێت.
- كوڕە من وا پێت دەڵێم بۆن دێ.. ئاگر بكەوە.. یان بەرەو سەرچیا هەڵكشێن..
با بڕۆین.
- ئەی كەووەكان؟!
- كەوی چی! حاڵی چی! ئەمە ڕاومان دەكات.. كوڕە ڕژێمی دیكتاتۆر ڕاومان دەكات.. كوڕە ڕژێمی دیكتاتۆر ڕاومان دەكات..
- كوڕە ئاخر ناتوانم ئەم كەوانە جێ بهێڵم!
- برادەرەكەی خۆی گەیاندە ئاوەكەو، كورتەكی لەبەر كردەوە..
ئەوجا لە نێو ئاوەكە هەڵكشاو.. بە پەلە بە لووتییەوە ناو.. دووبارە تا هێزی تێدا بوو هاواری كرد..
- كوڕە كیمیاوییە.. زووكە.. غاردە.
برادەرەكەی بۆی دەرچوو.. كەچی (ئەو) بە تەنها مایەوە.. بایەكیش تێی هەڵكردو.. بۆنەكەی بەرەو بەیاری ئەم سۆركەی دەبرد.. (ئەو)یش زۆر بە خێرایی گرێی داوەكانی لە لقو تەڕاشان دەكردەوە.. كەچی هەر ئەوەندەی زانی كەوەكان گیانیان دەدا.. لەبەر خۆیەوە دەیگوت:- (ئەی هاوار چیم بە خۆم كرد.. خۆ كەویشم لە دەست دەرچوونو ڕۆحی خۆشم لە دەست دەردەچێت).. بۆنەكە چووە نێو سییەكانیو لەگەڵ خوێنی گەشی تێكەڵاو بوو.. كەمێك پێستی دەستو دەمو چاوی سوور هەڵگەڕان. دەستەكانی بە خۆیدا شۆڕ كردنەوە.. گوڕگی گیراو.. زمانی لە گۆ وەستا.. نەیتوانی تاقە قسەیەك بكات.. وردە وردەپێستی لەشیو دەستی بە خوران كردو.. دەمو



چوی ئەستوور بوون.. چاوەكانی توانای بینینیان نەما.. مەرگ پێشوازی لێ كرد.. لەگەڵ كەوەكانی دا بوونەتە قوربانی كیمیایی ڕژێم. پاش ئەوەی كیمیاوییەكە كاری خۆی كردو.. زۆر لە گوندەكانی كوردستان تووشی ئەم دەردە كوشندەیە بوون.. ئیتر وردە وردە كیمیاوییەكە لە عەردەكە نیشتەوەو.. خەڵكەكەش ئەوەی بەبەر كیمیایی كەوت، تووش بوو.. لەم ئانو ساتەدا زۆر بە پەلەو خێرایی بروسكە ئاسا تیمی فریاكەوتن بەرەو پیریان هاتن.. دەرزیان لێ دانو، هەندێك دەرمانیان بە نەخۆشەكان داو بەڵام بێ سوود بوو، چونكە داوو دەرمانی دژە كیمیایان نەبوو.. ئەوانی دیكەش لە ترۆپكو لوتكەو بەرزایی چیا هاتنە خوارەوە.. لەم ساتەدا برادەرەكەی خۆی پڕ بە دەنگی هاواری كرد:- هۆ خەڵكی گوند (كوردۆ) بە جێ ماوەو لە بەرە.. چەندی گوتم واز لە كەوەكان بێنەو.. (ئەو) وازی نەهێناو، گوێی پێنەدا. گشتیان ڕایان كرد.. كاتێ گەیشتنە لای تەماشایان دەكرد، چاوەكانی دەرپەڕیبوونو.. تەنها هەناسەی بە ئاستەم دەهات. پێستی لەشیو دەمو چاوی بەتەواوی سوتاو ئاوسا بوون.. هەر كەس نەیدەناسییەوە.. لەم لاشەوە كەوی خۆماڵیو كێوی هەموو لاشەیان لە نێو لەمو زیخو خۆڵەكە كەوتبوو.. وێنەیەكی جەرگ پڕ.. برادەرەكەی بەپەلە خۆی گەیاندە لایو.. زۆر بە غەمو پەژارەیی ڕووی تێ كردو گوتی:- ئەدی گوێت لە دەنگم نەبوو! كە هاوارم دەكرد.. كوڕە كیمیاییە.. كیمیاییە.. (ئەو) ئاگای لە خۆی نەبوو تا نیشانەی دڵنیایی بنوێنێو.. سەری خۆی بۆ بلەقێنێ.
هەناسەی زۆر بە هێواشی هاتو چۆی دەكرد. دوا هەناسەی بوو.. ترپەی دڵی زۆر بە نەرمیو لەسەرە خۆ لێی دەدا.. ئاوزینگی دەدا.. زۆری نەبرد گیانی دەرچوو.. یەكێك لە

خەڵکەکە بە قسە هاتو گوتی:- مەرگی لەسەر کەوەکانی خۆی دانا.
- ئێمە کەومان ڕاو دەکرد.. فاشییەکانیش ئێمە ڕاو دەکەن.
- گرنگ ئەوەیە ئێمە گشتمان گیانمان لە پێناوی ئەو خاکە دا بەخت بکەینو.. ڕووبەڕووی ڕژێم بوەستین.
- بەڵێ ئەمە ئەنجامی ئەم گەلەیە.. ڕژێم نیازە گڵاوەکانی بە ئێمە تاقی دەکاتەوە.. بە هەوەسی خۆی کێی بوێ لە نێوی دەبات..! کێندەرێ هەوەستی لێ بێت، کیمیا بارانی دەکات.
ئینجا خەڵکەکە وردە وردە قەفەزەکانو تەرمەکەیان بەرەو گوند دەبردو.. زۆر بە هێمنیو غەمباری دەڕۆیشتن.. هیچ دەنگێ نەدەهات.. تەنیا ورشەی گەڵاو هاژەی ڕووبار نەبێ.. ڕووباریش بە غەمباری شەپۆلەکانی لەسەر گاشە بەردان شۆڕ دەبوونەوەو دەنگ دانەوەی پێك دەهێنا.. وردە شەپۆلی بچووكو کەفێکی سپی دروست دەکرد.. ماتەمینی دەردەبڕی.. لەم لاشەوە داربەڕووو مازوو خۆیان وێك هێنابووەوەو.. غەمو پەژارەی خۆیان دەردەبڕی.. گەڵاکانیان سەمایان دەکرد.. چ سەماییێك!! سەمای مەرگو ماتەمینی، کە گونجاو بوو لەگەڵ ڕەزمی هەنگاوی تەرم هەڵگرەکان.



# چۆن لەخشتەیان بردم

مەجید عەبدولرەحمان/شەقلاوە

گەوجایەتی من هەر بەمە ڕادیارە مرۆڤێکی ساویلەکەمو زوو باوەڕ بە خەڵکی دێنمو دەتوانن بە دوو قسەی خۆش لە خشتەم بەرن...
هەموو جارێك کە تێدەکەومو گەجایەتی خۆم بۆ ڕوون دەبێتەوە بڕیار دەدەم لەمەوداوا بیر بەکاربێنمو پێش ئەوەی بڕیار لەسەر هەر شتێك بدەمو هیچ شتێك بکەم بیری لێبکەمەوەو بپرسم ئینجا ئیشەکە بکەمو تاقیکردنەوەش لە ڕابردوو وەربگرم، بەلاّم کە بێئەقڵی دەپەڕێتە سەرم ئاگام لە هیچ شتێك نامێنێ ئەگەر وا نەبوایە ئەمجارەشیان وەك جارانی پێشوو ئەم بیرەی بۆیان هەڵکەندبووم تێی نەدەکەوتم. بەلاّم ئەمجارەیان بە ناوی برادەرایەتی تێکەوتم زمان لوسیو خۆگەورەگرتنی حسین لە خشتەیان بردم...
حسین پێش ئەوەی پرۆژەکەی لەگەڵما بخاتە کار زۆر لە بن گوێمی خوێند... زۆر گوێی لێم هێنایە پێشو وا خۆی نیشان دا کەوا برادەرێکی گیانی بە گیانیمە ئەم لە بەرژەوەندی من بەو لاوە هیچ شتێکی تری گەرەك نیە بۆیە هەموو کات باسی ئازایی کارەکانی خۆی دەگێڕایەوە کە چۆن ئەنجامی داونو چۆن لە هەموو شوێنێك برادەرو ناسیاوی هەنو ئیشی ئەم لە

هیچ شوێنێکا لەنگەر ناگرێو تەنانەت بە سوپاسیشەوە خەڵك کارەکانی بۆ ئەنجام دەدەن،، هەر لەم ڕۆژەوە لە سەربازی یەکترمان بینی زیاتر لێم نزیك دەکەوتەوەو منیش وەك هاوڕێیەکی بە وەفام دەهاتە پێش چاوو بۆیە لە زۆر کارا یارمەتیم دەدا... حسین وا خۆی نیشاندا کەوا پیشانگای ئۆتۆمبێل فرۆشتنیان هەبووە پاشانیش لەبەر سەربازی پیشانگاکەیان فرۆشتووە.... جارێکیان هاتینە سەر باسی بازاڕی ئۆتۆمبێلو کڕینو فرۆشتنو جۆرەکانی بۆیە لێی پرسیم:

- دەزانی ئۆتۆمبێل لێخوڕی؟

- بەڵێ دەزانم.

- لەوانەیە ئۆتۆمبێلتان هەبێ لە ماڵەوە؟

- بەڵێ باوکم هەیەتی بەڵام.!

- بەڵام چی وادیارە لێ ناگەڕێ تۆ لێخوڕی؟

- نەوەڵا لێ ئەگەڕێ بەڵام من خۆم ناتوانم لە هەموو شوێنێك لێخوڕم چونکی ئیجازەم نیە!

- ئۆ دەوا بڵێ ئەی بۆ چەند دەمێکە قسە ناکەی ئەمە هەر کارێکی زۆر ئاسانە دەبوایە زوو بە منت وتایە.

- دەباشە ئەوا پێم وتی چیم بۆ ئەکەی!

- برالە من چەند کەسم کردۆتە خاوەنی ئیجازە... بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتووچۆ هاوڕێمە گەلێك جار داوەتم کردووەو بە یەکەوە خواردوومانەتەوە...

- دەکەواتە ئاسانە وانییە!

- بەڵێ زۆر ئاسانە..



- تەنها ئەم ئیشەمت بۆ بکردایەو ببومایە خاوەن ئیجازەو بێ منەتی ئۆتۆمبێلم بهاژوایە، ئەم کاتە خۆم بە هیچ پاشایەك نەدەگۆڕیەوە...

- برالە ئەم داوایە هەر هیچ نیە داوای شتی لەمە گەورەتر بکە ئەوا وا بزانە ئیجازەکە لە گیرفانی خۆتەو هیچ خەمت نەبێ...

- بەڵام ئەزیەتە بۆ تۆ!

- نەخێر هیچ ئەزیەت نیە تەنیا یەك شت هەیە دەمەوێ پێت بڵێم...

- فەرموو بیڵێ...

- دەبێ هەندێك پارە بدەی بۆ ئەوەی بیدەین بە دیاریو دەویان چەور بگەین خۆشت لەمن باشتر دەزانی دونیاکە وای لێهاتووە.

- باشە باش... بەڵام پارەکە چەند بێ؟!

- ئاوا نزیکەی دووسەد دینارێك تا بیدەین بە دیاریو شتی نایاب بۆ ماڵەوەیان بەرین...

- بەڵام دووسەد دینار زۆر نیە؟!

- نەخێر کابرایەك بە دووسەد دینار ببێت بە خاوەنی ئیجازە هەر هیچ نییە... ئەمڕۆ ئیجازە وەك شەهادەیەك وایە ئەگەر هەچ کاتێك ئیش بوویت دەتوانی ببیت بە خاوەنی تاکسیو کرێی ناوشاری پێبکەی... ئەگەر بڕواشم پێناکەی خۆت لەگەڵما وەرە چیم پێ وتی بۆم بکرە تا بۆی بەرم...

- ئەستەغروڵا تۆ پیاوێکی خانەدانو ناسراوی مەبەستم ئەمە نیە بەڵام با جارێ پەنجا دینارت بدەمێ بایی ئەم پارەیە دیاری بۆ بەرە با ئەمە سەرەتا بێت ئەوەی تریش خوا کەریمە.

- بەڵام پەنجا دینار کەمە هەر تەنها کامیرایەکی دەسبەجێ بە حەفتا دینار زیارە!...

- باشە دەبا شەست دینار بێت قابیلە ئەوەکەی تری نادەم!

- براکەم تۆ هاوڕێی گیانی بە گیانی منی ئەگەر تۆ پارەت نیە من لە گیرفانی خۆم دەیدەم... جیاوازی لە نێوان ئێمەدا چییە؟!

- نە باوکم سوپاس تۆ لەسەر پیاوەتی خۆشت لە جیاتی من پارە بدەی... دەها ئەمە جارێ حەفتا دینارت بدەمێ خۆ دەبێ هەندێك پارەشم پێ بمێنێ بۆ خەرجی خۆم...

- دەباشە هەرچەندە کەمیشە بەڵام با ئەمە سەرەتا بێت، ئەمجارەیان کە بە مۆڵچەت ڕۆیشتەوە ماڵەوەو هاتەوە وتی پارەکەم دا بە دیاریو بردم بۆ ماڵی بەڕێوەبەری هاتوچۆو باسی تۆشم بۆ کردووە وتویەتی حەز دەکەم بێتە لامو سلاوی گەرمیشی بۆت هەیەو پێشی بڵێ هیچ خەمی نەبێت... بەڕاستی منیش بەم قسانە بە تەواوی بڕوام هێنا... لە دڵی خۆمدا وتم تازە ئیجازەکەم مسۆگەر بوو... جاری دووەم کە بە مۆڵەت ڕۆیشتەوە ووتی :-

- ئەبێ هەندێك دیاری تریشی بۆ بکڕین بۆ ئەوەی ئەمجارە بە تەواوی ئیشەکەمان مسۆگەر بێت...

منیش وتم:-



- قەیناکە با سی دیناری تریشت بدەمێ تا ببێت بە سەد دینار وا بزانم ئەمەندەی بەسە..

- وا دیارە تۆ هێشتا من ناناسی... من لە خانەوادەکانی هەولێرمو لە خێزانێکی ناسراومو خەڵکی هەموو دەمناسێو ڕێزم لێدەگرنو دەزانن پارە لای من هیچ نرخێکی نییە...ئەگەر پارەشت نیە ئەوا خۆم لە جیاتی تۆ دەیدەم..!

ئەم هەموو جار کە دیوت لە جیاتی تۆ پارەکە دەدەم من وام دەزانی قسەیەکی گەلێك ناشیرینە بۆ منو وا دەگەیەنێ کە من ئەوەندە پارەم لا گرنگە ب ئیشی خۆشم خەڵکی لە جیاتی من بیدەن بۆیە هەرچەندێی بیوتایە بێ سێودوو دەمدایە دەشیزانی من لە خێزانێکی دەوڵەمەند پەروەردە بویمە بۆیە هەموو کارێك هەوڵ دەدەین بە پایە پێکی بنێینو بە دوایا ماندوو نەبین خۆ ئەگەر کوڕە هەژارێك بومایە ئەو کاتە هیچ هیوایەکی پێ نەدەماو دەستی لێم دەشوشتەوەو دەیزانی نە ئەو پارەیەی دەیەوێت لای من دەست دەکەوێتو نە منیش بۆ هیچ شتێك بە پارە پێویستیەکانی خۆم دابین دەکرد بەڵکو بە بەری ڕەنجی شانی خۆم فێری دەبوومو بەدیم دەهێنا...جا بۆیە هەرچەندێکی داوای بکردایە یەکسەر دەمدایە، بۆیە ئەمجارەشیان دەستم بۆ جزدانەکەم بردو حەفتا دیناری تریشم خستە ناو دەستی ئەمجارەیش بە مۆڵەت ڕۆیشتەوە... کە هاتەوە ووتی ئەمجارەیان هەر لە ئێستاوە وا دابنێ ئیجازەکە لە گیرفانتە... بەڕاستی کەیفم بەم قسانە هات... بەڵام پەلی

وەرگرتنی بووم حەزم دەکرد زوو گیرفانی خۆمی ببینمو بەبێ نرس ئۆتۆمبێلەکەمان لێبخوڕم، بۆیە پێم ووت:-

- حەزەکەم زوو مامەلەکەم بۆ تەوا بکەی نەوەك جەنابی بەڕێوەبەر بگۆڕێتو ئیشەکەمان لێهەڵبوەشێتەوە...

- کوڕە غەمت نەبێ تا مانگێکی تر لە سەربازی تەواو ئەبین ئەو کات بە دەوسی خۆمان دەری دێنین... تۆ تەنها مامەلەکەم بۆ دەست پێ بکەو مەسەلەی تراکەش هیچ حەقت بەسەرا نەبێت! لە دڵی خۆما وتم ئم هەموو پارەیەم داوە بە تۆ یاخوا تڕاشم پێ بدەی... ماوەیەکی تریش ئارامم گرت تا ئەو کاتەی دوای تەوابوونی سەربازی دۆزیمەوەو زوو زوو سەری ماڵەوەمانی دەداو چاکو چۆنیەکی گەرمی لەگەڵا دەکردم...ڕۆێکیان ئەم خۆی پێی وتم :-

- لەم ڕۆژانەدا ئیستیمارە دێنم زوو پڕی بکەرەوەو بمدەرێ

منیش وتم:-

- باشە بەڵام تۆزێك زوو بیهێنە با زوو لە یەخەمان بێتەوە.

- باشە بەڵام تۆ تائێستا (١٤٠) دینارت داوە بێنە شەست دیناری تریشم بدەرێ با ببێت بە دووسەد دینار با بەڕێوەبەر نەڵێ هیچیان بۆ نەهێناوم...

منیش لەم ماوەیەدا بێ ئیش بوومو هێشتاکە لە هیچ موچەیەکا دانەمەزرابووم بۆیە بە غەمگینیەوە پێم وت:-

- بەڵام پارەیەکی باشمان داوەتێ بۆچی ئەبێ هەر دووسەد دینار بێت..



- باشە من هەر لە هەوەڵ جارەوە پێم وتی دوو سەد دیناری تێئەچێ... خۆ من بۆ گەلێك برادەرانیتریشم دەرکردووە هەندێکیان تا سێ سەد دیناریشیان داوە...

- باوکم قەیناکە تۆ پیاوەتیەکە هەر ئەکەی پارە گرنگ نیە هەر چۆنێك بێت بۆت پەیا ئەکەم..

- دەکەواتە بەیانی ئێوارە شەست دینارەکەم بۆ بێنە لە قاەخانەی عەبۆ بۆم دابنێو منیش بە مام عەبۆی خاوەنی قاوەخانە دەڵێم لێت وەرگرێ من بە زۆری هەر لای ئەو دادەنیشم...

بەڕاستی ئەو کات تەنها سی دینارم لە گیرفانی خۆمدا شك دەبرد بۆیە ئەگەر بهاتایەو هەر یەکێك پەنجا دیناری بدامابێ وام دەزانی حەجێکی کردووە بۆی نەم زانی چیبکەم شەرمم کرد بە کەس بڵێم... ناچار بۆ ڕۆژی دوایی نەچوومەوە ئەوێ... ئێوارە حسین خۆی هاتە لای ماڵەوە ووتی:-

- ئەمە بۆچی بەیانی نەهاتیو پارەکەت نەهێنا؟!

منیش بە شەرمێکەوە ووتم:-

- بەڕاستی ئەگەر بڵێم جارێ پارەم نیە وا بزانم هیچ عەیبێکی تیا نیە.

- نەوەڵا عەیبی چی!!

- باشە باوکم تۆ ئێستا ئیجازەکەم بۆ تەواو بمە ئینجا دوایی لە خۆشیان هەرچۆنێك بێت پارکەت بۆ پەیا ئەکەمو بەڵکو زیاتریشت ئەدەمێ.

- ئاخر نابێ هەر ئەبێ پارەکە تەواو بێ... بەم پارە کەم چۆن بەڕێوەبەر ڕازی ئەبێت... بڕوا بکە من هێشتا لە گیرفانی خۆشمی دەخەمە سەر ناچار بووم بۆ پارەکە بە هاوڕێیەکی فەرمانبەرم ووت ئەمیش لەبەر ئەوی تازە ناوەڕاستی مانگ بوو بۆیە پارەی نەبوو زۆر بڕواشم پێی هەبوو دوای ئەوەی هەموو شتێکم تێگەیاندو پێی ووتم:-

- کێ دەڵێ ئەم کابرایە ساختەچی نیەو دەیەوێ پارەکەت لێبەرداتە خوارەوە جارێکی تر چاوت پێی نەکەوێتەوە یاخود ئەگەر واش بێت کێ دەڵێت ئەم ئیجازەی بۆتی دەرئەکا ساختە نیە جا ئەو کات سەری هەردووکتان لە قوڕا ئەچەقێ.!

جا گەوجاتی من لەمەڕا دیارە زوو فریم خواردو بە قسەی ئەم هاوڕێیەم نەکرد بۆیە ناچار بووم لە ماڵەوە سی دینار لە خوشکەکەم قەرز بکەم کەوا ماوەیەك بوو پارەی گرد دەکردەوە بۆ ئەوەی دەستێك جلی نایابی پی بکڕێت... پارەکەم بۆ تەواو کردو خستمە ناو دەستی، بڕیاریدا دوای دوو ڕۆژ ئیجازەکەم بۆ تەواو کات بەڵام هەر ئەو چاوێکەوتنە بوو ئیتر نەمبینیەوە... تاڕۆژێکیان بە ڕێکەوت لە بازاڕا بینیمەوە... هەزار جار داوای لێبوردنی لێکردم کە گوایە ئەم ماوەیە لە بەغا بووەو تازە هاتۆتەوە دیسان جارێکی تریش بڕیاری پێ دامەوەو ئەمجارەیان سوێندیشی بۆ خواردم کەوا دوو ڕۆژی تر بێتە لام‌و چی تر ئەم لاو ئەولا نەکات‌و بە یەکجاری ئیشەکە ببڕێنێتەوە... بەڵام ئەوجارەیان دوا چاوپێکەوتنم بوو تا ئێستاش لەگەڵا بێت لێم بوو بە بەردی بن گۆم‌و نەمدۆزیەوە



زۆر جارانیش چاوم بە قاوەخانەدا دەگرت تا ڕۆژێکیان لە مام عەبۆی خاوەنی قاوەخانەکەشم پرسی لەبارەیەوە وتی منیش تەنها بەهۆی هات‌و چۆی قاوەخانەوە دەیناسم... نەیدەزانی چیەو کێەو خەڵکی چ گەرەکێکە تەنها ئەوەندە نەبێ زۆر جار لای ئەو وتبووی بەڵێندەرم ...ڕاستی ئەم جارەیان وەك هیچ جارێکی تر تێنەکەوتم بەڵکو قوڵم لەبن ڕا بڕاو تا لوتم کەوتمە ناو چاڵەوەو داوێکی وایان بۆ نامەوە تا پێیەوە نەبووم هەستم پێ نەکرد... ئاخر بۆیە هەموو جار دەڵێم من گەوجم‌و بەڵکو لە هەموو کەسیش گەوجترم ئەمیش هەمووی لە ساویلکەیی‌و خۆش باوەڕی خۆمە دەنا هەر هیچ نەبوایە ناو نیشانیم وەردەگرت‌و ماڵەکەیانم پێ دەزانی‌و لە پێش چاوی دوو کەسیش پارەکەم بدایەتێ‌و ئێستا دەمتوانی بە ئاسانی شکاتی لێبەکەم‌و پارەکەی لێ بسەنمەوە... بەڵام تازە کار لەکار ترازا مستەحەقم بێت تا ئەو گەوجایەتیەم لە کەللەدا بمێنێ حاڵم هەروا دەبێ... تازە هیچ چارەم نیە هەر دەبێ خۆم دڵی خۆم بدەمەوەو بڵێم گریم کرد پارەکەم لێ ون بوو یان بڵێم کەوتە ناو ڕووبارەوە هەر باش بوو خۆم سەلامەت بووم...

شەقلاوە

تەموزی ١٩٨٣

# هه وڵێکی خۆکوژی

محمدجمیل کاوانی

شاره نەیدەزانی لە کەیەوە خەویلێکەوتوە ، هاتەوە بیری کە یەکەمجار بەخەبەر بوەوە هێشتا لولە ژیانی بەختەکانی لە دەمولوتیدا مابوون، دەنگێکی بیست(حەز دەکەیت بتجولێنم). بەڵام ئێستا بەچاوی تەماشاوە دەڕوانێتە چوار دەوری ژورەکەی خۆی نەیدەزانی ئەم ڕوداوە بەراستی ڕوویداوە یان تەنها خەیالە ، جگە لە یادگارییە هیچ شتێکی بەبیردا نەهات. چەند سیمێك لەجەستەو بەدەوری دڵو مێشکی پەیوەستکرابوو دەستەکانیشی بەتەختە خەوەکەی بەسترابوونەوە ڕووتبوو. تەنها لێفەیەك ئەوی دادە پۆشی، سە رمای بوو بەڵام بڕیاریدا هیچ نارە زاییێك دەرنەبڕێت شوێنی ئەو دە زگای چاودێری تایبە ت بوو. پەرستیارێك بە دانیشتنەوە سەرقاڵی کتێب خوێندنەوە بوو، چاوێکی قاوەیی و قژێکی رەشی هەبوو ،سەرە رای ئەوە شارادڵنیابوو ئەو ژنە ئە وەیە کە کاتژمێرێك لەمەو پێش یان چەند رۆژێك لەمەوبەر یاخو چەند مانگێك بینی بووی،(ئە کرێ دوودەستە کانم ئازاد بکەیت ) پەرستیاربە تووڕەیەوە نەخێر، کەچی ئەو بێ هیوابوو لە ژیان. ئەو بەخەیاڵی داهات دووبارە دەگەڕێتەوە (دەبێت چاوم بە



هاورێکانی زانکۆ بکەوێت ، گۆرە پانی شاربببینمەوە کە خە ڵك بە یانیان لە وێ کۆدەبنەوە ) پێی وابو جارێکی تر ڕێڕەوی ژیان دە ست پێدە کاتەوەڕوو لە هە مان زانکۆدە کات لە گە ڵ خوێندکاراندا باس لە کێشە هە نووکەیە کانی جیهان دە کاتەوەدووبارە دەست بە پیاسەو بەزم ورە زمی جاران دە کاتەوە(ئەو حەبەنە علە تیانەی کە خواردم هیچ کاریگەری ئەو تۆیان نەکردۆتە سەر جەستەو ڕووخسارەکەم ) بیری بۆلای بەستنەوەی هاورێیکی ترو دیداری دۆستێکی نوێ بوو گوتی (دوای دووبارە چێژوە رگرتن هە مدیسان هە ستم خاڵی ئە بێتەوە ، خۆ کە ساتێك هە ن بە هە مان شێوە خاوەن دیدگای خاڵین بۆژیان بەڵام وادە نوێنن کەبیر لەبابەت گە لێکی زۆر گرنگ دە کەنەوە ، ( دایکم لە هە وڵە خۆکووژیە کەم زۆر نیگە رانە خەریکە شێت دەبێت ، دوای ماوەییێك دڵی هێور دەبێتەوە، دووبارە لێم دەپرسێ کە چ بەرنامە یێکی تازەم بۆژیان هە ڵبژاردووە. کەچی ڕۆژێك دێت لەو قسانەی بێزاردە بم کە ڕۆژانە دەیلێتەوە، بۆرە زامەندی ئەو بریاری شوکردنم بدەم خۆم ناچار بکەم کەسێکی نەشیاوم خۆشبووێت و کوچە یێك بۆخۆمان و مندالە کانمان بدۆزینەوە، ساڵی یە کەم زۆر پە یوە ست دەبین بە یە کەوە ساڵی دووەم کە متر ساڵی سێەم رەنگە پانزە رۆژێك یەك جار بیر لە هاوسەری ژیان بکە ینەوە، دوای ئەوە دەبێتە مانگێك لەوەش خراپتر بەدەگمەن لەگەڵ یەك ئەدووبیێن ، پاشان چە ند منداڵێك دە هێنینە دونیاوە کە لە شەوە زوو تێپەرەکانی خۆشەویستیدا هاتوو نە تە بوون وادە زانم هەموو تەمەنی ئەوان تاکە بە لگەی منن کەچی بە

پێچەوانەوە ، هەر چە ند تەمەن بەرەو پیری بروات هیواکان زیاتر سیس دەبن لەگەڵ مندا دەرۆن و دەشمرن ) شارا کۆتایی بە ڵیدوانە دەروو نیە کەی هێنا بە ڵێنیدا کە جارێکی تر بە زندووی لە م نە خۆشخانەیە نەچێتە دەرەوە چاکتر وایە هەر لە وێوە کۆتای بە هە موو شتێك بێنێت ، غیرە تی ئەوەی لە روح داماوە ...لە ناکاو گوێی لە تە پەی پێی پەر ستیار بوو لەو ساتە ناسك و ژووانە هزریەدا پەرستیار گوتی (ناتەوێ بپرسی تەندرووستیت چۆنە ) شارا بێ یەكو دوو وەلأمی دایەوە (ئێستا دە زانم ...هیچ پە یوە ندی بە وشتانەوەنیە کە لە جە ستەمەوە دە بینن بە ڵکو هە ست دەکەم شتێك لە ناخم دا ڕوودەدات ) پە رستیار هە وڵی دایەوە بەردەوام بێت بە لأم ئەو بێدەنگ خۆی کرد بە خە وتوو. کاتێ چاوی کردەوە بینی دوو پزیشك بەسەریەوە وە ستاون ، شارا ووتی ( لە کە یەوە لێرە خە وێندراوم )؟ پزیشك لچێکی لێ هە ڵقوورتاند (مانگێك دووان سیان ڕە نگە زۆرلەوەش زیاتر بێت ، زۆرتر لە هۆڵی بوژانەوەی دڵ بوویت ها خۆشحاڵی لەوەی کە زندوویت) پزیشکە لأوە کە سەری سورما بوو لەوەی دە بێ ئە مە راست بێت ! دووای ئەوەی ناو وناو نیشانی تەواو لە فایلە کەی دە ستی نووسی پزیشکە پیرە کە پێیگوو ت (رە نگە بە م زووانە دڵت لەلێدان بکەوێت )، شارا مەبەستت چیە؟ ئەویش گووتی وەلأمەکەی تە نیامەرگە. شارا لەسەرخۆ گوتی نازانی کەی؟. پەلە مەکە هەمووی رەنگە لەم هە فتەیە کۆتایت بێت ،شارا تێگە یشت کە چێژ لەم جۆرە وتانە وەردەگرێت بۆئەوەی ئەو ببێتە پەندێك بۆ هەموو ئەو کەسانەی هەوڵی لە ناوبردنی



خۆیان ئەدەن. بەدرێژای شەو ترس دایگرتبوو ئەو مەرگێکی کتوپری هەڵبژاردبوو نەوەك چاوەڕوانی مردن، تاوێك لەخۆیەوە داما بیری بۆ ئەوەچوو کەی دایکی دێت یان نامەی خۆشەویستەکەی پێئەگات سەیرێکی دەورو بەری خۆی کرد هەموو تەختە خەوەکان ی کێکی لەسەر راکشاوە هەو ڵیدا رێگا چارەییێکی هەڵأتن بگرێتە بەر کەچی دەرگا داخراوە کان پەنجەرە تەڵبەند کراوەکان، تەختەکان، پاسەوانەکان، لەسەرووی ئەوە شەوە لە هەموو نەخۆشەکانی تر لە دەرگاکەوە دووربوو هیوا برابوو.لە تەنیشتیەوە کوڕێك لە سەر لاکەوتبوو شارانە یدەویست بازنەییێکی کۆمەلأیەتی لەگەڵدا دورست بکات، یان دەستێکیتر بۆ شۆرشەکەی بە رپابکات بە ڵکو بریاری کوڵەمەرگی خۆیدابوو، کوڕە پرسی تۆنازانی شێتی مانای چیە؟ شارا سەری بەرز کردووە پرسی ئەتۆ کێی ؟ من (هێمن) تۆبڵێی مانای شێتی چیبێت ؟! زۆر جار وەرزشکاران شێتن چونکە هەوڵدەدەن ژمارەی پێوانەیی بشکێنن. هونەرمە ندان چونکە هاوشێوەی ژیانێکی نامۆنە. بەلأم شارا لە بەر خۆیەوە دەیوت شێتی دەبێت چیبێت؟ من شێت نیم تەنیا لەئامانجی خۆکوژییێکدا شکست خواردووم.هە رکە سە لە جیهانی تایبە تی خۆیدا بژیت شێتە ، هێمن پە چرپەوە وتی دە ڵێن لە لای شێت کات و شوێن نیە کەچی تە نیالە ژیانی مرۆڤ ئەو دوو پێکهاتەیە هەیە، ئەوەتە کریسوڤ کلمب ئە ڵێت ( سورم لەسەر ئەوەی کۆتایی جیهان ئەشکەوت نیە بەڵکو قارە یێکە) پاوڵۆش دەڵێت (هەر کە سێك ئاشق نە بێت شێتە) شاراش بەگومانەوەو لەبەر خۆیەوە دیگووت (ئەمە زۆر لە شێتەکانی دەرەوە

ژیرتره) هێمنیش وەکو بڵێی چاوەکانی شارای ئەخوێندەوەو سەربردەی بۆئەگێرایەوە (جارێکیان کچێکم بینی بەنیوەرووتیەوە لەسەر شە قامە ساردو سرە کە پیاسەی ئەکرد منیش وامدەزانی مە ستە، ویستم یارمەتی بدەم پاڵتۆکەم خستەسەرشانی کەچی ئەو رازی نەبوو گوتم رەنگە لە جیهانی ئەو وەرزی هاوینە بێت ، زانیم جەستەی لەئارەزووی دیداری کە سێك دابوو لە باوەشی بگرێت) شارا بەرووێکی گە شەوە ووتی (کورە ئە تۆ شێت نیت )ئەویش دەیگوت (بە ڵێ من شێت نیم بە هۆی خواردنی مادە بێهۆشکەرەوە بۆئێرە یان هێناووم، بەڵام من هەربەردەوام دە بم چونکە نامەوێت وەك ئەو خەڵکە بژیم ئەو ژیانەی ئەوان داوام لێ ئە کە ن هەموویان دە قاو دەق لەیەك دەچن و یەك رە فتار دە کەن )ماوەیەك بێ دەنگ بوون هێمن دیسانەوە گوتی (ئە ڵێن بەنیازین بەم زووانە هەمووومان بمرین) ئەویش ووتی ( رەنگە مردنی هەمومان لە هە فتەیێك دابێت بەڵام دەبێت حەبێکم دەسکەوێت ؟تازووتر رزگارمبێت) لە ناکاو پە رستیارێکی دەرزی بە دەستەوەبووبە دیار کەووت (ئەتووانم کەخۆم ئەم دەرزیە تان لێ بدەم ، ئەمەش پەیوەستە بەخواستی تۆوە گەر نا داوا لە پاسەوانەکانی دەرەوە دەکەم یارمە تیم بدە ن...) هێمن بە هێمنی خۆیەوە بە شارای گوت (کاتت بە فیرۆمەدە ئەو شتەی دەتوت، ئەتەوێ ئەنجامی بدەیت کە واتە هێزوتواناکانت بۆئەم کارە هەرچی زووە کۆکەرەوە ) شارا بێدەنگ بوو پەرستیاریش کارەکەی خۆی ئە نجامدا .



کورتیلە چیرۆک

# سە بای چیرۆك

ئەحمەد محمەد شێخ وەسانی

ویڵ بوون (١)

-هە مووو کاتێك وە ك کۆرپە ییێك لە نێو لانکە ی سۆما ی ئەو بـە هـارەدا بێگومـان بـوو... ڕوحـی هـەورە سـەر شـێتە کـان لـەبریقو بـاقی ئـە سـتێرە کـان ڕایـان دەکـرد بـۆ سـاتێکیشترووسکایی بەدی نەدەکرا ، ئەرزەش بداتە فرمێسکە کانی کە لە گۆمی ویڵ بووندا وندە بوون .

**هه ناسه یێك (٢)**

-هه میشه له خەلوه تی بیرکردنـەوه دابـوو .. ڕ ازی دەروو نـی له نێو بازنەی کلۆ به فره کان بـه هـه ناسـه یێـك لـه کـه نـاری دەریـای شـیعرابورژێنێ !! بۆئـەوەی بەسەرسـه ره تـایی بـێ پشووی شەو دا زاڵبێت و دوا جار ئه ندێشه کان با نگهێشبکات .



**ترسی په یڤه کان (٣)**

- دره نگه وه ختانێك ئەو کاتەی ئاسمان بێ ده نگ بـوو ، جگـه لـه ئـه سـتێره کـان هـیچ شـتێکی تـر بـه دی نـه ده کـرا .. تراوویلکەی مه رگ بـه دوای سـه رابـدا ده گـه را ، وەلێ نمایشـی پـه یڤـه کـان پـەردەی ناسـکی خـه نـده کـان ده هـه ژێنێـت .. تابەبۆنی زەنگی هزرێك تاسەی ترسه کان بشکێنێ .

## کورتیله چیرۆک

# نزا

هێمن عمر خۆشناو

که سەلامی نوێژەکەی دایەوە دەستی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی له پەروەردگاری پاڕایەوە . کورەکەی له پشتیەوە گوێچکەکانی قولاّغ کردبوو ونیگای چاوەکانی تیشك .. تیشك .. دەپەڕینه سەر وێنەی باوکی کەله دیوارەکەی تەنشتیان هەڵواسرابوو .
یەکدووجار رووی له دایکی کردو گوتی ( دایه دایه ئەی نزای بۆ باوکم دەکەی نەتدیوه چۆن سەیرماندەکات .دایکەکه وەك بڵێی مێردەکەی زندوەو ئەم وێنەیەی قەت نەدیوه . بەبێدەنگی به تیله چاوێك سەیری کردو بەرماڵەکەی پێچایەوەو ژوورەکەی جێهێشت .

# گریان

لەمێژبوو تامەزرۆی وتەکانی دایکی بوو . که هاتەوه پێش ئەوەی تەقەله دەرگایقسه بدەن باوەشیان بۆ یەکتر کردەوه . تا فرمێسك تواناى ما به سەر شانی یەکتریان رژاند ، که

دەستیان لە یەك بەردا لەنوزەی گریان زیاتر زمانی دایکی نەدەکەوتە گۆ .

## چیرۆکنوس

هێندەی حەز لێبوو ناوی بە چیرۆکنوس بخوێندرێتەوەو چیرۆك بنوسێت. هەرچەندە سەرو سەربردەشی زۆر لەلابوو ، ئەمجارە چیرۆکێکی نوسی دای بەتۆ بۆ ئەوەی چاوێکی پێدا بخشێنی، تۆش ئەوەندە تێیدەفکری سەرت لێدەرنەدەچوو ، چەشنی دار کەوەتێکی ئامادە بۆ دەسکی مشار کەوتیتە سەرو گێلاك شکاندنی ، ویستت چیرۆکە کەبە ئارەزووی‌خۆت هە ڵپاچی لە دەستت شکا . ناچار چیرۆکێکی خۆت بۆنوسی بە ناوی ئەوەوە لە ڕۆژنامە یێکیشت بڵاوکردەوە .

## برایە تی

پێش ئەوەی بەرەوڕووت بێت و لە ماشێ نە کەدابەزیت تۆبە تووڕەیەوە ڕووت لێ وەرسوراند و پشتت تێکرد ، هاتە خوارەوە وبە هەڵە داوان خۆی گە یاندە لات وگریان لە هە وکی گیربوو ، لە دواوە دەستی لەسەرشانە کانت دانان و ڕایچڵە کاندی ، لەسەر خۆوبە ئەسپایی گووتی: برام وەرە باوکیشمان مرد...؟!



**میکرۆ چیرۆک**

# سەبیحە خانم

ئەحمەد لەتیف خورشید

(١)

...........کێ ئەڵێ ڕوابوونیش دێتە کایەوە پێش ئەوەی مرۆڤ هزر بکاتەوە لەخۆی؟

وەڵێ....ئێوەش بەبێ ئێمە لەشوێنێكو ئێوەش لەشوێنێکی تر....ئیتر چۆن بەیەك بگەین؟؟

گومان دەکەم! بەم جۆرە (تاوانە) ئێمە لەیەکتر جیا بکەنەوە!

بۆیە باوەڕ ناکەم کە لەهیچ شوێنێكو کاتێکیشدا ئاوێزانو بەیەك بگەین.....

لەجیاتی پاداشت دانەوەو بەرخودانکردن، تووشی تۆڵەسەندنەوەش بین...؟

چونکە...ئەوان بەزەییان بەکارەساتە دڵەزێنەکانیش نایەتەوە....ئەم کارانەش بەپێچەوانەی یەکترین.

(٢)

بەبێ پەروابوون، (بووین) چونکە هیچ نرخێكو بایەخێك بۆ ڕووداوە دڵتەزێنەکانیش دانانێینو ناهەمواری فەرامۆش

كەین....و گوڵی بەختیاریش لەو شوێنەدا بڕوێنین.... برای گەورەم بەو خەونە دڵەزێنە سەری نایەوە....وو چووە ژێر گڵ........هیچ پەیوەندییەكی لەگەڵ (ئەواندا) نەبەست....چونكە (ئەوان) سەرچاوەی ئەو (تاوان)ە بوون ئەو گێروگرفتە ترسناكەشیان كتو پڕ دروستكرد....

(٣)

هەرچەندە خۆم نیگەران نەبووم......كە چەند ساڵێك تێپەڕی لەئاوارەبوونو هەندەراندا............

..........لەناو تاراوگەی بوونو نەبوون.............

نامۆیی پڕ جۆشو خرۆشم بەجێ هێشتو ژیانی پڕ لەچەرمەسەریو ناهەمواریم هەڵبژاردو ژیام..........

ئەم گەردوونە...چەشنی خەونێك دێتە پێش دووچاوەكانم......یاخود...سەرگوزشتەیەكی...تاڵو سوێرم پێ ئەچێژێ؟چ ئەكتەرێكی بەتوانا بووم؟

لەو جۆرلاە بەتواناو بەجەرگانە خۆم دەنواند........و.....كارەساتە گرنگەكانیشم.....لەسەر شانۆی ژیاندا نمایش دەكرد....

(٤)

هیچ بێگنگیشم نەدەزانی. چونكە رۆژ بەدوای رۆژ گرێی نهێنییەكانیش...ڕوون دەبوونەوەو تا لەكۆتاییدا وەك بڵقی سەر ئاویان لێهات.....تاوی لێهات هەستیان پێ بكەم....و.....تاریكی شەو ڕاوبنێم بۆئەوەی بیكەم بە



....مشتێك خۆڵەمێش....چونكە شەونخونیم بۆ دەكردو ئەستێرەكانیشم...لەناو تەنیاییشم بێ وچان...دەژمارد....

(٥)

گێروگرفتە دڵتەزێنەكانیش.....ئەنجام درا.....تەنیا لەسەر...زئازوەربوون بۆ میراتی باپیرە گەورەم....خەریك بوو....ئەو تاوانە كوشندەیە بەرپا بێت...گە ئەو بۆئێمەی بەجێهێشت....

وای لێكردین...كە پەرتەوازە بین....دەستكورتیو ئەو میراتە...قەت یەكیان نەدەگرتەوە...كەبەیەكسانی دابەشكرێنەوە....بۆیە رۆژێك لەناو كێڵگەدابووین.....خەریكی ئاودێری بووین...بەهەڵێكم زانی ئەو...پێشنیارەم ئاراستەی (فاتمەخان) كەم..

باشە پێم ناڵێیت بۆچی (سەبیحەن خان) شو ناكات؟؟

(٦)

ئەویش خۆی لە گۆ ورە بردو بەسەر دوولێوەكانی داهاتو....سارد پێی ووتم....وەك بڵێیت گاڵتەی پێم ئەهات.....!!

ئۆوی....تۆ لەچ شوێنێكیتو ئێمەش لەچ شوێنێكین.....؟؟

گەلێك بەزەییم بەخۆما هاتەوە....لەتاوان....كێڵگەی سەرسامیم كێلاو دەمویست...گوڵی ئاواتم بڕوێنم...كەچی...چەشنی سێبەرێك ڕووچوو.......و....نەهاتە بەرهەم....و....سێبەرەكەش بەڕەبەنی مایەوە...!!!!

چیرۆکی زۆرکورت

نیزال چەمچەماڵی

## خەون

لەمێژبوو خەونەکانی‌لە بێسەروو بەریدا خە سابوون،دواخەونیشی،کاتێك رۆژی بەئاسمانی دەڤەرە کەیەوەدیت ، ڕاپەری وەهە وڵێکی رەشی چڵکن زگی‌بەسەرزەویداکێشابوو.

## ناونیشان

لەوەتەی ئەو چەکە نە علە تیەبۆتە مۆتە کەی سەرشانی، ئەمەکارتی ئەدرەسەکەیەتی

## شاری خامۆشان

بەرامبەرمەزاری‌شەهیدان

گۆرستانی ژمارە١٠٠٠و...



## عەشق

زگی بەپیرۆزی خۆی سووتا ، تائەوپەری سووتان و رووی لە مە زاری عاشقان کرد، مەم و زین لەگەڵ هە نسکیداوە ئاگاهاتن وبردیان.

## مردن

ئەوە ندەی بەساویلکە یمان تریقایەوە و زانی ئێمەی شرۆڤە کرد، بووبەدێوە زمەیەکو لو شمانیدا بەرەو دوورگەی ونبوون

## ژیان

لە جوانی خۆیدا ئێمەی تواندەوە ، بە جۆرێك ئاوێتەی بووین تە نانەت باب و باپیری خۆشمان نایەتە بەرچاو.

## تاقە هەڵۆکەم

زۆرجارهیوا لەناخمدادەبووبەجە ستەیێکی هەڵا هەڵاو لە سارای وشکوبرینگی خەونەکانمدا لە سۆراخی مەرگدا وەکو پووشوپەڵاشی گەرمە هاوینی ئەوگەرمە سێرە ڕەشە بای حەسرەت لووشی دەداو دەیبرد هەتا دەبوو بەقوربانی گرێکی نامۆ بەمدەڤەرە ، ئیدی من بەدیارگڵکۆی بەزەوی کراوی ماندبوونم ، دەستەوە ئەژنۆ خەو دەیبردمەوە ، ساڵانێکی زۆرلە کولبەی ئەحزانی ئەو ئەندێشەیەدا، سامناکترین ساتەکانم دەگوزەراند... ئای لەو ساتانەی مرۆڤ هیواکانی بەنەزۆکی دێتە بەرچاو . کارە ساتە ..کارە سات، ئەی بۆکارە سات نە بێ،کێ

ئەتوانێ تەماشای رووخساری کۆرپەکەی بکات لە کاتێکدا زیندە بەچاڵی دەکەن، ئەوەندەی لە بیرمە، لەوە تەی هەم تاقە هەڵۆی بڵندترین لووتەکەی هیوام ئەتکدەکرێ، ڕۆژێك چاوی هە ڵدە کۆڵن جارێك پەروو باڵی ئە سووتێنن بەڵام نامرن.
ئیدی من لەچاوەڕوانی چاکبوو نەوەی چاوەکانیدا چەندین ساڵ لەکەناری ئازاردا ئۆقرە دەگرم حەیرانی وەرەی بۆدەچرم، تاچاکدەبنەوە، ئە م جارە روو لەئاسۆ لەچاوەڕوانی هاتنەوەی رووباڵیدا لەسەر پشکۆ سەرخەوێ ئەشکێنمو دەسووتێم، دەسووتێ موسەرخەویکدەشکێنم، هە تاکو تاقەهەڵۆکەم جارێکیترلەسەر لووتکەیئاوات ماندوو دەڕوانێتە گزنگ و بۆ ژووانی سپێدەی سروودی ئەی رەقیب دەڵێتەوە.

# گۆری بە کۆمەڵ

کۆمەلێك منالی پەرپوت کەسیمەیان گەواهی بێ نەواییانی دەدا، دڕیان بەیەك دابوو. هەموو تێکرا دەستە چکۆڵەکانیان رووەو نانەکە درێژکردبوو ، نانەکەش وردە وردە خۆی لەسروشت (شوان خەلەتێنەدا) نیشان دەدا جار لەدوای جار بەرزتردەبوەوە ، منداڵەکان پەیتا پەیتا دەستیان درێژ دەکردو ئەویش بڵندترو بڵندتردەبوو تا بەیەکجاری لە چاو منداڵەکان بزربوو . ئیدی گریان قوڕگیانی گرتوو بە گریانەوە هەموو ئامێزیان لەیەکدا گرتو لەجێ خۆیان دانشتنو لەپرێکدا لەگەڵ ونبونی نانەکەدا بوون بە گۆرێکی بەکۆمەل .





# چاوەروانی

مهناز کاوانی

دونیایەکی تەموومژاوی وەرزی بەهار بوو گەڵاکان هێدی هێدی دلۆپە ئاوەکانی بارانیان دەخستە سەر زەوی و هەوایەك بۆنی گەردەکانی خۆڵی لێ هەڵدەستا، دەگەڵ شنەی با جار جاریش بۆنی رەیێحانە تێکەڵ بەو کەشەدەبوو کەدەی توانی بچێتە هەموو شوێنێك . ئەو لە بەلەکۆنە بچوکەکەیدا پیاسەی دەکرد جار جاریش ئەژنۆکانی شل دەبوو خۆی بەو لاولاوانە خەریك دەکرد کە بە شیش بەندەکە هاتبوو نە خوارەوە ،لەچاوەڕوانی دابوو بەتاسێکەوە لە خۆی دەپرسی( تۆ بڵێی جارێکی تر بگەڕێتەوە لە باوەشم گرێت ) سەیری ئەو کۆلانە چۆڵەی دەکرد یەکێکی تیا بەدی نەدەکرد ئاخۆ لێی بپرسیبوایە کەسێ نەی بینیوە . بیری لەهەموو شتێك دەکردەوە ئاخۆ ئەگەر نەگەڕێتەوە دەتوانێ لەو خانوە ساردو سرە دا بە تەنیابژیت . (ئاخ ژیلەگیان تۆ خەوێکی قوڵت لێکەوتوە ئاگات لەهیچ شتێك نیە نازانی تەنیایی چەند ناخۆشە هەموکات دەتوت تۆبلێی دایکم ببینمەوە بۆ جارێکی تر قژم شانە کات) . کە بیری لە خوشکە بچوکەکەی دەکردەوە هەستی دەکرد ئەژنۆ کانی شلتر دەبوون نەی دەتوانی هەنگاوە کانی هەڵێنێ . چاوی بریە ژنێك دەستی منالە خرپنەکەی

گرتبوو له شەقامەکە دەیپەراندەوە بیری بۆلای دایکی دەچوو( تۆ بلێی تۆش بیر له ئێمە بکەیتەوە ئا ..ئەزانم ئێمەی منال بیر لەتۆ بکەینەوە ئەی دایکێك بۆ منالەکانی چۆن شێتوو سەرگەردان نابێت، ناتوخوا دایە گیان بیر لە ئێمە مەکەرەوە با قژە زێرینە لولاویەکەت سپی نەبێ ئەها ئەو منالە جانتا لە پشتە جەند دڵخۆشە لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە دەبێ بچێتە باوەشی پر لە خۆشە ویستی چ دایکێك) لەگەڵ زەنگی تەلەفۆنەکە بەئاگا هاتەوە دوو دڵ بوو بۆ هەلگرتنی تەلەفۆنەکە بەڵام زەنگەکە بێزاری کرد ،شەقاوێکی هاویشت بۆ ژوورەکەی لەپلیکانەکەوە کەوتە خوارەوە هێندەی دی بێ زاری کرد دەستەکانی خستە سەر ئەژنۆکانی و قیتبووەوە دووبارە گەڕایەوە بۆ جێگاکەی (ئاخ شارێکی ئاوا چۆڵ کەسێك نەبێ دڵی خۆی پێ بدەیتەوە بەکەڵك چیدێت؟ تەنها هاشەی ئەوماشێنانە نەبن خەریکە مێشکم دەبەن ئای چۆڵەکەی جوان خۆزگە وەك تۆ دەبوم دەم توانی بەسەر ئە وشارانەدا بڕوانم تا بۆنی دایکم دەکرد نیگای چاوەکانیم دەدیتەوە ئای ئەو هەورانە بارانێکیان لەگەڵ خۆ هێناوە) . تا تاوە بارانێکی هێنا سەرتاپای لەشی تەڕکرد هەنگاوەکانی بۆ لای ژورەکەی دەیان برد دوبارە گەرایەوە بەلەکۆنەکە و لەبەر خۆیەوە دەیوت (نا...ناتوانم چاو لەو شەقامە ساردو سڕانە هلگرم) دەنگی هاوڕێکانی لەدورەوە دەهات بانگیان دەکرد شنە کاتی ئەوە هاتوە وانە کانمان ڕابپەرینین دەنگەکان بەرزو نزم دەبوون لەبەر ڕێژنەی بارانەکە تادواجار دەنگەکان بڕان لەبەر خۆیەوە دەیووت( هاوڕێکانم چیتر ناتوانم بەدواتانەوەبێم ). بارانەکە بێزاری کردبوو دەستێکی درێژکرد باڵتۆی دایکی بەدەم دەرگاکە هەڵواسرابوو بەسەر شانە تەڕاویەکەی دادا، چاوە ڕوانی زۆر



بێتاقەتی کرد بوو لەپڕ دەنگی زەنگی دەرگاکە بە ئاگای هێنایەوە زۆر دڵی پێخۆش بوو هەنگاوەکانی بەرەو ژورەوە دەبرد بیری لەوە دەکردەوە چەند خۆشە دەرگا بکاتەوە دایکی لەباوەشی بگرێت بەرەو دەرگا چوو دەستی بۆدەرگاکە دەبرد خورپەی دڵی هەموو لەشی دەهەژاند .دەرگای کردەوە پیاوێکی کورتیلەی قەد باریکی بینی زەلفێکی بەدەستەوەبوو هەموو لەشی کەوتە لەرزین، پیاوەکە کاغەزێکی خستە بەردەمی بێ ئەوەی ورتە لەدەمی بێتە دەرەوە ئەویش بە ئەسپایی کاغەزەکەی وەرگرت بەدەستە لەرزۆکەکانی دەرگای داخست نامەکەی کردەوە، کە دایکی نوسیبوی ( رۆڵە خۆشەویستەکانم تا ئێستا سەفەرێکی نزیکم کردبوو دەبوو رۆژێك دابێت بتان بینمەوە ئێوە لەچاوەروانی دابوون بەلاّم ئێستا سەفەرێکی دوورم کردوەو ماڵئاوایتان لێ دەکەم چیتر ناتوانم بتان...... ) ئەو چاوەکانی وەکو باران فرمێسکیان لێ دەهاتە خوارەوە چاوە بچووکەکانی چیتر نەیانتوانی وشە وردیلانەکەی دایکی بخوێنێتەوە سەرتاپای نامەکەی پر کرد لە فرمێسك و دڵۆپە ئاوی بارانەکەی کەلە قژە زەردەکەی دهاتە خوارەوە هەموو وشەو پەیفەکانی دایکی رەش کردەوە کاغەزەکەی دەستی بەساردو سڕی خستە سەر زەوی .

# شەونامەی شاعیرێك

عومەرکەریم بەرزنجی

لە نێو پێخەفێکی ساردووسڕدا شەوە بێزراوەکانی تەمەنی بەڕێ دەکردوو لاپەڕەی ڕۆژژمێرەکەی ڕەش دەکردەوە، هۆنراوەکانی لێوان لێوبوون لە نائومێدی و نامۆیی، نامۆ بەهەموو شتێك تەنانەت بەخودی خۆیشی نامۆ بوو، هەمیشە پێی وابوو ئایندە کەروێشکێکی ماندوو شەکەتە بەدەست تانجی زەمەنەوە، گەلێك جار خەونی بەوەوە دەبینی لە نێو باخچەیەکی پڕلە گوڵ و گوڵزاردا لەتەك کچێکی چاو شینی قژزەردی بەژن زراڤدا، بەژێر سێبەری دار سەرووەکاندا و بەسەر چیمەنە کەسکەکاندا پیاسەیان دەکرد، وەلێ نیگای چاوە شینەکان و باخچەی پڕلە گوڵ و گوڵزار جگە لە قەرەوێڵەیەکی ساردو سڕی نێو بیمارستانی شار هیچی دیکەنەبوو، کە چاوی هەڵبڕی پەرستارێکی پرچ زەردی چاو شین، بەدەستە سپی و ناسکەکانی لێدانی دڵی دەژمارد.



# شاعیری دەربار

هۆنراوەکانی جوانترین شاباشی ئەم بوون بۆ دەرباری شاو پیاوەکانی، شا سەرمەستی وشە ئەفسووناویەکانی نێو هۆنراوەکانی بوو، ئەمیش شێت و سەرمەستی پول و سامان و زێڕو دیارییەکانی شاو پیاوەکانی دەرباری بوو، پێی وابوو هۆنراوەکانی ڕێگاکانی ژیان دەگەنە باخچەیەکی رازاوە بەگوڵ و گوڵزار، وەلێ ووشەو دێڕی هۆنراوەکانی شمشێرێکبوون بۆ سەربڕینی گوڵەکان و ئەتککردنی باخچەکانی موحیبەت، ئەودەمەی شاعیر دەبێت بەجەلاد بولبولەکانی نێوباخچەکان لەخوێندن دەکەون، مانگ دەبێتە فانۆسێکی بێنەوتی دەستی قەدەر، کەون دەبێتە تۆپێکی فتبۆڵێنی پێی شاو پیاوەکانی دەرباری، ئەودەمەی شاعیر دەبێتە جەلاد شیعر دەبێت بەشمشێرو، دیوان سێڵاوی خوێن، وەلێ مێژووش شمشێرێکی خوێناوی دەینووسێتەوە.

# پێخەفی حەز

"لێوەکانم تامەزرۆی مژینی لێوە تەڕوو ناسکەکانت بوون، تۆیش سەرمەستی نێو پێخەفی پڕلە حەزوو بڵێسەی ئاگری شەهوەت، من و تۆ لە دوو ماری عاشقەو ماشقە دەچووین، لێوەکانت کانیەك بوون تینوێتی لێوەکانمیان دەشکاند، بیرتە

شەوان ئاوێزانی رۆحم دەبوویت ئاوێزانی رۆحت دەبووم، وەلێ گوڵم ئێستا لەنێو بیابانی تەنهایدا لەسەر سنگی لمی داخبووی ئەم قەدەرە بۆ شوێنپێیەك دەگەڕێم شوێن پێیەك بمباتەوە سەر ڕێگاکانی خۆشبەختی، نێو کوخەکانی بەختەوەری".بەم جۆرە کۆتایی بەو نامەیە هێنابوو"شەوێك لە شەوەکانی پایز شوێنی نووسینی نامە ژێر درەختێکی قژتەزیوی، باخچەکانی نائومێدی بەروار". بەرواری نووسینی نامەکە نەدەخوێنرایەوە پێدەچوو چەند دڵۆپە فرمێسکێك بەروارەکەیان شێواندبێت، چاوی بەئەرشیفی نامەکانیدا گێڕا، پەپولەی نیگای لەسەر یەکێك لە نامەکان گیرسایەوە"دڵە کەم زۆر تامەزرۆی ئەو بەیتە شیعرەی خەیام بووم کە لە نامەکەی پێشووتا بۆت نووسیبووم:

*مەیگێڕ بەسەرت پردی سیراتیش کەڵەکە
سەیرانی بەهەشت سەیری دووچاوی بەڵەکە

وەلێ ئێستا واهەستەکەم عەشق درۆیەکی جوانەو یەکتری پێ فریودەدەین، لێرە عەشق بەشەڕهاتنە لەگەڵ بتەکانی پەرستگاکانی نیشتیماندا".تەواوی نامەکەی بۆ نەخوێندرایەوە، لوولی کردوو لە سووچێکی ژوورەکەیدا فڕێی دا، بەدەم قوڵپی گریانەوە، کەوتە خوێندنەوەی دوانامە"رەنگە پێم بڵێی دڵبەرێکی شێت وەختێك لە سەرەتای نامەکەما بۆت ئەنووسم دوانامە، دەزانم دەپرسیت بۆ دوانامە، وەلێ پاشان تێدەگەیت بۆ، بیرتە پێت دەوتم کچێ ئەڵێی بڵێسەی ئاگری، سووتان بۆ ستیان ئەی ئەگەر خاوەنی ستیانەکە بوو بە بڵێسەیەك و دێڕ



بەدێڕی نامەکانی خۆشبەختی ژیانی سووتان ئەوسا چی!!!؟؟؟.".لێوێك هەڵئەوەرێ،تارایەکی سپی لەژێر هەڵوەرینی گەڵای زیوینی درەختی نێو حەوشەکەدا ڕەش دەبێت تارایەکی ڕەش، بایەك پەنجەرەی ژوورەکە والا دەکات نامەکان تێکەڵ دەبن لەبەر خۆیەوە دەڵێت: ئەمشەو کەون لە مەیتخانەیەك دەچێت، خودا بۆخۆی مەیت شۆرەو کفن دوور.

*بەیتە شیعرێکی خەیامی شاعیرە لە وەرگێڕانی مامۆستا هەژاری موکریانی.

## گەڕانەوە

بێپەروا بەناو ژوورەکەدا لە هاتووچۆدابوو، وەك جەنگاوەرێکی تێك شکاو دەهاتە بەرچاو، رەنگی لە گەڵای زەردی درەختەکان دەچوو، ئەو گەڵایانەی بەدەم بای خەزانی پایزەوە هەڵدەوەرین، پاکەتە جگەرەکەی گیرفانی هاودەمێکی ئازیزو خۆشەویستی هەمیشەیی بوو، دەستی کرد بەگیرفانیداو پاکەتەکەی دەرهێنا، نیگای لە حاشاماتی سەر شەقامەکە بڕی و مژێکی قوڵی لە جگەرەکەی دەستی دا، لەبەر خۆیەوە دەدوا"ئای غەریبی، ئەی نیشتمانە تەنیاو وێرانەکەم تاکەی بەیەکتر نامۆبین، بۆچی وەك خێڵێکی گەڕۆك هەموو دەمێ بۆ هەوارگە خامۆشەکان بەڕێوەبین".

لە بەردەم پەنجەرەکەدا راوەستاو چاوی بڕییە ئاپۆرای ئەو حەشاماتەی بەسەر شۆستەکانی ئەمبەرو ئەوبەری

میوانخانەکەدا لە هاتوو چۆدابوون، هەستی بەلێلی چاوەکانی کرد هەربۆیە چاویلکەکەی چاوی داگرت و چاوەکانی پاککردەوە و کردییەوە چاوی، تەماشای ئەو پەڵەهەورانەی دەکرد کە بەئاسمانی شاردا بڵاوببونەوە، هەندێك لەو پەڵە هەورانە زۆر سەرنج راکێش بوون یەکێك لە پەڵە هەورەکان لە سەری داڵێك دەچوو لە لاشەی جیاکرابێتەوە، پەڵەیەکی دیکەیان لە نەخشەی وڵاتێکی لەت لەت بوو دەچوو، هەورەکان لە جوڵەیەکی بەپەلەدا بوون، پۆلێك مەلی کۆچەری سەرنجیان راکێشا، وەڵێ بەهێمنی ملی رێگای هەواری نوێیان گرتبووە بەر، وێنەی ئەو باڵندە کۆچەرییانە ئەو ساتانەی دەهێنایەوە یاد، ئەو ئێوارەیە، هەورێکی چڵکن بەری ئاسمانی تەنیبوو، مانگ وەك کچە عازەبێکی شەرمن، لەنێو تەم و غوباردا وندەبوو، خەڵکی شپرزەو سەرلێشێواو شاریان چۆڵدەکردوو رووەو هەوارێکی نادیار کۆچیان دەکرد، لە سوپایەکی بەزیو دەچوون، خۆیان تەسلیمی قەدەر دەکرد.

ئەو ئێوارەیە بەربانگیان نەکردەوە، ئەو جلانەی کە بۆ جەژن کڕیبوویان، لەگەڵ هەندێك نان و خواردەمەنی کە بەشی چەند رۆژێك بکات کردیانە ناو گوێنییەك و تارا دای بەکۆڵێداو لەگەڵ خزم و دۆستاندا ملی رێگایان گرت ئەو رێگایەی لە شارەوە دەردەچوو بەرەو مەنزڵێکی نادیار ملی رێگەیان گرت، تارا کچێکی باریکەلەی باڵابەرزی تەمەن بیست و حەوت ساڵان بوو، کچێکی شەرمن و گۆشەگیر بوو، بەردەوام خۆی دوورە پەرێز دەگرت لە کەسانی دەورو بەری و زۆر بەکەمی تێکەڵی



دەوروو بەری دەبوو، وەڵێ هەستو سۆزێکی بێوێنەی هەبوو بەرانبەر بەکەسانی خێزانەکەی، بەبچوکترین رووداو دوچاری شپرزەیی دەهات، وەڵێ ئەو ئێوارەیە پتر لە هەموو رۆژانێکی تر هەستی بەنیگەرانی و دڵتەنگی دەکرد، تا ئەو ساتانەی شاریان بەتەواوی بەجێ هێشت و ماڵئاواییان کرد ئەم بەردەوام ئاوڕی بۆ دواوە دەدایەوەو نیگەرانی گەڤەری برای بوو، گەڤەر بڕیاری دابوو لەگەڵ پێشمەرگەکانی برادەریدا بەرگری بکەن و بەرەو رووی هێزەکانی دووژمن راوەستن، تارا بەردەوام لەبەر خۆیەوە دەیگوت، گەڤەر دەکوژرێت، دایە ئیتر گەڤەر نابینمەوە، رۆی گەڤەر رۆی.

دەنگی کەسێك کە لە ژوورەکەی تەنیشتیدا نیشتەجێبوو بەئاگای هێنا، روانینی لەسەر پەڵەهەورەکان گواستەوە نێو ئەو خەڵکەی بەبەردەمی میوانخانەکەدا دەڕۆیشتن، لە دوورەوە سیمای کەسێك رایچڵەکاند. سیمای هەرلە سیمای تارا دەچوو، وەڵێ ئەو عابایەی لەخۆیەوەی پێچابوو نەیدەهێشت بەجوانی روخساری دەربکەوێت، بەپڕتاو لە میوانخانەکە هاتەدەرەوەو چووە ئەوبەری جادەکە، چەندجارێك هاواری لێکرد....تارا....تارا...ت....ا.....ر...اااااا.ئەوکەسانەی بەوێدا دەڕۆیشتن بەشێوەیەکی سەرسوڕمانەوە سەیری رووخساری دێوانە ئاسایان دەکردوو، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی پێبڵێن روویان لێی وەردەگێڕا، بێپەرواو بەسەر شۆستەکەدا کەوتە راکردن، چەندهەنگاوێکی مابوو بگاتە لای بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد، تارا...تارا گیان، وەڵێ کەس ئاوڕی نەدایەوە

گەیشتەپەنای و چمکی عەباکەی ڕاکێشا و بەهێواشی بانگی کرد، تاراگیان بۆچی ئاوڕ نادەیتەوە، کاتێك ئاوڕی دایەوە، وەختەبوو دووچاری سەکتەببێت، تارا نەبوو، کچە تەماشایەکی روخساری ژاکاوو زەرد هەڵگەڕاوی کردوو بۆ چەند ساتێك لێی ڕوانی وەلێ هیچی نەوت ملی ڕێگاکەی گرت و سات لە دوای سات پتر لێی دوور دەکەوتەوە، تەماشایەکی ئاسمانی کردوو نیگای لە خۆرهەتاو بڕی، ترپەی لێدانی دڵی زیادی کرد و چاوەکانی لە ئاسمان بڕیبوو لەهۆش خۆی چوو.

ڕۆژنامەکان نووسییان، کەسێك لە خیابانی....ی تاران دووچاری سەکتەی دڵ هاتووەو هیچ ناسنامەیەکی پێنییە، تەنها وێنەیەك لە گیرفانیدا بینراوە وێنەی خۆی و ئافرەتێك، هەرکەسێك دەیناسێت پەیوەندیمان لەگەڵ بگرێت بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی.



# ڕۆژ ژمێری چاڵدێران

کاروان کاکەسوور/-دانیمارك

(پێشکەشە بە هاوڕێم: کرمانج عومەر دەشتەکیی
ئەو ڕۆڤانەی لە تێکشکاندا وزەی لێ بەرهەم دێت...
ئەو خوێنەرەی هەموو بەرهەمەکانی منی لەبەرە)

هەڵەی جارانی پێشوومم زانی.. دەچووم لە خاڵی ناوەراست، یان لە کۆتاییەوە دەستم پێ دەکرد.. ئینجا لە وێوە ڕێگام بە خەیاڵەکانم دەدا بە ئارەزووی خۆیان پەل بە هەموو لایەکدا بهاوێن.. دواجار پێش ئەوەی بۆ لێژنەکەی بنێرم، ورد ورد دەمخوێندەوە.. هەستم دەکرد ئاسان نییە لەو هەموو باز بازێنەیەی سەر کاتو شوێنەکان تێبگەم.. زۆر لە کارەکتەرەکانم نەدەناسینەوە، یاخود نەمدەزانی ئاخۆ چ پێوەندییەك لە نێوان ئەمو ئەویاندا هەیە.. گوتەکانیان بە شێوەی نارۆشەنو پچر پچر دەکەوتنە بەر گوێچکەم.. سەیر ئەوەیە لەجیاتی پەند لە ساڵانی ڕابردوو وەربگرمو بە هەڵەکانمدا بچمەوە، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان شێوازم دەگرتەوە بەر، بگرە زیاتر مەسەلەکانم دەشێواند.. بە زمانێکی

قورسڕتر دەمنووسی.. مەبەستە ڕاستەقینەکەم فەرامۆش دەکردو وامدەزانی تەنها لە پێناوی چێژێکی رووتدا ئەو کارەم دەستداوەتێ.. لێرەدا نابێت شتێکم بیر بچێت.. ئەویش ئەوەیە من بە پێچەوانەی هەموو ژنە دیلەکانی دیکە، ڕابردووێکی سادەم نیە، تا بە ئاسانی سەرجەم بنووسمەوە.. پیشەکەیشم هەمیشە ڕێگر بووە لەوەی ڕاستگۆیانەو بێترس ڕووداوەکان بگێرمەوە.. مەبەست ئەوەیە نەمدەویست لەو بارەیەوە هیچ زانیارییەك بەدەستەوە بدەم، چونکە وامدەزانی ئەمە هێندەی دی ڕقیان هەڵدەستێنێتو تا ئەبەد ڕێگای دەرچوونم نادەن.. ئەمەیش وای لێ کردم چیرۆکێکی خەیاڵی هەڵبەستمو کۆمەڵێ کەسی وەهمیش خەڵق بکەم، هەر بۆیە کاتێ لەگەڵ چیرۆکی ئەوانی دیکەدا بەراوردیان دەکردن، خێرا بە فێڵەکەمیان دەزانیو دەریان نەدەچواندم، چونکە هیچ یەکێ لەو ناوانەی من لە کارەکتەرەکانمم دەنان، ڕۆژێ لە ڕۆژان لەو شوێنەدا نەژیاون.. درەنگ درەنگ ڕاستییەکی لەوە گرنگترم زانی، دەبوایە تۆ دوای ئەو ساڵەی لێرەت بەسەر بردوون، لایەنی کەم هەندێ ئەقڵو هۆشت مابێتوبتوانی بەراوردێك لە نێوان ئێرەو دەرەوەدا بکەیت.. با بە مانایەکی دی بڵێین کاتێ دەچیتە ئەودیو، لە ئاستی بینینی شتەکاندا حەیرانو سەر سامیە نەبیت، کە ساڵەهای ساڵە، لەو دیوی ئاگاییی چاوانی تۆدا ((گۆڕانیان!!)) بەسەردا هاتووە.. شۆکێکی گەورە لە پەلوپۆت بخاتو ببیتە بار بەسەر ئەوانی ترەوە.. (( گوڵبەهاری گۆرانیبێژ))یش لەو رووەوە تا رادەیەکی زۆر لە تۆ دەچوو،



بۆیە نەیدەتوانی رابردووی خۆی بە ئاسانی بگێڕێتەوە.. ئەو ساڵانێکی زۆر هیچ چیرۆکێکی نەنووسیو دەیوت ئەمە کارێکی بێ هوودەیە.. کەچی جاری پێشوو تەنها لەبەر یەك خاڵ گەڕایەوەو ئەم ساڵیش سووكو ئاسان ((دەرچوو!!)).. کاتێ چیرۆکەکەی تۆی ورد ورد خوێندەوە، سەرێکی باداو پێی وتی:

- پێت ناخۆش نەبێت شاناز، تۆ هەندێ (ئەوە ئەگەر نەڵێم زۆر) حەزت لە خۆ هەڵکێشانە، ئەگینا پێم ناڵێی تۆ بە تەمای چیرۆکێك بنووسیتو پێی بپەڕیتەوە، یان چی تەکنیكو فێڵ هەن، تێیدا بەکاریان بهێنیت..؟! واز لەو کەللە ڕەقیەت بێنە دەدا.. من لە ئێستاوە پێت دەڵێم ئاوا بڕوات تۆ ئەم ساڵیش دەرناچیت.

- مەسەلەکە ئاوا نییە گوڵێ.. خۆت دەزانی من ناتوانم باسی پیشەکەمیان بۆ بکەم.

- ئەها ..!! ئێستا تێگەیشتم.. هەوڵ بدە پەنا بۆ رەمز ببەیت.. منیش ئەو جارانەی پێشوو نەمدەویست باسی ئەوە بکەم، کە گۆرانیبێژ بوومو عوودم ژەندووە، بەڵام ئەم جارە پێچوپەنایەکم بۆ کردووە، بۆیە باوەڕم وایە دەربچم.

((گوڵبەهار)) دەیەویست فێرم بکات، بۆیە بەدەنگی خۆی چیرۆکەکەی بۆ خوێندمەوە.. دەیخوێندەوەو یەك بە یەك دێرەکانیشی بۆ لێکدەدامەوە.. دەیوت بزانە ((شازە)) بۆچی ئەم وشەیەم لەجیاتی ئەوەیان بەکار هێناوە.. بۆچی ئەم ڕستانەم خستۆتە نێوان دوو کەوانەوە.. بۆچی لەم شوێنەدا تەنها ڕۆژو مانگم نووسیوەو بەلای ساڵەکاندا نەچووم.. دەبێت

لەوە تێبگەیت چی پاڵی پێوە ناوم لێرەدا کارەکتەرەکانم بەڕۆژ بشارمەوەو شەوان دەریانخەم.. جوان بەرەوەو بزانە حیکمەت لەوەدا چییە هەموو ڕەنگێك بەکار ناهێنم.. کاتێ ڕووداوێکی هەندێ جیاوازو لاوەکی دەخوێنیتەوە، مەلێ ئەمە چ پێوەندییەکی بەوانی دیکەوە هەیە.. ڕەگەزی تەفرەدانو تامەزرۆیی گرینگن لە چیرۆکدا ((شازە)).. با ئەوانەی دەیخوێننەوە هەر چییەك بن، هێشتا شتێك دەمێنێتەوە بەناوی چێژ.. چاوت بکەرەوە دەستە خوشکەکەی سەرتاپای تەمەنم..!!

چاوت بکەوە..!!

((گوڵبەهار)) سەرەتای چیرۆکەکەی ئاوا دەگێڕایەوە:

من ئەگەر لە ٢٣ی ئابی ١٥١٤دا لە شەڕی (( چالدێران)) لە باکووری ڕۆژهەلاتی دەریاچەی ((ڤان))دا بەدیل گیراوم، ئەوا پیاوانی ئاسایشی سەفەوی بەزۆر لەگەڵ دەیان ژنی دیکەدا ڕاپێچی ئەوێیان کردبووم.. تەنانەت مادەم شوێنی ئەو قامچیانەشتان پیشان بدەم، کە تا ئێستایش بەسەر پشتو سمتمەوە ماون.. ئەگەر لە چیرۆکەکانی پێشوومدا، کە ساڵانێکی زۆر بەر لە ئێستا دەمنووسینو بەلایاندا نەدەچووم، ئەوا لەڕووم نەدەهات.. ئەوسا کچێکی گەنجی جوانی شەرمن بووم، بەڵام ئێستا من کە پیرمو دەزانم ئەو لەشە پڕ لە چرچولۆچەم سەرنجی هیچ نێرینەیەکتان ڕاناکێشێتو تووشی گوناحتان ناکات، ئەوا ترسێکم لە بینینی هەر شوێنێکم نییە،کە پێویست بکات ئێوە لێی بڕوانن.. دەزانم ئەو ناوگەڵە ڕەقهەڵاتووەوئەو



مەمکە چەقانەم ڤێزتان دەکەنەوە.. نەخێر، من باکم نییە خۆم ڕووت بکەمەوەو کون بە کونی جەستەمتان نیشان بدەم.. منیان بۆ فریاکەوتنی بریندارەکان هێنابوو، بەڵام خۆم لەتاوی برینەکانم دەمناڵاند.. چاوانم بەحاڵ دەوروبەریان دەبینی، یاخود هەر نەیاندەبینی.. بۆیە

نە ئاوم دەدانێو نەدەرمان.. برینی کەسیشیانم تیمار نەدەکرد.. من لە خێزانێکی بچووکی شاری ((ورمێ)) بووم، کە باوەڕم وایە زۆر لەمێژە هەموویان مردوونو نەوەکانیان نامناسن.. شتێك لەبارەی ژیانمەوە نازانن.. ئەگەرچی ئەو کاتەی ماڵەکەیان سووتاندین، نەمزانی باوکم لە ژوورەکەی بووەو گیانی بۆتە خۆڵە مێش، یان نا، بەڵام لەو ساوە چاوم پێی نەکەوتەوەو لە هیچ لایەکەوە هەواڵێکم نەزانی.. تەمەنی مرۆڤی ئێرە زۆر درێژترە لە هی ئەوانەی لە دەرەوەن.. بەڵگەشم ئەوەیە تا ئێستا چەند جار بەرێوەبەرو پاسەوان گۆڕاونو ئێمە هەر ماوین.. من حەزم لە عوودو لە بوخور بوو.. بەو دوانە دەگەشامەوە،بۆیە ئەگەر لێرە دەربچم، ئەوا ئەوەندەی ژیانم ماوە، لە گۆڕستانەکانی بەسەر دەبەمو بۆنی عوودو بوخور بەوێدا بڵاو دەکەمەوە .. تکایە کاتێ گوێتان لەناوی بوخور دەبێت، وا تێمەگەن من پیشەم ئەوە بووە کاری زاواکانم لەشەوی یەکەمیاندا ئاسان کردووە.. ڕاستە من دەیان جار ئەمەم بە چاوی خۆم بینیوە، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان ئارەزووم نەچۆتە سەری.. بوخوردانێکیان دەهێناو پڕیان دەکرد لە بوخورو گیای وشك وشك.. ئینجا دایاندەگیرساند..

کورسییەکیان لەسەر دادەنا، کە شوێنی دانیشتنەکەی کونێکی تیا بوو.. پێش ئەوەی بووکی ڕازاوە بەرن بۆ ژووری زاوا، ڕووتیان دەکردەوەو لەسەریان دادەنا، بۆ ئەوەی ئەو دووکەڵو گەرمییەی لەو بوخوردانەوە بەرز دەبێتەوە، بەر شەنتووزو ناوگەڵی بکەوێتو دەمارەکانی خاو بکاتەوە.. چیینێك ڕۆنی بۆنداریشی لەسەر دەنیشت..ئەمەیش لەلایەك زیاتر هەوەسی زاوای دەبزوواندو لەلایەکی تریشەوە بەئاسانیشەبزووزەکەی دەبردە ناوەوە.. هێندەی نەبرد پەرۆ خوێناوییەکەی دەگەیاندە پشت دەرگاو لەودیو دەنگی هەلهەلە بەرز دەبووەوە.. شەڕیش ئاوایە بەڕێزان.. پێش ئەوەی هەڵبگیرسێت، دەبێت دەیان ئاسانکاریو فێڵی لەپێناودا بکرێت.. کاتێ ئاوا دەدوێم، تکایە وانەزانن من دەمەوێت خۆم بخزێنمە ناو سیاسەتەوەو دەست لەکارو باری گەورەکانەوە وەربدەم.. نەخێر، تەنها وەکو چیرۆکنووسێك ئەو گوتانەم دەردەبڕم.. ((سوڵتان سەلیم))، کە ٢٤ی نیسانی ١٥١٢دا حوکمی گرتە دەست، دەیزانی ((ئەحمەد))ی برا گەورەی جێگای مەترسییە، بەبێ دوودڵی کوشتیو کورەکانی ئاوارەی ئێرانو میسر بوون، ئینجا لە ((ئەنازۆڵ)) ٤٠٠٠٠ی لەو کەسانە سەربڕی، کە لە ئاین هەڵگەڕابوونەوە.. وای لە ((شێخی ئیسلام)) کرد فەتوایەك دەربکات بۆ ئەوەی خوێنی هەموو لایەنگرانی (( شا ئیسماعیلی سەفەوی)) حەڵاڵ بکاتو ژنو منداڵی ئیمپراتۆرتەیەکەیان بە دیل بگرێت.. ئایا ئەو ((شێخی ئیسلام)) لە هی ئەو ژنانە ناچێت، کە بوخردان لەژێر کورسی دادەگیرسێننو شەنتوزی بووك نەرمو بۆندار



دەکەن..؟! پێم ووتن منیان بەزۆر ڕاپێچی ئەوێ کردبوو، ئەگینا......

ئەو چیرۆکەی ((گوڵبەهاری گۆرانیبێژ))و ((دەرچوونەکەی!!)) سەرتاپای منیان گۆری.. مەبەستم ئەوە تەنیا ماومەتەوەو تا تەمەنم درێژەی هەیە، دەبێت ساڵانە چیرۆکی بێتام بێتام لەبارەی ژیانمەوە بنووسم، بەڵکو چەند شتێکی دیکە تەواو سەراسیمەیان کردووم.. ئەو منی لەناو لوغزێکیگەورەدا جێهێشتو نابێت بەو سادەییەی پێشوو بیر لە ڕابردووم بکەمەوە.. من نەمدەزانی چ تەمەنێکی درێژم بەسەر بردووە.. هەمیشە وا دەرەوەم دەهێنایە بەرچاوم، وەکو ئەو کاتەی تێیدا دەژیام.. نازانم بۆچی نەمدەتوانی باوەڕ بێنم، کە ئەودیو گۆڕانی بەسەردا دێت.. دنیام لەشێوەی چیرۆکێکی سەیردا دەبینی، کە ڕووداوەکانی تێکەڵ بە خۆیانت دەکەنو ناهێڵن بزانی کاتی ڕاستەقینەو کاتی خەیاڵی چەند جیاوازن.. ئەو قژە سپیو دەموچاوە لۆچاویو پشتە کۆماوانەی ژنانی ئێرە، کە زۆر یان دەستەخوشکی منداڵییمو دانیشتوانی شارەکەم بوون، نەیاندەتوانی بمخەنە سەر ئەو باوەڕەی منیش بەهەمان ئەندازەو بگرە زیاتریش گۆڕاوم.. وامدەزانی ئەو کچەی ئەوسام، کە نیگارکێشە گەڕۆکەکە لەو مەیخانەدا بینیمیو بەدەم هەڵدانی پێکە یەك لەسەر یەکەکانیەوە دوو نیگاری کێشام.. یەکێکیانی دامێو بەقەدی دیوارەوە هەڵمواسیو ئەوی دیکەیانی لەگەڵ خۆیدا برد.. نەمپرسی بۆکوێی دەبات....

ئەو ڕۆژەی ((گوڵێ)) دەرچوو، هاوکات سالێکی دیکەیان بۆ من تازە کردەوە، چونکە چیڕۆکەکەم هەمان ئەنجامی بە نەسیب بوو.. کاتێ گەڕامەوە ژوورەکەم، خێرا تەختو نوێنەکانم فڕێدانە دەرێ.. منیش ئاوام نەکردایە، پاسەوانەکان دەهاتنو ئاسەواری ئەویان لێرە دەسڕیەوە.. بەڵێ، هەموویان خستنە گالیسکەیەكو بردیانن لەو چۆڵەوانییەی بەردەمی زیندا سووتاندیانن.. لێرەدا هەڵوێستەیەك لەقسەکانم دەکەمو دەڵێم ئەوە تەنها خەیاڵێکی خۆمە، کە وادەزانم بەردەمی زیندان چۆڵە، ئەگینا دوور نییە بەشێوەیەکی تەواو جیاوازبێت.. لە ڕاستیدا ئەودیو ڕێك لە مردن دەچێت.. هەروەکو چۆن تا ئێستا هیچ مردووێك نەگەڕاوەتەوەتا بە زیندووان بڵێت مردن چییە، بەهەمان شێوەیش ئەوەی لێرە دەرچووبێت، هەواڵێکی نەگەیشتۆتەوە لام، تا بزانم من لە کوێمو دەوروبەرم چۆنە.. زەمەن چەند تێپەڕیوەو چ گۆڕانێك بەسەر ئەودیودا هاتووە.. ئەوەی دەکرێت بیکەیت، مەزەندەیە.. بۆ هەموو شتێك پەنا بۆ مەزەندە دەبەیت.. تەنانەت لەو ڕاستییانەی ڕۆژگارێك لەگەڵیاندا دەژیایتو هیچ گومانێکیان هەڵنەدەگرت.. دواجار بوونیشت دەبێتە مەزەندەیەكو لەهەر شتێك زیاتر ئەو بەخۆیەوەت خەریك دەکات، بەڕادەییەك سەدان پرسیاری زۆر گرینگ گرینگ بەلاوە دەنێیت.. ئێستا ئەوەی لێم دیارە، دووکەڵی نوێنەکانی ((گوڵبەهاری گۆرانیبێژ))ە، کە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێتو خەیاڵەماندووەکانم لەگەڵ خۆیدا لوول دەدات.. نازانم بۆچی بۆنی لۆکەی سووتاوم حەز لێیە، کاتێ



کزەبای گەرمی ئاخرو ئۆخری ئاب دەیهێنێتو تا قووڵایی لووتمی دەبات.. هەندێ جار وا دەزانم تەنها لە ڕێگای ئەو بۆنەوە دەتوانم سەرتاپای ژیانم بیر خۆم بخەمەوە، کەچی زۆری پێناچێت خەیاڵو ڕاستییەکان تێکەڵی یەکتر دەبنەوەو سیمای چیرۆکەکەم دەشێوێنن.. هەموو ساڵێ دوای بەربوونی هەریەکێك لە زیندانییەکانو سووتاندنی نوێنەکانیان، ئەو هەستێکی گەشبینی سەیری پێ دەبەخشیمو دەیخستمە سەر ئەو باوەڕەی من سالێکی دیکە وەکو ئەمرۆ سەد لە سەد بەردەبم.. ئەوسا ئارەزووی نووسین وەکو مارێکی سڕ لە دڵمدا بە ئاگا دەهاتەوەو بە سەرجەم دەمارەکانمدا دەگەڕا.. هەربۆیە لە کاتێکدا سەرتاپای زیندانییەکان لەو ڕۆژەدا پرسەیان دادەناو واوەیلایان بۆ حاڵی خۆیان دەکرد، کەچی من نەمدەتوانی ئەو خۆشیەی ناو دڵم بشارمەوەو بە گۆرانیو سەما دەرمدەبڕی.. ئەوان لە ٢٣ی ئابەوە، کە ڕۆژی پێشکەشکردنی چیڕۆکەکان بوو، تا سەری مانگ، کە ئەنجامەکان دەخوێنرانەوە، زیاتر لە مردوو دەچوون.. دەمیان لە نانو ئاوەوە نەدەدا.. سەریان هەڵنەدەبڕی.. ورتەیان لێوە نەدەهات.. نەدەنووستن.. هەر یەکەی هیوای دەخواست ئەو تاقە ناوەی لەسەری ئەو مانگەدا دەخوێندرێتەوە، هی ئەو بێت.. خۆ ساڵی وا هەبوو سەرجەمی چیڕۆکەکانیان بەسەردا دەدرایەوەو هیچ یەکێکیان لەسەردا پەنجایان نەدەهێنا.. هەموو جارێ ژنان تێکڕا پەلاماری ئەو کەسەیان دەدا، چیڕۆکەکەی لە تاقیکردنەوەدا دەردەچوو.. قژیان چەپك چەپك لە بێخەوە دەردەهێناوبە چڕنووك سەدان

هێڵی سووریان لەسەر گیانی دەنەخشاند.. پاڵیاندەخستو بە لەقە لەسەر سکی هەڵدەپەڕین.. ئەوێك، کە حەفتەیەکی بەبێ نانو ئاو لە چاوەڕوانیی وەڵامدا بەسەر بردبوو، لە ڕۆژێکی ئاوا گەرمی کۆتاییی ئابدا بەرگەی ئەو هەموو ئازارەی نەدەگرتو دەبووورایەوە.. ئەوە ئەگەر نەڵێم دەمرد.. پاسەوانەکان دەهاتنو لەژێر دەستیانیان دەردەهێنا.. دەیانخستە سەر گالیسکەیەكو دەیانگەیاندە ئەودیو.. ئەو کارە زیاتر لە یارییەك دەچوو، یاخود وەکو بڵێی پەیڕەوێکی ئاینی بێتو خواوەند لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆی هەموو ساڵێکدا بەسەریدا سەپاندبێتن، تێکڕا تێیدا بەشدار دەبوون.. ئەوانەی لەکاتی ئاساییاندا بەوە دەناسرانەوە، کە زۆر بێوەینو لە گریانو پاڕانەوە زیاتر، شتێکی دیکە نازانن، کەچی لەو کاتەدا بۆ کۆمەڵێ دڕندەی ترسناك دەگۆڕانو شاڵاویان دەبرد.. هەر یەکەی دەیویست خۆی بگەیەنێتە سەریو قینی دڵی پێ بڕژێت.. ئەو جارە ((گوڵبەهار)) پێی گوتم:

- من گومان دەکەم لەوەی تا ئێستا هیچ کەسێك بە زیندووی دەرچووبێت.. لەو ڕۆژەوە زانیم، کە نازخانیان دەبردە دەرەوە.. دەرفەتم هێناو گوێچکەم بە سنگیەوە نا.. هەناسەی نەدەدا.. گیانی سارد سارد.. هەموو دنیا هەستێتو قسەم بۆ بکات، من هەر دەڵێم مردبوو.. ئەگەر ئەو نازخانە چوار شانەیەی لە شەرە ژندا حەوتو هەشتی بەجارێ دەخستە ژێر خۆیەوەو ئاوا دەرچووبێت، ئاخۆ کەسانی وەکو نەسرینو نەخشینو



فریشتەو نازانم کێو کێ چۆن بە زیندوویی گەیشتوونەتە ئەودیو..!! مردوون.. هەموویان مردوون.

لەو حەوت ساڵەی دواییدا دەستیان لەو کارە هەڵگرت.. ((چنار)) وتی:

- با واز بێنین.. ئێستا ماوینەتەوە هەشت کەس.. ئێمە توانیومانە ئەو هەموو ساڵە چاوەڕێ بکەین، وا بزانم هەر یەکێکمان لە وزەیدا هەیە ئەوپەڕی هەشت هاوینی دیکەیش دان بەخۆیدا بگرێت.

کەچی ((چنار)) ساڵی نەبردو پەشیمان بووەوە.. دەیووت:

- من بۆم دەرکەوت ئەمەی دەمانکرد، چاکترین ڕێگا بوو، تا کاتێ دەچینە ئەودیو، ئاگامان لەخۆمان نەبێتو سەرسامییەکی گەورە بۆ هەتا هەتایە وەکو پەیکەر لەو بەردەرگایە ڕەقمان نەکاتەوە.. لەلایەکی تریش ئەو ترسە نەیدەهێشت ئێمە بەردەوام بیر لە خۆشیی ساتی دەرچوون بکەینەوە، بەوەی هەر کاتێ ئەوەمان دەهێنایە بەرچاو، کە لە نووسینی چیرۆکەکەماندا سەرکەوتووین، هاوکات دیمەنی پەلاماردانەکەیش لەبەردەمماندا قوت دەبووەوە.. باوەڕم پێ بکەن، من ئەم چەند مانگە بەقەدەر هەموو ساڵەکان، ئەگەر نەڵێم زیاتریش، هەستم بەترسو نیگەرانی کردووە.. تکایە ئەگەر ئەمساڵ چیرۆکەکەی من دەرچوو، ئەوا بە هەمووتان بێبەزەییانە تێمکەون.

من نەمویست ئەو ڕۆژە لە ((چنار)) بڕوانم، کاتێ چیرۆکەکەی لە تاقیکردنەوەدا دەرچوو.. ڕووم وەرگێراو بۆ ژوورەکەم گەڕامەوە.. دوایی ((سنەوبەر)) پێی وتم:

- تۆ کارێکی باشت کرد شاناز ڕۆیشتیو بەچاوی خۆت نەتبینی، کە چۆن بەدەما کەوتە سەر ئەو زەوییە داخبووەو گیانی دەرچوو.. کاتێ لەگەڵ گوڵبەهار هەڵمانگرتەوە، دەتوت لە گۆڕ دەرمانهێناوە.. هەر خۆیشمان لاشەکەیمان خستە سەر گالیسکەی پیاوە قەڵەوەکەو دەمودەست بردیە دەرێ.

لە ڕاستیدا مردنی ((چنار)) وەکو من بیزانم زۆر شتی لە گوڵبەهاردا گۆڕی.. ئەمەم لەوەدا بۆ دەرکەوت، کە جارێکیان بەڕێککەوت دەفتەرەکەیم بینیو تێیدا نووسیبووی: ((چنار نەمرد، بەڵکو گەیشتە ئەودیو، چونکە ئەودیو ئەوەندەی مەرگ بۆ ئەم شاراوە بوو)).. ئەم هەمیشە هەوڵی دەدا لەپاڵ ئەو چیرۆکانەی ساڵانە بۆ تاقیکردنەوەکان دەیاننووسێت، بەردەوامیش لە ڕێگای خەیاڵەوە دنیای ئەودیو بخوڵقێنێت، بۆ ئەوەی هەر ساتێ پێی لێرە هەڵگرت، ئەوا زۆر شارەزایانە لەودیوی دابنێت، بە ڕادەیەك ئەوە لە ئەقڵی خۆی دەرکات، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان شوێنێکی ئاوای دیوە.. ((گوڵێ)) هەر کاتێ بە قووڵی بیری دەکردەوە، ئارەزووی دەچووە سەر چڕینی گۆرانی، بەڵام هەر ئەوەندە دەنگی هەڵدەبڕیو یەك دوو بەندی دەوت، لە پڕ دەگریاو وەکو شێت دەیقیژاند.. سەرەتا نەمدەتوانی لەوە تێبگەم چۆن بەو خێراییە گریان بۆ گۆرانی دەگۆڕێت.. لەو وشانە تێنەدەگەیشتم، کە بەدەم هاوار هاوارەوەدەریدەبڕین..



وردە وردە توڕەییەکەی تاوی دەسەندو پەلاماری قژی دەدام.. ڕایدەکێشاو ئاوی لە چاوانم دەهێنا.. کەمێ هێمن دەبووەوە پێی دەوتم:

- تاقە شتێك لە ژێی عودەکەم بچێت، تاڵەکانی قژی تۆن شازە، بەڵام نازانم بۆچی دەمەوێت بەسەرتیانەوە نەهێڵم.. من بەبێ عودەکەم هیچ گۆرانییەکم بۆ ناوترێت هەندێ گۆرانی هەر بڵێم.

لەسەر پشت ڕادەکشاو زۆر ڕازی دڵی دەدرکاند، کە دەمزانی لەکاتی ئاساییدا دەیویست بەهەموو شێوەیەك لێمیان بشارێتەوە.. ئەگەر ئەو حاڵەتە نەبوایە، کە زوو زوو بۆی دەهات، ئەوا من نەمدەتوانی هیچی لێ تێبگەم.. لەگەڵ ئەوەشدا هەستم دەکرد ئەو لە هەموومان ڕۆشەنتر ئەودیوی دەبینی.. یاخود با بڵێین لە ئێمە چاکتر دەیتوانی ئەوێ بێنێتە بەر چاوی.. ((مام دانیال))ی باوکی شارەزاترین کەسی ((ورمێ))و دەورو بەرەکەی بوو لە بواری ئەستێرەناسیو کەشناسییەوە.. سروشتی ئیشەکەی وای دەخواست زۆربەی ژیانی لەناو شاخە سەختەکاندا بەسەر بەرێتو ئەوی تاقانەی دایکمردوویشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد.. لە سەفەرە زۆرەکانیشیدا لای کەسی بەجێنەدەهێشت.. ((گوڵێ)) هەر جارێ دەهاتەوە ناو شار، شێوەی دەگۆڕا، بەڕادەیەك زۆر بەزەحمەت دەماناناسیەوە.. شەرمان دەکرد لێی نزیکببینەوەو بیدوێنین.. دەتوت لە دنیایەکی دیکەوە هاتووە.. ماوەیەکی دەبرد تا شەرممان لێی دەشکاو دەمانتوانی یەك دوو وشەی لەگەڵدا بڵێین.. ئینجا لە

ئاستی قسە سەیرەکانیدا دەحەپەساین.. وا دەچووە ئەقڵمانەوە ئەو لەناو جنۆکەکانەوە گەڕاوەتەوەو لەوانەوە فێربووە ئاوا بدوێت.. چیرۆکی سەیر سەیری بۆ دەگێڕاینەوە.. گۆرانیی وای بۆ دەچڕین، کە پێشتر هەرگیز لە کەسمان نەبیستبوو.. عودەکەیشی هەر لەوێ هێنایەوەو بەچاکترین شێوە بۆی دەژەنین.. گویچکەماسیو بەردی بە نرخی کۆ دەکردەوە، هەندێکی بە دیواری ژوورەکانو هەندێکی وەکو خڵخاڵو بازنو ملوانکە بە خۆیدا هەڵیدەواسین.. جا کاتێ لەو حەوشە فراوانەیاندا عوودی دەژەندو هاوکات بەدەم چڕینی گۆرانییەوە سەمای دەکرد، ئەو گوێچکەماسیو بەردانە بەریەك دەکەوتنو دەیان دەنگی جیاواز جیاوازیان دەخوڵقاند، بۆیە واتدەزانی لەبەردەم تیپێك مۆسیقادا وەستاویت.. تۆیشی لەگەڵ خۆیدا دەخستە سەمایەکی حەماساوییەوەو پێیە پەتییەکانت لەسەر ئەو چەوە داخبووەدا دەسووتان، بەڵام چێژێکی قووڵت دەبینیو بیرت دەچووەوە لەکوێیت.. قژی بەو گیایانە دەشێت، کە لەوێ وشکی کردبوونەوەو بۆنی سەیر سەیریان لێ دەهات.. کاتێ پرچی لەژێر هەتاودا دەبریسکایەوە، سەدان پەپوولەی ڕەنگاو ڕەنگت دەبینی وەکو سەڕاب بەسەر سەریەوە دەسوڕانەوە.. پەنجەکانت بۆ درێژ دەکردن، تا یەك دووانێکیان بگریتو لە نزیکەوە لێیان بڕوانیت، بەو مەبەستەی لە بەشێکی نهێنییەکان تێبگەیت، بەڵام هیچت بەدەستەوە نەدەهات.. ئەوەی لە هەموو شتێ زیاتر سەرنجی ڕادەکێشایت، ئەو مێرووو جاڵجاڵۆکانە بوون، کە بە بنمیچو دیوارەکانەوە



دەتبینینو واتدەزانی لە ئەشکەوتە زۆر کۆنەکاندایت.. کاتێ دەتپرسی ئەمانە چۆن دۆزراونەتەوەو چۆن گەیشتوونەتە ئێرە، وەڵامێکی ڕۆشەنت نەدەبیستو دەبوایە پشت بە مەزەندەو لێکدانەوەی خۆت ببەستی.. ماڵەکەیان وا دەهاتە بەرچاو هەزاران بەردتاشی زۆر شارەزا لە شاخەکان دایانتاشیبێتو بۆ ناو شاریان ڕاگوێزابیتەوە، بۆیە نەتدەزانی ئاخۆ ئەوان شاریینو پێیان خۆشە لە شاخدا بژین، یان بە پێچەوانەوە شاخیینو بەسەردان هاتوونەتە ناو شارەوە.. هەر چییەك بووبێت ئەمە تەواو لەگەڵ سرووشتی پیشەکەیاندا دەگونجا.. ((مام دانیال))ی باوکی زۆربەی کاتی لە ژوورێکی نیمچە تاریکدا بەسەر دەبردو کەس لە دەرەوەی نەدەبینی.. لێرە زانیت ((گوڵێ)) سەری لەو مەسەلەیە دەردەچێتو بۆ تێگەیشتنی دنیای ئەودیو پەنای بۆ دەبات.. دەیوت ڕەنگی هەورەکان لە گۆڕانێکی بەردەوام دان.. جووڵەکانیان وەکو جاران نیین.. ئاراستەکانیان شێواون.. بارانو بەفر چارەکی ئەوسا نابارن.. باڵندەکان کەم بوونەتەوە هەندێك جۆریان هەر بەتەواوی لەناو چوون.. وانەزانی حاڵی ماسیەکانیش باشە.. ئاژەڵانیش بەهەمان شێوە.. ماوەیەکی زۆرە گوێم لە دەنگی پێی هەندێکیان نابێت.. سەیر نییە ئەگەر بڵێم شێرو پڵنگ تاكو تەرا ماون.. دەزانی ئێستا ژمارەی دانیشتوانی ئەو دەورو بەرە چەند بەدەر ئەوسایە..؟ دەزانی چەند هێکتار لە ڕووبەری زەوی بە خانووبەرە داپۆشراوە..؟ نازانی خانووەکان لە چیو چی دروست کراون..؟ پێت بڵێم مرۆڤی ئەودیو

ئەوپەڕی چەند ساڵ دەژی..؟ ئەو کاتەی چاوەڕێی وەرگرتنەوەی ئەنجامی چیرۆکەکانتان بوون، لە ئاسمانی بێگەردی ڕوانیو پێی وتی:

- ئێمە نزیکەی پێنج سەدەیە لێرەین.

لە پڕ دانەویەوەو دەستەکانی لەملاو لەولاوە بە ئەژنۆکانیەوە گرتو بە دەنگێك، کە پێشتر هەرگیز پێی نەدوابوو، وتی:

- تۆ وانەزانی من کە ئەو ڕاستییانە دەزانم، شتێکی باشە.. نەخێر، ئەمە بۆ من مایەی نائومێدییەکی گەورەیە.. من بە درێژایی ئەو ماوەیە، هەوڵمدا ئەمانە لەبیرخۆم بەرمەوەو باوەڕ بە دنیایەکی دیکەی جیاواز بێنم، کە هیچی لەمە نەچێت، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبووم.. ئێستا دەزانم تۆ چەند بەختەوەریت، کە لەم تاقیکردنەوەیەدا دەرناچیت.

دووکەڵی ئاگری نوێنەکانی لەودیو بەردەوام بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێتو بۆنی لۆکەی سووتاو دەگاتە لووتمەوە.. نازانم بۆچی نەمویست لێی بڕوانم، کاتێ ئێرەی بەجێدەهێشت.. دەبوایە وام بکردایە.. دوا دیمەنیم لەبەرچاو لاناچێتو لاناچێت، کاتێ دانەویەوەو دەستەکانی لەملاو لەولاوە بە ئەژنۆ لەرزۆکەکانیەوە گرت.. باوەڕم نییە توانیبێتی ئەو لەشە بێهێزو داهێزراوەی ڕاست بکاتەوەو بۆ ساتێکی کورتیش لەسەر قاچە لەرزۆکەکانی بوەستێت.. نەخێر بەدەما کەوتووەو پاسەوانەکان هەڵیانگرتۆتەوە.. خستوویانەتە سەر گالیسکەیەكو بەودیویان سپاردووە.. بۆ لێیم نەڕوانی..؟! بۆ..؟! ئاخر بۆ بۆ..؟! زۆر جار پێی دەوتم:



_ نازانی چەند گرینگە بە دیقەتەوە سەرنج لەوانە بدەیت، کاتێ ناویان دەخوێندرێتەوەو دەگەنە ئەودیو..!! ئەوسا زۆر پێویستە هەموو شتێك لەبیر خۆت بەریتەوەو ورد لێیان بڕوانی.. ئەمە یارمەتیت دەدات لەوەی تۆ بتوانی ساڵی داهاتوو چیرۆکەکەت چاکتر بنووسی.

ئەوکاتەی وتیشی ئێمە پێنج سەدەیە لێرەین، دەبوایە لێیم بپرسیایە بەپێی چ ڕۆژ ژمێرێك.. یەکەم جار ناوی ((ڕۆژژمێری چاڵدێران))م لە دەمی ((مام دانیال))ی باوکیەوە بیست.. ئەوسا تەمەنم لە نۆ هاوین تێدەپەڕی، بۆیە هیچ لەو مشتومڕەی نێوان ئەمو باوکم تێنەگەیشتم.. بە ئەقڵم ئەوە یەکەم جاریش بوو ئەو دوانە یەکتر ببینن.. ئەگەرچی خەڵك پێیان وابوو ئەوان تەواو لە یەکتر دەچن.. ئەمیان کەشناسو ئەویان مێژوونووس.. ژنی دووەمی هەردووکیان کوژراون.. ئەمیان کچە گەورەکەی جێیهێشتووەو کەس نازانێت سەری بۆ کام لا هەڵگرتووە.. ئەویان کوڕە گەورەکەی شاربەدەر کراوە.. هەردووکیان سەرو تاقە کچیان ماوە.. هەردووکیان گۆشەگیرنو کەس نابینن، بەڕادەیەك حیسابی مردوویان بۆ دەکەن.... شەو لەگەڵ دەنگێکی سەیردا بێدار بوومەوە.. چاوە خەواڵووەکانم لە ناو ژوورە تاریکەکەدا هەڵهێنا.. تەنها تارماییەکی سپییم دەبینی.. لە قسەکانی تێنەدەگەیشتم.. بەترسەوە دەستم بۆ شانی باوکم درێژ کرد، تا بە ئاگای بهێنمو بەهەر شێوەیەك بێت پێی بڵێم خێوێك هاتۆتە ژوورێ، بەڵام خێرا زانیم ئەو وا هەستاوەو گوێی بۆ شل کردووە.. چەند جارێ دەرفەتی هێناو

کۆمەڵێ شتی لەوانەی ئەو سەیرتری وت.. کاتێ تارماییەکە دەرگای ترازاندو پێی بردە ئەودیو، سیمای چاکتر کەوتە بەردیدەی لێڵمو زانیم ((مام دانیال))ی باوکی ((گوڵبەهار))ە.. ئەوسا وتی:

- تۆ لە ڕۆژمێری چاڵدێران تێنەگەیشتووی.. ئەو ڕووداوانەی دەیانگێڕیتەوە، هەموویان هەڵەن.. وا نەزانی من لەمە بێ دەنگ دەبم.

بەیانی من چەند جار لە باوکمم پرسی، کەچی ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی خەونم دیوە.. بەڵام لەمەوە هەستم دەکرد سیمای زۆر گۆڕاوەو لە جاران ماندووتر دیارە.. دەفتەرە گەورەو ڕەنگپەڕیوەکانی یەك یەك لەسەر تاقەکان دادەگرتو پێیاندا دەچووەوە.. هێڵی بەژێر هەندێك دێڕدا دەهێناو هەندێکیانی دەسڕیەوە.. لەمەوە کەمتر لەگەڵمدا دەدوا.. ئەگەر پێشان جارجار دەچووە دەرێو بە تەنیا لە ماڵ جێیدەهێشتم، ئەوا لەوساوە دوو پێی نەدەخستە ئەودیو.. چوار کەس، دوو ژنو دوو پیاو، هەر جارێ یەکێکیان بەجیا سەریان لێ دەداو لەو ژوورە قسەیان بۆ دەکرد.. وای بۆ دەچووم هەواڵی شوێنە دوور دوورەکانی بۆ دەهێنن.. دەموت هەر یەکەیان کۆکردنەوەی ڕووداوی وەرزێك لە وەرزەکانی ساڵی لە ئەستۆ دایە.. لەو ژوورە بۆی دەگێڕنەوەو ئەویش لەو دەفتەرە گەورانەدا تۆماریان دەکات.. کاتێ نەمدەتوانی بیانخوێنمەوە، وامدەزانی هێشتا ماومە فێری ئەو زمانە ببمو لێیان تێبگەم، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت لە خۆی بەولاوە، کەسێکی دیکە نییە



ئەو شفرانە هەڵبهێنێت.. نازانم چەند بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی بوو، کاتێ ئێوارەیەکیان بیرم خستەوە، کە چۆن ئەو بەیانییە سووکو ئاسان ڕاستی لێ شاردمەوەو بەوە خەڵەتاندمی، گوایە خەونم دیوە.. هێشتا هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی، بەڵام هۆی دەرنەچوونەکەیلە ماڵدا بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە، کە ئەو مێژوونووسەو شێوازێکی زۆر تایبەتی هەیە لە نووسینی مێژوودا.. دەیوت نایەوێت بچێتە ناو ئاوەدانی، چونکە لەوێدا تەنها دوو جۆر خەڵك دەبینێت، چەوساوەو چەوسێنەر.. ئەمە کار لە سۆزی دەکەنو بە ئاسانی هەڵیدەخەڵەتێنن.. لێرەوە ناتوانێت شتێکی جیاواز بنووسێت.. چاوەڕێ بووم هەندێ قسەی دیکەیش بکات، بەڵام لەپڕ دەمی داخست.. زۆری دەویست تا جارێکی دیکە ئەو لچو لێوە بە مەبەستی درکاندنی بەشێکی تری نهێنییەکان دەکرانەوە.. هەزاران پرسیار نەیاندەتوانی ئەو زمانەی هەڵبهێننەوە.. بەڵام دیارنەمانی ئەو ژنو پیاوانەی هەر یەکەی لە وەرزێك دەهاتو من وای بۆ دەچووم هەواڵەکانیان بۆ دەهێنا، ناچاریان کرد لە نووسینی مێژوودا پشت بە من ببەستێت.. ئەگەرچی بۆ تاقە جارێکیش نەیویست شتێك لە بارەیانەوە بڵێت.. بە تەگبیری ئەویش لەو مەیخانەیە دەستم بە ئیش کرد.. دەیوت نازانی ئەو ئیشە چ سەرمایەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە.. لە هیچ شوێنێکدا وەکو ئەوێ هەواڵی ڕاستو سەیر سەیرت دەستناکەوێت.. لەسەر ئەم مێزەیاندا ئەو جەنگاوەرە ماندووانەی بە مۆڵەت لە بەرەکانی شەر گەڕاونەتەوەو بە

قوڕگی پڕ لە گریانەوە بۆ بوتڵو کاسەکانیان دەدوێن.. تا زیاتر مەست دەبن، زیاتر ئارەزوویان دەچێتە سەر گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان.. لەسەر مێزی تەنیشتیانەوە ئەو ڕێبوارانەی لە ڕێگای دوور دوورەوە هاتوونو دوای هەڵدانی یەك دوو پێكو بەدەم گوێگرتن لە گۆرانی کچانەوە، بیریان دەچێتەوە بۆچی هاتوونو چەندی دیکەیان ماوە بگەنە شوێنی مەبەست.. بەبێ ئەوەی بیانەوێت، دنیایەك ڕووداو لە دوای خۆیانەوە جێدەهێڵن..... دەسا لەوێ نیازەکان بە شێوەیەکی دیکە دەرکەوتن.. ئاڕاستەکان گۆڕانو تێڕوانینی منیشیان لەگەڵ خۆیاندا گۆڕی.....

★ ★ ★ ★

هەندێك شەو بە ئەسپایی دێیتو تەنیاو بێدەنگ لەو سووچە دادەنیشی.. لەوەتەی من لێرە دەستم بە ئیش کردووە، جا نازانم پێشتریش، ئەمە پیشەتە.. چراکەی پشت سەرت سێبەرەکەت بە گەورەیی دەخاتە سەر ئەو دیوارەی بە نیگاری مرۆڤی سەیرو سەیرو گیانداری جۆراو جۆر نەخشاوەو تێکەڵ بەوان دەبیت.. ئەوسا هێندەی دی دەخزێیتە ناو ئەفسانەکانەوەو زیاتر دڵم دەخەیتە ختوورەوە.. من کە جورئەت ناکەم لە نزیکەوە لێت بڕوانم، ئەوا چاوم لەسەر سێبەرت ناگوێزمەوە.. تەنانەت کاتێ دێمو خواردنەوەو مەزەت بۆ دەهێنم، وا دەزانم دەیانخەمە بەردەمی سێبەرەکەت.. وەك بڵێی گیانێکی پڕ لە نهێنی لەناو سێبەرەکەتدا خۆی حەشار



دابێتو من بمەوێت بیدۆزمەوە، بۆیە بەردەوام بەدوایەوەم.. دیارە ئەمە تەنها خەیاڵێکی کاتییەو ئەوەم بیر ناباتەوە، کە چ ترسێکی گەورە ڕێگرە لەوەی چاو ببڕمە چاوانتەوە.. بەڵام دەزانم تۆ چەند بە دەقیقەتەوە سەرنج لە هەموو جووڵەیەکم دەدەیت، بۆیە دەستەکانم دەلەرزن.. کاسو سوراحی بەر یەکتر دەکەونو دەنگێکی سەیریان لێ هەڵدەستێت.. ئەوانە لە ((قوڕی چاڵدێران)) دروست کراون، بۆیە بەو شێوە جیاوازە دەزرینگێنەوە..بەلاتەوە سەیرە من شتێکت پێ دەڵێم، کە خۆت لە هەموو کەس چاکتری لێ دەزانیت.. وانییە..؟! من تێناگەم ((قوڕی چاڵدێران)) چ جیاوازییەکی لەگەڵ قوڕی هەر شوێنێکی دیکەدا هەیە، تا تۆ هێندە بە لاتەوە گرینگ بێت کڕیارەکان باوەڕ پێ بهێنیت، کە کەلوپەلەکانت لەو قوڕە دروست کردوون.. ئەوەندەی پێ لەسەر زرینگانەوەشیان دادەگریت، هێندە باسی چاکییان ناکەیتو بەلای ئەو نەخشانەی سەیریاندا ناچیت.. ئایا لات وایە دەنگ لە ناوەڕۆکی شتەکانو لە شێوەیان گرینگتر بێت..؟! من کە سێبەری تۆم لێ بووەتە خولیا، لەبەر ئەوەیە جورئەت ناکەم لە خۆت بڕوانمو نامەوێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ کێشەیەکی گەورەدا ڕووبەڕوو ببمەوە.. ئەو کێشەیەی سەرتاپای تەمەنمی پێوە بەندە.. من کچی مێژوونووسێکم، کە وەهم سەرتاپای ژیانی داپۆشیوە.. ئەو پیاوە سەیرەی پێش ئەوەی باوکی من بێت، باوکی تۆ بوو.. ئەوەتا من ئێستا شتێکم پێ وتووی، کە تۆ نایزانی.. ڕەنگە بیشیزانی، بۆیە کاتێ کوڕانی تر بانگم دەکەنو

به مەبەستی خزمەتکردن لە مێزەکانیان نزیك دەبمەوە، سێبەرەکەت دەکەوێتە جووڵەو لەمەوە دەزانم سیمات تەواو گۆڕاوە.. دەموچاوت گرژ کردووەو گلێنەکانت زەق زەق تێبڕیوم.. ترسم هەیە لەپڕ پەلامارم بدەیتو بە خەنجەر ونجڕ ونجڕم بکەیت.. پێت ناخۆش نەبێت من ناتوانم باوەڕ بەوە بهێنم، کە تۆ دوای ئەوەی دەستت داوەتە کاری هونەریو دەتەوێت لە ڕێگای فرۆشتنی کەلوپەلەکانتەوە لەم شارە وەربگیرێیتەوە، وازت لە کوشتن هێناوە.. ئەو گەنجانە کاتێ مەست دەبن، شەرمیان لێ هەڵدەگیرێت.. بە بیانووی جۆراو جۆر بانگم دەکەن.. دەستەکانم دەگوشن.. زۆڵانە پەنجە بزێوەکانیان دەخەنە قژی درێژو خاومەوە.. وشەی سەیر سەیر دەچپێننە گوێچکەمەوە.. ئیشەکەشم وا دەخوازێت ڕووم گرژ نەکەمو بزەی ناسك ناسکیان بۆ بخەمە سەر لێوم.. ڕەنگە تۆ بەرگەی ئەم ئازارە نەگریتو لەناو ئەو بێدەنگییەت بێیتە دەرێ، کە وەکو جلوبەرگ پۆشیوتە.. گوێ بەوە نادەیت سزاکەت قورستر دەبێتو تا ماوی لە ئەشکەوتەکاندا وەکو ئاژەڵێکی کێوی ژیانت دەگوزەرێنیت، بە قژ هەڵمدەواسیتو بە نووکی خەنجەری تیژت هەناوم دەردەهێنیت.. بەڕاستی پێت بڵێم من لام ڕوون نییە، ئاخۆ لە ناخمدا پشتی تۆ دەگرم ، یان هی باوکم، یان هی ئەو یاسایەی سزای داویت.. بەهەر حاڵ من دەزانم هەر شارێك ڕێگایەکی تایبەتیی هەیە لە دەرکردنو وەرگرتنەوەی کەسەکانی خۆیدا.. ئەمەیش شێوازی شاری ئێمەیە.. لەو کێوە سەختانە هونەرێك بدۆزەرەوەو بە ناوێکی



ترەوە بیگەیەنە ئاوەدانی.. من هیچ بەهرەیەك لە خۆمدا شك نابەم، بۆیە باوەڕم وایە، ئەگەر دەست بۆ کارێکی ئاوا بەرم، دەبێت وەکو ورچە تەنیاکان تا ماوم ژیان لە ئەشکەوتدا بەسەر بەرم.. کاتێ ئاوات پێ دەڵێم، خەیاڵت بۆ ئەوە نەچێت، من بیرم لە کوشتنی تۆ کردۆتەوە.. هەقیشتە ئەگەر ترسێکی ئاوا دڵت ختووره بدات، بگرە بشتتۆقێنێت، چونکە تۆ لە هەر کەسێکی دیکە چاکتر دەزانی، کە کوشتن لە هیچ شتێك ناچێت.. ئەوانەی پێش تۆ، گیانێکیان لەناو بردووەو دوای ماوەیەکی زۆر لە ئاوارەییی ناو کێوان گەڕاونەتەوە، وایان وتووە..هەموویان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە حاڵەتێکە دوور لە ئیرادە.. کاتێکیان زانیوە وا هەستێکی سەیر تەفرەیان دەداتو ناچارن کەفوکوڵی دڵیان دامرکێننەوە، بە ڕادەیەك ئەگەر ئەمە بە ئەنجام نەگەیەنین، ئەوا هەر ئەو هەستە خۆی لە ناوەوە قوڕگیان دەگرێتو لە جوڵەیان دەخات.. بەڵێ کوشتن ئەو ڕێگایەیە، کە بۆ ڕزگارکردنی ژیانت لە چەپۆکی مەرگ، سووكو ئاسان پەنای بۆ دەبەیت.. مادام ئەو ڕاستییە دەزانم، ئەوا ناتوانم دڵنیات بکەم، کە شەوێك لە شەوان، دوای ئەوەی دەبینم تەواو مەستیتو ئاگات لە دنیا بڕاوە، لەپڕ بە بێ ویستی خۆم پەلاماری قوڕگت نادەمو بۆ هەتا هەتایە لە جووڵەت ناخەم.. نازانم تۆ لە هونەرەکەت سەرکەوتوو دەبیت، یان نا، تا وەکو ئەوان بە ئێجگاری بگەڕێیتەوە، بەڵام خەیاڵ نەکەیت باوکم لەماڵ وەرتگرێتەوە.. وەکو بیستوومە ئەگەر ئەو نەبوایە، کەس بە تاوانەکەتی نەدەزانی.. هەر خۆی لە

دادگا پەردەی لەسەر ڕووی ڕاستییەکان لاداو وەکو بکوژێك بە سزای گەیاندی.. ڕۆژێك لە ڕۆژان ناوی تۆی نەهێناوە.. شتێك نابینم لەناو ماڵمان، ئەوە پیشان بدات، کە تۆ لەوێدا ژیاویت، یان هەر بۆ ساتێکیش پێت خستبێتە ئەمدیویەوە.. ناوە ڕاستەقینەکەتو ڕووداوەکانم پچڕ پچڕ لەمو لەو بیستوون.. ((ئیدریسی حیکایەتخوان))یش چیرۆکێکی لەبارەی تۆوە هەڵبەستووە.. لە دیوەخانی بەگەکانو لەسەر سەکۆکاندا لەبری برێك پارە، یان هەندێ خۆراك لەپاڵ دەیان چیرۆکی دیکەدا دەیگێڕێتەوە.. دەڵێن هەر ئەو چیرۆکەی گەیاندۆتە شوێنە دوورەکانی وەکو ((ئەستەمبوڵ))و ((بەغداد))یشو لەوێ بە زمانی تورکیو عەرەبی گێڕاویتیەوە.. من دەزانم ئەو ڕقی لە باوکمەوەو دەیەوێت لەناو خەڵکدا بیشکێنێت.. هەر ئەویش مەلای شارەکانی ئەوبەری هاندابوو فەتوای کوشتنی دەربکەن، چونکو لە جیاتی وشەی ((عەرەبستان))، ((عەرەبخانە))ی بەکارهێناوەو وتووشیەتی ئەگەرچی عەرەبەکان لە هاویندا سوود بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەگەیەنن، کە چەند سەدەیەکە بۆی هاتوون، بەوەی هەموو کوللەو بزنمژەکان ڕاو دەکەنو دەیانخۆن، بەڵام زستانان دەبنە بار بەسەر خەڵکەوە..((★)) بۆیە من زۆر پشت بەو چیرۆکەی نابەستم.. ئەگەرچی ((دادە گوڵزار))، کە ئامۆزای دایکی خۆتەو هەر ئەویش پێش ئەوەی دایکی من بێتە ئاراوە، دایکتو باوکمی بەیەکتر ناساندووە، باوەڕی وایە بەشێك لەو بەسەرهاتانە ڕاستن.. ئەویش تۆی ناسیەوە.. ئەگەرچی ئەو کێوانە دەتوانن



تەنها لە ماوەی مانگێکدا سیمای شارییەکان بگۆڕنو بە زەحمەت بیانناسیتەوە، بەڵام ئەو دوای بیست ساڵ تۆی ناسیەوە.. دەیوت لەگەڵ ئەوەشدا ڕووخسارت تەواو گۆڕاوەو کوڕە هەژدە ساڵانەکەی ئەوسا نەماویت.. شێوەی ڕۆیشتنیشت ئەوەی جاران نییە، چونکە خەڵکی شاخ بە حوکمی ئەوەی بە هەورازاندا هەڵدەزنێن، هەندێ کووڕ دەبن.. دەنگت ئەوەی ئەوسا نییە، هەر لەبەرئەوەی زۆر کەم پێی دواویتو هەر پێی نەدواویتو تەنها گۆرانیت پێ وتووەو پێی گریاویت، بەڵام بەشتێك دەزانێت تۆ ((زەردەشت))یت، کەچی چەندی هەوڵم لەگەڵی دا، پێی نەوتم ئەو شتە چییە.. ئێستا تۆ ناوت لە خۆت ناوە ((کرمانج))، بەڵام نازناوی ((چاوچیمەن))ی پێ بەخشیوی، ((گوڵبەهاری گۆرانیبێژ))ە.. ئەو کچە جووەی هەمیشە لەناو خەڵکدا بە کەلوپەلەکانتدا هەڵدەدات.. نەخشەکانی سەریان بۆ ئەمو ئەو لێکدەداتەوەو بۆ مێژووی هەزاران ساڵیان دەگێڕێتەوە.. دەڵێت چاوەکانی تۆ وەکو چیمەن لە بەهارو هاویندا سەوزنو لەپایزو زستاندا بۆ زەردێکی کاڵ دەگۆڕێن.. لەگەڵ هەر گۆڕانێکیشدا، شتەکان بەشێوەیەکی جیاواز دەبینن.. من ناوێرم لێیان بڕوانم، تا بزانم ئەمە ڕاستییە، یان غەزەلی کچێکی هاری بێشەرم.. کەچی لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر بیرت لێ دەکەمەوەو مەبەستمە لە نهێنییەکانت تێبگەم.. دەتوانم بڵێم کاتێ بۆ یەکەمین جاریش گەڕایتەوە، کەس لە پێش منەوە نەیبینیت.. بەبێ ئەوەی بزانم کێیتو چ پێوەندییەکت بە منەوە هەیە.. لە کوێوە

هاتوویتو بە چ مەبەستێک ئەو ڕێگایەت گرتۆتە بەر، لێت ڕادەمامو سەیر دەکەوتیتە بەر دیدەی لێڵم.. (( بۆ زانینت من وشەی سەیر بۆ ئەو شتانە بەکار دەهێنم، کە لێیان تێناگەمو لە شێوەی مەتەڵێکی ئاڵۆز ڕووبەڕووم دەبنەوە)).. لە منداڵییەوە وا راهاتووم، هەر بەیانییەک زوو بە ئاگا بێم، دەچمە سەربان.. نازانم چ لەزەتێک لەوە دەبینم لەوێوە بە چاوی خەیاڵووەوە بۆ ئاسۆ دوور دوورەکان بڕوانم.. نەخێر، ئەمە خوویکەو ناتوانم دەستی لێ هەڵگرم.. ئەوسا لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر هەست بە منداڵیی خۆم دەکەم.. لە ئەنجانی ڕامانی زۆردا، بەربینایيم لێڵ دەبێت.. خەیاڵەکان لەناو سەرمدا تێکدەقژێن.. خەونەکان تێکەڵ بە ڕاستییەکان دەبن.. نازانم نووستووم یان بە ئاگام، یان حاڵەتێکەو لە هەردووکیان پێکهاتووە.. کێوەکان لەناو تەمێکی چڕدا، کە دەزانم هی ناو چاوەکانمە، نەک هی ئاسمان، بە حاڵ دیارن.. لە منداڵدانێکی گەورە دەچن.. تا ئێستایش نەمتوانیوە باوەڕ بە خۆم بهێنم، کە ئەمە گەمژەییەو دەبێت دوای ئەم تەمەنە ئەم دیمەنە بگۆڕم.. ئاخر بۆچی ناتوانم چیتر نەڵێم: ((کێوەکان لەناو تەمە چڕەکاندا وەکو منداڵداندان دیارن..؟!)) شوێنی ماڵەکەشمان زۆر لەبارە لەوەی نیگاکانم بە ئاسانیو دوور لە بەربەست بیگەیەنمە شاخەکان.. خەڵکێکی زۆر هەن لەناو شار حەزیان لە قەراغ نییە.. دەڵێن لەوێ هەست بە ترسو غوربەت دەکەن.. هەر بۆیە نرخی خانوو لێرە لەچاو ئەوێ هێندە هەرزانە.. کەچی خەڵکی ئێرە بەگشتی لە هی ناوجەرگەی شار



وریاترو دەستڕەنگینترن.. زیاتر لەوان حەزیان لە شتی نوێیە.. ئەوانن دەبنە هونەرمەند.. بەڵگەشم ئەوەیە، زۆربەی جووەکان لە قەراغ دەژین، لە کاتێکدا هەر ئەوانیشن بازاڕ بەڕێوە دەبەن.. هەر بۆیە کەلوپەلەکانی تۆیش لەم گەڕەکە زیاترین ڕەواجیان هەیە.. ئەوان تاقی ناندینەکانیان پڕ کردووە لە قاپو کەوچکو گیاندارەکانتیان لەناو جامخانەی کانتۆری ژوورەکانیان داناوە.. سوراحیو کاسەکانیشت لە مەیخانەکاندا بەکاردەهێنن.. من ئەگەرچی هیچ ماڵێک لە پشت ماڵی خۆمانەوە نابینم، بەڵام تا ئێستا نازانم ئەو هەستی ترسو غوربەتە لە ناخمدا هەن یان نا، بەڵام دڵنیام ئەمە شتێکی ئاسایی نییە، کە ئێستا تەمەنم هەژدە ساڵە، وازم لەو خووە نەهێناوە بەیانییان بچمە سەربانو شێتانە لەو فەزایە بڕوانم.. وامزانی لەناو هەورەکاندا هاتیتە دەرێ.. ئەسپێکی سپی گالیسکەیەکی ڕەشی ڕادەکێشا.. بە جلێکی سوورەوە قاچەکانت لە نزیک تایە گەورەکانەوە لە هەوادا دەلەرینەوە.. لە دوو لوولەی ئاگر دەچوون.. چۆنت دەزانی من ڕەنگی سوور لە نێوان سپیو ڕەشدا ببینم، گەشکە دەمگرێتو موچورکە هەموو گیانم دەهەژێنێت..؟! لە هەر کاتێکی دی زیاتر هەست بە کچێنیی خۆم دەکەم.. لەزەکان لە ناخەوە هەڵدەفڕنو تا سەر زمانم دێن.. ئێستایش بە دڵنیاییەوە دەڵێم چ خۆتو چ ئەسپو چ گالیسکەکەشت دەتوت سێ پارچە هەوری ڕەنگجیاوازنو دەترسام وردە وردە بتوێنەوە.. لە ئاستی جۆگەلەکەی پشت ماڵمان هێواشت دەکردەوەو دواییش لە پڕو بە خێراییەکی

سەیر پەڕیتەوە.. قازەکانم ترساوو زارەترەك بڵاوبوونەوە.. ئەو دیمەنە بینینی منی بە لاڕێدا برد.. وامزانی ئەسپەکەت بەر هێزێکی غەیبی کەوتو بووە دەیان پارچە.. باڵیان لەملاو لەولا لێك کردەوەو قیڕاندیان.. سنگیان بەر زەوی کەوتو قایمتر قیڕاندیان.. هەستانەوەو زیاتر قیڕاندیان.. ئەو قیڕە قیڕە لەگەڵ دەنگی قاچی ئەسپو تایە ئاسنەکانی گالیسکەکەت لەسەر ئەو چەوە هاوکات لەگەڵ زرینگانەوەی ئەو هەموو ورچو ئاسكو پڵنگو قاپو کەوچكو سوراحییەی، کە دواتر بە خەڵکت وت لە ((قوڕی چاڵدێران))ت تێکەڵ بوونو هەر خۆم دەزانم چ ئاوازێکی سەیریان دا بە گوێچکەمدا.. دیمەنەکەم بە شێوەیەکی جیاواز دەبینی.. هەی دڵڕەقی هار بە ئاگر ڕاوی قازەکانمت دەناو دەتویست بیانسووتێنیت، یاخود بیانتوێنیتەوە.. ئەرێ چی نەیهێشت بەسەرتا بقیژێنمو بڵێم: ((کوره سووك..!! سووك..!! کوڕەکە سووك..!! لەگەڵ تۆمە..!! ئاگات لە قازەکانم بێت..!! بۆچی ئاوا بێبەزەییانە تێیانکەوتوویت..؟! وریا بە..!! ئەوە بۆ کوێ ئاوا ملی ڕێگات گرتووە..؟! ئای..!! ئای..!! ئەوە لەگەڵ تۆم نییە..؟!))ڕەنگە خێرا زانیبێتم، کە ئەم وشانە بە دەنگی بەرز ناوترێن، یاخود دەوترێن، بەڵام ناتوانن مەبەستی خۆیان بگەیەنن.. ئەو هەناسە شێواوانەی لەگەڵ دەنگەکانمدا دەردەچن، ناتوانن بەهەمان خێرایی بڕۆنو بگەنە گوێچکەکەتەوە.. چاوت لێیە زرینگانەوەی وشەکانیش وەکو کەلوپەلەکانت گرینگن..!! نەخێر، بینینی



ئەو دیمەنەو تێکەڵبوونی ڕەنگەکانو تێکقژقژانی دەنگەکان لەزەتێکی وایان خستە دڵمەوە، نەیانهێشت گوێ بە ترسانی قازەکانم بدەم.. تۆ دەبێت بزانی یەکەمین بینین چەند گرینگەو وەکو ئەسپەکەت هەموو شتەکان بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت.. باوکم دەڵێت: پێغەمبەر ئەوسا لە سەرەتای گەنجێتیدا بوو.. ئاوەدانیی جێهێشتو چووە کێوەکان.. ژنەکەیشی برد.. لە ئەشکەوت دەژیان.. ڕۆژێکیان بوڕکان هەڵایسا.. شاخ گڕی گرت.. ئەو ئاگرەی زۆری نەمابوو بیانسووتێنێت، دواتر هەر چۆنێك بوو کوژایەوە، بەڵام لەناو خەیاڵی ئەودا بەردەوام کڵپەی دەسەند.. فەلسەفەکەی لەسەر داڕشت.. ئاگری کردە بنەمای ژیانو لە بەرامبەر تاریکیدا وەکو سومبولی چاکیو پاکیو ڕووناکی ناساندی.... من تێناگەم، ئاخۆ تۆ بە ئاگرو ڕووناکی دەزانم، یان بە تاریکی، بەڵام ئەوەی لام ڕوونە، ئەوەیە ناتوانم لە خەیاڵمت دەربکەم.. بڕوانە منو باوکم چەند لە یەکتر جیاوازین.. ئەو سووكو ئاسان، بەبێ هیچ دوودڵییەك شار بەدەری کردی، کەچی من مەحاڵە بڕیارێکی ئاوام بۆ بدرێت.. بەڵام نازانم ئەگەر دەرت ناکەمو لەناو خەیاڵمدا دەتهێڵمەوە، چ نیازێکم هەیەو بە چ ئەنجامێکت دەگەیەنم.. ئەوەندەم لا ڕوونە وازم لە هەموو شتێ هێناوەو بەدواتەوەم.. ئەگەر ئەو ترسە نەبێت، کە ڕێگرە لەوەی لێت نزیك بکەومەوەو لە چاوانت بڕوانم، ئەوا لەماوەیەکی کورتدا هەڵتدەوەشێنمەو لەهەر پارچەیەکتدا دەیان نهێنی دەدۆزمەوە.. باوکە مێژوونووسە پەککەوتووەکەم لە ماڵەوە

چاوەڕێیە هەواڵەکانی بۆ کۆ بکەمەوە، بەڵام من بەهۆی تۆوە ئاگام لە دنیا بڕاوە.. ناتوانم پێی ڕا بگەیەنم، کە تۆ بە ناوێکی ترەوە ڕووت کردۆتەوە ئاوەدانییەوە.. بەرگەی کارەساتێکی ئاوا ناگرێت‌و دوور نییە هەر خێرا گیانی دەربچێت.. هەندێ جاریش وای بۆ دەچم زانیبێتی، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنەوەی تۆدا، ئەویش بە ئێجگاری خزایە کونجی ژوورە تاریکەکەی‌و نایەوێت ڕووناکی ببینێت.. پێشان پێی نەدەخستە ئەودیوی حەوشەو بێجگە لە من، کەسی دیکەی نەدەدی، ئێستا نایەوێت چاوی بە چاوی منیش بکەوێت‌و هیچم لەگەڵدا ناڵێت.. لەوساوە نەمدیوە.. من کە بە درێژاییی شەو لەو مەیخانەیەدا کار دەکەم، ئەوا بەیانییان پێش هەتاوکەوتن وەکو مردوو بۆ ماڵ دەگەڕێمەوە.. بەر لەوەی بچمە سەر جێگاکەم‌و بنووم، ئەو لەشە ماندووەم دەگەیەنمە سەربان‌و لەو چۆڵەوانییە دەڕوانم.. گەرەکمە تۆ ببینم، کاتێ بەو ئەسپ‌و گالیسکەیەت لە جۆگەڵەکە دەپەڕیتەوەو قازەکانم پەرشوبڵاو دەکەیتەوە، بەڵام ئەوان وەکو ئەوسا ناترسن‌و ناقیڕێنن.. دەزانم بە پێچەوانەی من دڵت بەو دیمەنە خۆش دەبێت، چونکە وا هەست دەکەیت لە ئاوەدانی ناسراویت‌و بە سیمات ئاشنا بووم.. نازانم زانیویشتە کێیە خاوەنی قازەکان، یان نا..؟! ئەو خەیاڵە لەگەڵ خۆمدا دەبەمە سەر جێگاو لە باوەشما دەیخەوێنم.. بەڵام ئەوە خەو نییە، بەڵکو بوورانەوەیە.. ئیشی شەو زۆر زەحمەتە.. ئەی چۆن..!! تا ئێوارە بێدار نابمەوەو ئاگام لە دەرەوە بڕاوە.. نازانم لە پشت ئەو چاوە نوقاوانەمدا چی لە ناو ماڵ‌و لە



دەرەوە ڕوودەدات.. هەندێ جار وای بۆ دەچم ئەمە فێڵێکەو باوکم لێی کردووم.. بەشەو مەیخانەو بە ڕۆژیش خەو.. ڕێگایەکی دۆزیوەتە بۆ نەهێڵێت من ئەو ڕاستییانە بزانم.. زۆری پێ ناچێت مەسەلەکە بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەبەم‌و دەگەمە باوەڕێکی تری تەواو جیاوازەوە.. دەڵێم شەڕی ئەو لە دژی تۆیە.. هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەی تۆ نەتوانی بگەڕێیتەوە.. ڕقت هەڵدەستێنێت.. گڕ لە دڵت بەردەدات، بەوەی خوشکەکەتی ناردۆتە ئەو مەیخانەیەو بەبەرچاوتەوە کوڕان ماچی بۆ هەڵدەدەن.. پەنجەکانی دەگوشن.. مەمکەکانی دەگرن.. ئەو وایزانیوە دەستت ناچێتە خوێنی منەوە، بەڵام شەوێك دەگاتە تینت‌و یەك دوانێ لەو گەنجانە بە خەنجەری تیژت ونجڕ ونجڕ دەکەیت.. ئەوسا سزاکەت قورستر دەبێت.. ئەنجام وەکو هەر ئاژەڵێکی کێوی لەو شاخانە، بەبێ ئەوەی کەس بزانێت، گیانت دەردەچێت‌و لاشەت دەبێتە خۆراکی داڵ‌و کەمتیار... بەڵام من نازانم بۆچی وا لە دڵم چەسپیوە، کە ئەوەی بە دەستی تۆ خوێنی دڕژێت، هەر خۆمم... باوکم بیری لە شتێکی دیکەش کردۆتەوە... ئەو دەزانێت ئەگەر ئەو ئازارەی بەهۆی منەوە دەیچێژێت، نەگاتە ئەوەی هیچ کەسێکیش بکوژێت، ئەوا خۆ بە ئاسانی دەتوانێت ناخت داڕزێنێت‌و نەهێڵێت خەریکی کاری هونەری بیت.. ئەنجام بەرهەمت نابێت‌و چاوت بە ئاوەدانی ناکەوێتەوە.. بزانە من بەبێ ئەوەی ئاگام لێبێت، یان ویستبێتم، چ کێشەیەکی گەورەم بۆ خولقاندووی.. پێم ووتی باوکم هەموو هەوڵێك دەدات بۆ

ئەوەی نەگەڕێتەوە ناو ئاوەدانی... کوللە ڕەقیەکەی بێ سنووره.. باوەڕی بە تۆبە نیە.. زۆر دەمێکە فەلسەفەی خۆی لەم بارەیەوە ڕاگەیاندووە.. ئەوسا دەنکە تەرزەکان لە ئاسمانێکی ڕەشی تاریکەوە دەبارینە ناو حەوشەوەو هەندێکیان بەر پلێتی سەر کولانەی قازەکان دەکەوتن، دەنگێکی ترسناکیان لێ هەڵدەستاو دڵیان دادەچڵەکاندم.. لەو دیوی پەنجەرەکە دەستەکانی گرتبوو بە ملاو بەولای دیوارەوەو ووتی:

- تۆبە هەر خۆی گوناهێکی دیکەیە، چونکە زەمەنی تۆبە لە دوای زەمەنی گوناهەوە دێت.. تۆبە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردووێکی پێش سەردەمی گوناه، بەلاَم لەبەر ئەوەی تەمەنی مرۆڤ بریتیە لە گوناه، ئەوا هەر دەبێت بۆ گوناه بگەڕێتەوە. گێژیت نەگاتە ئەوەی هیچ کەسێك بکوژیت، ئەوا خۆ یە ئاسانی باوەڕ بکە هیچ لەو ووشانە تێنەگەیشتوومو نەشمزانی بۆچی وای پێ ووتم، وەکو چۆن قازەکانم زۆر جار لە من تێناگەنو نازانن چیم لێیان دەوێت، بۆیە هەندێ بۆی ئاسان کردمەوە.. ئەوەی لێی تێگەیشتم هەر ئەوەیە: زەمەن کاتێ تێدەپەڕێت، خۆشەویست دەبێت.. وەکو شتێکی پیرۆز لێی دەڕوانین.. ئەو گوناهانەیش بە پاك دەزانین، کە ئەوسا بە ترسەوە دەستمان بۆ بردوون، بۆیە ئێستا بە بێ دوو دڵی دووبارەیان دەکەینەوەو ناویان لێ دەنێین تۆبە... بزانە ڕابردوو چ شوێنێکی ئاسوودەیە بۆ ژیانمان.. هەرگیز خۆمان لە ئاست ئەو گوناهانە بە بەرپرسیار نازانین، کە وئەوسا کردوومانن... ئەوەی مایەی ترسو دوو دڵییە، ئێستایە.. نەخێر، تۆ وا بیر نەکەیتەوە... من هەر کاتێ بۆ ڕابردوو بگەڕێمەوە، خەیاڵم لەو ڕۆژە



دەئاڵێت، کە بە ئاگر ڕاوی قازەکانمت دەنا.. ڕەنگەکان تەفرەم دەدەن... ئێستا چاکتر لەوە تێدەگەم چۆن قازەکان دایکمیان کردۆتە نیگارکێشێکی شارەزا.. ئەو باڵندە خەمناکە لە زۆربەی نیگارەکانیدا دەبینرێت، کە لەو دواییەدا (( دادە گوڵزار)) پیشانیانی داوم.. پێم دەڵێت ئەو بە کچێنیو دواتریش هەمیشە جلێکی ڕەشی سادەی دەپۆشیو شاڵێکی سووری تۆخی بەسەر شانە گۆشتنە تۆخەکانیدا دەدا... قازێکی سپی سپی دەخستە ژێر باڵی چەپیەوە.. هەردوو چمکی شاڵەکە لەم لاو لەو لاوە بەسەر سنگیدا دەهاتنە خوارێ.. لە ئاستی سکیدا جووت دەبوونەوەو بەشێکی قازەکەیان دادەپۆشی... بە باوەڕی ئەم قاز باڵندەی کچانەو زۆر لە تاوس سەرنج ڕاکێشترە، کە دەیان ڕەنگی جیاوازی بە خۆیەوە گرتووەو لەبەر تیشکی هەتاودا دەبریسکێتەوە.. کاتێ بە بازاڕدا دەڕۆیشت، زوو زوو کوڕان دەچوونە بەردەمیو لێیان دەپرسی، ئاخۆ قازەکەی نافرۆشێت، یان لەگەڵ هەر باڵندەیەکی دیکەدا نایگۆڕێتەوە، بەلاَم ئەو وەلاَمی کەسیانی نەدەدایەوە... نە دەیویست بیفرۆشێتو نە لەگەڵ چینوماچینو تاوسەکانیشدا ئاڵوگۆڕی پێ بکا، بەڵکو هەمیشە بیری خۆی دەبردەوە، کە ئەم باڵندەیەکی پێیە.. ئەو مەبەستی بوو هێندە بەبەر چاواندا بێتو بچێت، تا هاوکات ئەوانیش لەسەر ئەوە ڕابهێنێت، کە ئەو دیمەنە شتێکی ئەزەلیەو ئەم هەر ئاوا هاتۆتە دونیاوە، یاخود وەکو جلوبەرگ ئاساییەو یەکێکە لە پێویستیەکانی پۆشین..هەر بۆیە نیگاری هیچ کچێکیشی بەبێ ئەو باڵندە شەرمنە نەدەکێشا.. وەکو بڵێی ویستبێتی تەواو لە دڵاندا

بیچەسپێنیت، کە ئەوان بەبێ قازەکان ڕووتن.. نهێنیەکانیان لە هەموو لایەکەوە دەکەونە بەرچاوە نێرە ئیبلیسەکانو بە ئاسانی دەیان خوێننەوە.. ئەنجام لێیان تێر دەبنو بۆ هەتا هەتایە بە لایانەوە دەنێن.. هەرگیز لەبارەی قازەکەیەوە نەدەدوا... ڕۆژی بوکێنیەکەیشی داینەنا... بردیە سەر جێگاکەیشی.. جلەکانی یەك بەیەك داکەندو بە قازەکەیەوە لەسەر ئەو تەختە ساجە ڕاکشا... چ کچێکی سەیر بووە.. ئەو هەموو گەنجە قۆزە سەرنجی ڕاناکێشن، کە ڕۆژانە بە بیانووی قازەکەی ژێر باڵی چەپیەوە دەیانەوێت لێی نزیك ببنەوەو بیدوێنن.. بەسەر هەر هەموویاندا باز دەداتو پیاوێك هەڵدەبژێرێت، کە لە تەمەنی باوکیەتیو کوڕەکەی لەو گەورەترە.. بەڵام ناکرێت ئاوا ساویلکانەو خۆش باوەڕانە لەو مەسەلەیە بڕوانین، بە تایبەتی کاتێك دەزانین ئەو وەکو بە ((دادە گولاڵە))ی وتووە، پێی وابووە ((ئارەزووی گەیشتن بەو دیوی ڕەنگەکان)) هەموو ڕووداوەکان ئاراستە دەکات.. هەر بۆیە کوشتنیشی بە تاوان نەزانیوە.. بەڵێ، وتوویەتی ئەگەر گورگ پەلاماری مەڕی سپی بداتو لە چاوترووکانێکدا بە کەڵبەی تێژی سکی هەڵدەدڕێت، ئەوا تەنها بۆ ئەوەیەتی ڕەنگی سووری تێدا بدۆزێتەوە.. دەتوانم بڵێم ئەو شووی نەکردووە، بەڵکی لە پیاودا بە دوای ڕەنگدا گەڕاوە..بزانە من دیسان دەمەوێت بەسەرهاتێکت بۆ بگێڕمەوە، کە تۆ لەمنو لە هەر کەسێکی تری چاکتر لێدەزانیت.. پێویستە من گوێ بگرمو تۆ وورد وورد لە نوکەوە هەموو شتێکم بۆ بگێڕیتەوە.. بەتایبەتی ئەم مەسەلەیە، کە ژیانو چارەنووسی هەردووکمانی پێوە



بەندە.. بەڵام تۆ بەو بێدەگییەت هەموو شتێکم لێ دەشێوێنێت.. لە خاچم دەکێشیت.. هێندەی دیکە خۆتم لێ ئاڵۆز دەکەیتو زیاتر دەبیتە مەتەڵ.. گەمژەیی منیش لەوەدایە، لە کاتێکدا ناتوانم تۆزقاڵێك نهێنی لە خۆتدا بدۆزمەوە، کەچی تەمام وایە لە سێبەرتەوە بە ڕاستیەکان بگەم. لەوپەڕی مەستیتدا ئاگات لە زمانتەو ناهێڵێت یەك وشەی بەسەردا تێپەڕێت.. دەشزانی کەی هەستیتو بچیتە دەرێ.. خۆت هەڵدەدیتە سەر گالیسکەکەتو لەناو تەمەکاندا غار بە ئەسپی هەورینت دەدەیت.. من بەیانیان تاوێ دوای تۆ دەگەڕێمەوەو شوێنەوارت بەسەر ئەو ڕێگایانەوە دەبینم.. بە ژێر درەختی گوێزەکاندا تێپەڕیوی، کە ڕێواوڕی لەو قەراخەدا خۆڕسکانە ڕوواون.. پایز دوای بینەو بەرەیەکی زۆر سەرجەمی گەڵاکانی هەڵوەراندوونو گوێزە سوور سوورەکانیان هەر پێوە ماون.. تەنها خۆت دەزانی بیر لە چی دەکەیتەوەو چ چێژێکی سەیر لەو دیمەنە دەبینیت..جێگەی سەرسوڕمانە درەختێکی ڕووت، کە هەر لە مردوو دەچێتو بەرەکەیشی ئاوا لیك لەناو دەمەکاندا دەڕێژێت.. دوور نیە ئەمە تەنها گەمەی ڕەنگەکان بێتو هیچی تر... لەژێر قاچی ناڵکراوی ئەسپو تایەی ئاسنی گالیسکەکەتدا گەڵا وشکەکان ورد ورد دەبن..جا نازانم دەتگریەنن، یان گۆرانی خەمناك خەمناکت پێ دەڵێن.. یان هەردووکیان پێکەوە.. گریانو گۆرانی لەیەك کاتدا.. من بە تەنگ ڕێوە چنگ چنگ ئەو گەڵایانە کۆ دەکەمەوەو قووڵ قووڵ بۆنیان هەڵدەمژم، بەبێ ئەوەی چاو لەسەر شوێنەواری تۆ هەڵبڕم.. بەسەریدا هەنگاو بەرەو گەڕەکمان هەڵدەنێم.. تا

سەری کۆڵانم دەگەیەنیت.. لەوێ، ڕێك لەبەردەم ماڵی ((گوڵبەهاری گۆرانیبێژ))دا جیا دەبینەوە.. لەوە زیاتر نایەیتە پێش‌و ڕێگای خۆت دەگریت.. لە پیرەمێردێکی پەککەوتە دەترسی، کە تەنها ناوی ماوە..جا بۆ نەترسیت..!! قاژەکانم لە پێش تۆوە دەگەنە جۆگەی ئاوەکە.. فریا ناکەوم لە گەڕانەوەدا بتبینم، کاتێ دەپەڕیتەوە، تا بزانم چ هەستێکم لە دڵدا دەخولقێنیت.. زۆر جاریش خەیاڵم بۆ ئەوە دەچێت تۆ لەماڵی((گوڵبەهار)) دەژیت.. بە دزی چاوە زەیتەکانەوە ئەسپ‌و گالیسکەکەت لە حەوشە گەورەیە ڕادەگریت‌و بە ئەسپایی دەچیتە ژووری.. چاکت دۆزیوەتەوە.. بەڵام ئاوا بە ئاسانی بۆت ناچێتە سەر.. با زیاتر لەو ڕاستیە دڵنیا بم، ئەوسا دەزانیت چۆن بە خەونیش ئاوەدانی نابینیتەوە.. من کە تا ئێستا نازانم لایەنگری تۆم یان هی باوکم، بەڵام کارێکی ئاوا پاڵم پێوە دەنێت ببمە دوژمنێکی سەرسەختت.. لەمەوە هیوای گەڕانەوەت بە تەواوی نامێنێت.. شتێکی دیکەم پێ نەوتووی.. باوکم باوەڕی وایە مرۆڤ وەکو شوێن نیە، ئەگەر لە بنەڕەتەوە بە پیرۆز لێی بڕوانن، ئەوا تا سەر ئاوا بمێنێتەوە.. دەیوت بە دەگمەن بنیادەمی پیرۆز هەڵدەکەوێت‌و ئەو پیرۆزیەش زۆر بە ئاسانی لە دەست دەچێت.. شەوێکیان لەگەڵ یەکێ لەو ژنانەدا، کە بە باوەڕی خۆم لە پاڵ سێ کەسی دیکەدا هەواڵیان لە شوێنە دوورەکانەوە بۆ دەهێنا، گفتوگۆیەکی گەرمیان دامەزراندو تا بەرەبەیان نەیان بڕیەوە.. ڕاستە من لە زۆریەی تێنگەیشتم‌و تا بۆشیان بکرایە نەیان دەهێشت گوێم لێیان بێت، بەڵام توانیم ئەو ئەنجامە لە سەرجەمی گوتەکانیاندا



هەڵهێنجم، کە ئێستا بە تۆم ووت.. باوکم سەرەتا بەردی ڕەشی موسڵمانانی بە نموونە هێنایەوە، کە دوای هاتنی پێغەمبەریان هەر بە پیرۆزی مایەوە، بەڵام هەزاران عەرەب لەوانەی ئەو بەردە ڕەشەیان بە پیرۆز دەزانی‌و دەیانپەرست، لە زنجیرە شەڕە خوێناویەکاندا کوژران‌و ناوی تۆپیویان لێنان.. ئینجا بابە هاتە سەر باسی مزگەوتی ئومەوی، کە لە سەرەتا پەرستگایەکی ئارامی بوو.. یۆنانیەکان کردیانە پەرستگای خواوەندی جوبێتەری دیمەشقی.. بێزەنتییەکان کردیانە کەنیسەو دواجار ئیسلامەکان کردیانە ئەو مزگەوتە.. باوکم دەیوت مرۆڤ هەرچی بێت، ناگاتە ئەو شەیتانەی لە ئاسمان مامۆستای فریشتەکان بووو وانەی زانست‌و مەعریفەی بە فریشتەکانی قوتابیی دەووت..دوای بێدەنگیەکی زۆر، ئەمەیشی خستەسەر:(( مرۆڤ لەمێژ نیە وەکو میوان پێی خستۆتە ناو شوێنەوەو زۆریشی نەماوە بۆ هەتا هەتایە لێی دەربچێت، چونکە ئەو دوانە پێکەوە هەڵناکەن)).. تۆ ئاسنی سارد دەکوتی.. تا ئەو باوکەم لە ژیاندا بێت‌و ئەمانە بیروبۆچوونی بن، ئەوا دوو پێت نایەتەوە ماڵ.. منیش تا تەواو لێت تێنەگەم، ناتوانم هیچ بڕیارێکت لەسەر بدەم.. تۆ لە هەموو ئەو بکوژانە جیاوازی، کە لە کێوان گەڕاونەتەوە، بەوەی ئەوان کەس‌و کاریان هەموو هەولێکیان دەدا بیانهێننەوە، بەڵام تۆ کێشەی یەکەمت لەگەڵ خانەوادەکەی خۆتە.. ئاخر قوربانیەکەی دەستیشت لە هی ئەوان ناچێت.. من چاك دەزانم مەبەستی یەکەمت هاتنەوەیە بۆ ناوماڵ.. لەوە دڵنیای شار هیچ ئاسوودەییەکت پێ نابەخشێت‌و بۆتۆ لەگەڵ کێوە

سەختەكاندا جیاوازی نییە، ئەگەر نەگەڕێیتەوە ئەو شوێنەی تێیدا لە دایك بوویت.. ئەو شوێنەی پیاوەتی خۆتت لەناودا سەلماند.. ئەوسا بە هەندێك جوداوازی لەو گورگە دەچوویت، كە دایكم دەیووت لە پێناوی گەیشتن بە ڕەنگی سوور، پەلاماری بەرخی سپی دەدات.. تۆ قازێكت خنكاند.. بەڵام لە پێناوی چی..؟! ویستت هەموو نهێنییەكان بشاریتەوە..باوەڕت نەدەكرد ئاوا دەبیتە چیرۆكێكی لەزەتبەخشو شارەو شار دەگەڕێیت..لە هەر ماڵێك شتێكت دەخرێتە سەرو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تیژتر ڕێگا دوورەكان دەبڕیت.. ئەو ناوبانگەی باوكە مێژوونوسەكەشم بەهۆی بیروباوەڕە سەیرو نامۆكانیەوە بەدەستی هێناوە، بۆ تۆ خراپ شكایەوەو چیرۆكەكەت زیاتر دەنگی دایەوە.. لە گەڕانەوەشتدا، پێش هەموو شتێك پۆلێك قاز هاتنە پێشوازیت.. وەك بیانەوێت پێت بڵێنن:(( ئارەزووەكان نامرن.. ڕێگای هەموو شویچنەكانیش لە ئێمەوە دەویست پێ دەكەن)).. بەڵێ تۆ لە كێشەیەكی گەورە دایت. هەر ڕۆژێكە دەزانی ئەو فیزو لوتبەرزیە دادت ناداتو بەپێی پەتی، نەك بە ئەسپی هەورینو گالیسكەی ڕازاوەت، دەگەڕێیتەوە.. ئەوسا تەواو لەو ئاژەڵە كەس نەدیوە دەچیت، كە زۆر دەمێكە هاوڕەگەزەكانی لەناو چوونو خۆی تەنیا لە كێوە سەختەكاندا ماوەتەوە.. بە دەنگی كزو ماندووت دەپاڕێیتەوە.. كەساسو هیوابڕاو دەست شوورای شارو دیواری ماڵاندا دەگریتو وەكو منداڵێكی ساڵەوەخت، كە دەیەوێت پێ بگرێت، ئاوا هەنگاوی لەرزۆكونارێك نارێك دەهاوێت.. ناو لەپەكانت پڕ دەبن لە قەوزەی شێدار.. خۆڵ تا قورگت دەچێت..هێندە لەسەر ئەو



زەوییە دەخشێت، تا جلەكانت دەدڕێنو دەبنە تیلمەی وورد وورد.. ڕەشەبای ناوەخت بەملاوبەولادا دەیانباتو ڕووتوقوتو زەلیلانە دەكەویە بەر دیدەی ڕێبواران.. منداڵان دوات دەكەونو هۆی‌هات بۆ دەكێشن.. ئەو ئێوارەیە خەونێكی نزیك لەوەم پێتوە بینی.. لەگەڵ دەنگی گریانم بە ئاگا هاتمەوە.. هێشتا فرمێسكەكانم نەدەوەستانو بەردەوام بەسەر سەرینەكەمدا دەڕژان، كە لە پەڕی قازم دروست كردووە.. تەنها خۆم دەزانم چ بۆنێكی سەیر دەچێت بە قولایی لوتمدا، كاتێ پەڕی قازەكان بە فرمێسكم تەڕ دەبن.. ئەوسا شێتانە دەست بۆ چەقۆی ناو تاقەكەی پشت سەرم دەبەم، كە تەنها بۆ ئەو مەبەستە لەوێم داناوەو سەرینەكەم دەدڕێنم. چنگ چنگ ئەو پەڕانە بەسەر خۆمدا دەكەم.. دەزانم ئەمە حاڵەتێكی كچانەیەو لێی تێناگەیت.. ئەگەر بێیتە ژوورەوە لووتت بخەیتە ناو سەرینەكەمەوە، بەو مەبەستەی قوڵ قوڵ بۆنی پەڕی قازەكانو فرمێسكی من هەڵمژیت، هێشتا هەر لەسەر باوەڕی خۆت دەمێنیتەوە، كە ئەوەی من دەیكەم، كارێكی هیچوپووچو بێ مانایە.. بەسەرێكیش ڕاستە.. منێك لە ماڵێكی ئاوا پڕ لە لوغزدا چاوم هەڵهێنابێتو باوكێكی هێندە سەیر گەورەی كردبێتم، چاوەڕێی چیم لێدەكەیت.. زۆر جار ویستوومە لە جیاتی سەرینەكەم، ورگی خۆم هەڵدڕم، بەڵام نازانم چی پەشیمانی كردمەتەوە.. ڕەنگە هەر ئەوە بێت، كە نامەوێت لە پێناوی ژیانێكی هیچدا كۆتایی بە ژیانم بهێنم.. من دەمێكە لە ((دارای شاعر)) تێگەیشتووم، كاتێ لێیان پرسیوە: مادام هەموو شتێكی ئەو دونیایە بە هیچ دەزانیت، بۆچی خۆی

ناکوژێت...؟! وتوویەتی: هەمان ئەو شتانە شایەنی ئەوە نین کە بۆیان بژیم، شایانی ئەوەش نین بۆیان بمرم.. (دارا)ش وەکو خۆی بەردەوام دەیوتو دەیوتەوە هەر لە ڕێگای قازەکەی ژێر باڵی چەپی دایکمەوە ببو بە شاعیر.. ((قازی هەورین))، ((قازی بەفرین))، ((قازی تواوە))و ((قازی خوێناوی))، ئەو ووشانەن بەردەوام لە شیعرەکانیدا بەر گوێچکە دەکەون.. هەر لەبەر ئەوەیش بوو نەدەچووە دڵی باوکمەوە.. دەیوت ئامادەیە لە پێناوی کێشو سەروادا ڕاستیەکان بە ئاوەژوویی دەربخاتو دەیان چیرۆکی درۆ بۆ خۆی هەڵبەستێت.. دوور نیە هەر لە داخی ئەوەیش ئەو تیۆرە سەیرەی لەو بارەیەوە داهێنابێت.. دەڵێت کاری نووسەرو شاعیران لەو فێڵە دەچێت، کە ئەو خۆی بە منالی لە زەماوەندەکاندا پەنای بۆ دەبرد، کاتێ دەیبینی هەموو منداڵان لەسەر کورسیو سەکۆ دانیشتوونو ئەم جێگای نییە.. یەکێکیانی بانگ دەکرد، گوایە بە دزی ئەوانی دیکەوە قسەیەکی نهێنی پێ دەڵێت.. هەر کە ئەو هەڵدەستا، خۆی لە شوێنەکەی دادەنیشت.. دەیوت لەکاتێکدا زۆربەی خەڵك بە پاشاو سوڵتانەکاندا هەڵدەڵێن، ئەوان لە دژیان دەوەستن، تا وایان لێ دەکەن پشتیان تێبکەنو بە گژیاندا بچنەوە، ئەبنجا خۆیان سووكو ئاسان جێگایان دەگرنەوە.....

بڕوانە بۆ هەر یەکێ لە ناحەزەکانی بیردۆزێك دادەتاشێتو کەسیش نازانێت چۆن ئاوا بە خێرایی دەیگەیەنێتە گوێچکەکانەوە.. پێم ووتی تۆ لە شەڕێکی قورس دایت.. هیچ بە دووری مەزانە ئێستا کە ئاوا خزاوەتە کونجی ژوورەوەو لێی دەرناچیت، مەبەستی ئەوە بێت بیر لە داڕشتنی تیۆرێکی



تایبەت بە ئیشەکەی تۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی لەبەر چاوانت بخاتو بەهرەکەی بێنرخ پیشان بدات.. ئەنجام ڕیسوا دەبیتو تا ماویت ڕوو لە ئاوەدانی ناکەیتەوە.. تۆ خۆت بە چاوانت (دارای شاعیر)ت دەدی چۆن کاتێ دەگەیشتە حاڵەتی مەستی، شێتانە دەکەوتە گێڕانەوەی ئەو ڕۆژگارەی، کە لەگەڵ دایکمدا بەسەری بردبوو.. هەڵدەستایەوەو بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش تەمسیلی ڕووداوەکانی دەکرد.. هەر ئەو جووڵە سەیر سەیرانە زیاتر دەیان بردە ناو دونیای بێئاگاییو لێرەوە گوتەکان پچڕ پچڕو بێ ویستی خۆی لە دەمی دەردەچوون.. بەیانیان هەڵمدەگرتەوەو تا بەردەمی کەلاوەکەیم دەگەیاند.. بەم حاڵەیشەوە بیری نەدەچووەوە پێم بڵێت:

- ئێستا دەزانم من شاعیرم، بەوەی جاران هیوام دەخواست لەگەڵ دایکت ماڵێك پێکەوە بنێم، کەچی ئەوەتا تۆ بەسەرخۆشی بە کەلاوەیەکم دەسپێریت.

هەستێك پێی دەوتم لەم نزیکانە (دارا) گیانی دەردەچێت، بەڵام نەمدەزانی ئەو کاتەیە، کە دەستی لە ملم ئاڵاندووە.. بۆنی لۆکەی سووتاو دەگەیشتە کۆڵانەکانی سەروو.. دەچوو بە قولایی لوتماندا.. لەپڕ ووتی:

- گڕیان لە کتێبەکانم بەرداوە.

دەتووت بەدەم خەوێکی قووڵەوە دەدوێت.

- هەر دەمزانی بەم دەردەیان دەبەن.. بەڵێ، چاکم زانی.

بەبێ ئەوەی شانم لە ژێر سەری دەربهێنم، ووتم:

- بۆنی لۆکەی سووتاوە.. لەوە دەچێت ماڵێك لەم نزیکانە...

- ماڵ نییە، کەلاوەکەی منە.. خۆت نازانی کتێبیش هەر لە لۆکە...

* * * *

لە زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کچان ساڵانە بۆ تاقیکردنەوەکانیان دەنووسی، دووکەڵ وەکو سومبوڵی ناخۆشیو نائومێدی نیشان دەدران، بۆیە لە ئەنجامدا دەرەوینەوەو ڕووناکی جێگای دەگرتنەوە.. یاخود تیشکی ڕۆژ بە ناویاندا ڕۆ دەچووو پەرشو بڵاوی دەکردنەوە.. بەڵام تۆ ئێستا ترسی گەورەت نەمانی ئەو دووکەڵەیە، کە لەو دیو لە نوێنە سووتاوەکانی((گوڵبەهاری گۆرانیبێژ))دا بەرز دەبێتەوە.. ((دارای شاعیر)) دەیوت لە شیعردا دووکەڵ لە ئاگر گرنگترە، چونکە ئاگر دەنگێکەو خۆی دەدوێت، بەمەیش هەموو ماناکانی ئاشکرا دەکاتو شتێک بۆ لێکدانەوەو تێفکرین جێناهێڵێت، بەڵام دووکەڵ بەم هەموو ئازارو نهێنییەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بێ دەنگ دەبێتو ڕێگا بە ئێمە دەدات بۆی بدوێین.. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا مردنەکەی (لایەنی کەم بۆتۆ) زیاتر لە ئاگر دەچوو هەتاوەکو دووکەڵ، بەوەی لە باوەشتا گیانی دەرچووو نەبووە مەتەڵێکی زۆر ئاڵۆز.. وات دەزانی مناڵەو لە سکتایە.. لە سکتایەو وا لە بار دەچێت.. بۆیە چرکە بەو چرکەی ئەو حاڵەتەت هەست پێ دەکرد، بگرە نەتدەزانی کامتان دەمرن.. تۆ یان ئەو، یان هەردووکتان پێکەوە.. دەتویست هاوار بکەیت:(( پیاوێکم لەناودا مردووە))، یان:(( وا شاعیرێک لە هەناومدا گیان دەدات))، بەڵام دەنگت دەرنەدەچوو.. یاخود نەتدەویست ئەو ووشە بێ تامو بێ مانایانە بەسەر زمانتدا تێپەڕن، کە



ئەوەندەی ئازار دەبەخشن، دوو هێندەش قێز دەکەنەوە.. دەتوانم بڵێم تۆ لەو ڕۆژەوە وەکو مردووێک، دوای هەزاران ساڵ لە گۆڕستان هاتبێتەوە، ئاوا دەوروبەرت دەبینی.. شتەکان بە شێوەیەکی سەیر دەکەوتنە بەر دیدەت.! تەنانەت ئەوانەیش، کە پێشتر هیچ گومانێکیان هەڵنەدەگرت.. مەودای زەمەنەکانت لێ تێکچوو.. تێنەدەگەیشتی کات خێرا یان سست تێدەپەڕێت.. بەسەرهاتەکان تێکەڵ بە یەکدی دەبوون..نەتدەزانی کام بەشەی تەمەنت ڕاستیەو کام بەشەی خورافەیە.. سەرت لەو چیرۆکانە دەرنەدەچوو، کە بەردەوام دەخزانە ناو ژیانەوە.. هەر جارێ بە شێوەیەک ڕابردووت بیر دەهاتەوە.. هەموو ڕووداوێکی دوای ئەو ساتە لای تۆ لە خەونو لە دووکەڵ دەچوو.. هەر کاتێکت دەزانی شتەکان گڕیان دەگرت.. ڕەشەکان دووکەڵی سپیو سپیەکان دووکەڵی ڕەشیان لێ هەڵدەستا.. لەپڕ دەتقیژاند.. جلەکانت لەبەر خۆت دادەڕنیو دەتویست گیانی شتەکان لە سووتان بپارێزیت.. سووراحیو کوپی سەر مێزەکانت پێک دادەدا.. قاپی مەی لێرەو لەوێ بەسەر ئەو زەویەدا دەڕژان.. کاسی سەر تاقەکانت دەخستە خوارەوە.. ئەنجام گڕی سوور سوور لە هەموو لایەکەوە ئابلوقەیان دەدایت.. ڕووتوقووت بەو ناوەدا ڕات دەکرد.. زمانت دەگیرا.. ئینجا دەبورایتەوە.. لە باوەشی ((گوڵبەهاری گۆرانیبێژدا)) چاوانت هەڵدەێنا..لەوێوە نیگات دەگەیاندە لای(( کرمانجی چاو چیمەن)).. تەنها ئەوسا دەتتوانی بە جورئەتەوە لێی بڕوانی، بەڵام لەوێت نەدەبینی.. کەمێ پێش ئەوە تەنیاو خەمبارانە پێکەکانی هەڵدەدا.. قژی ((گوڵبەهار))ت ڕادەکێشا:

- بۆ کوێ چوو..؟

- کێ بۆ کوێ چوو..؟

- چاك دەزانی مەبەستم کێیە.

هەرگیز نەتدەویست ناوی بهێنیت.. شکیتێکی گەورەش هەبوو، کاتێ خۆت لە باوەشی ئەودا دەبینیتەوە.. خێرا هەڵدەستایتەوە.. سەرت گێژی دەخوارد.. جارێکی تر جلە دڕاوەکانت لێرەو لەوێ هەڵدەگرتەوەو لەبەرت دەکردن.. چاوە مەستەکان لە هەموو لایەکەوە چڵێسانە ئابلوقەیان دەدایت.. گوێت پێ نەدان.. وورده وورده ئارام دەبویتەوە.. لە شتەکانت دەڕوانی.. پەرش‌وبلاو، بەڵام ئاسەواری سووتانت بە هیچ شوێنێکەوە نەدەبینی.. بۆنی دووکەڵ نەدەچوو بە لووتی هەستیاریتا.. ئەی ئەو چی بەسەر هات..؟! ڕووی کردە کوێ..؟! ڕەنگە نەیویستبێت لەناو ئەو هەموو پیاوە خوشکە ڕووتەکەی ببینێت. چ نەهامەتیەکی گەورەیە..!! ئێستا بۆ ئەم لە سایەی خانەوادەکەیەوە ئاوەدانی لە کێوە سەختەکان دڵڕەقترە... ئەوا جارێکی تر شتەکان گڕیان گرتەوەو دووکەڵیان لێ هەستا.......

کێشەی تۆ ئەوە بوو نەتدەتوانی جیاوازی لە نێوان ئاگری ڕاستەقینەو ئاگری ناو خەیاڵتدا بکەیت.. ئێستاش لێرە، کە تەنها لە ڕێی ئاگرو دووکەڵەوە ڕابردووت بیر دێتەوە، ئاسان نییە چیرۆکێکی ڕاستەقینە بنوسیتو دەربچیت.. دوای خامۆش بوونەوەی ئاگری نوێنەکانی((گوڵبەهاری گۆرانیبێژ))یش، چیتر نابینیت شتێك بسوتێت.

بۆنی دووکەڵ بەردەوام دەچێتە لووتتەوەو خەیاڵت بۆ ئەو بەیانییە زووە دەگەڕێتەوە، کە شەکەتو ماندوو لە مەیخانە



دەهاتیتەوەو گڕ لە ماڵتان هەڵدەستا.. قازەکان دەسووتانو بۆن کرووزیان دەگەیشتە سەری کۆڵان.. بەڵام نەتزانی باوکت لەوێیە، یان جێیهێشتووە.. ئەوەندە هەیە لەو ساوە نە ئەمو نە براکەشت نەبینیەوە.((★★))

دانمارك/مارتی ٢٠٠١

★ ئەوانەی لە نزیکەوە ئەو مێژوو نووسەیان ناسیوە، باوەڕیان نییە ئەو شتانەی وتبێت، بەڵکو ((ئیدرسی حیکایەت خوان)) بۆی هەڵبەستووە.. ڕاستە وتوویەتی عەرەبەکان دەگەیشتنە هەر ناوچەیەکی دەرەوەی دوورگەکەیان، پێیان دەوتن مەبەستمان ئێوە نییەو یارمەتیمان بدەن با پێکەوە بگەینە ((ئەوان!!)).ز پێشیان نەدەوتن ئەو((ئەوان!!))ە کێنو لە کوێن.. بەم شێوەیە هێزیان کۆدەکردەوەو لەم دەسکەوتانەی بە دەستیان دەهێنا، بەشیان دەدان...(( هەموو ئەوانەیشی بە زمانێکی لوغزاوی دەربڕیوە))

★★ یەکێکە لە چیرۆکەکانی کۆمەڵەی((خەوننامەی دادە سۆزی))، کە بۆ چاپ ئامادەیە.

لێكۆڵینەوە

# ناسراوێك لەدەرگامان دەدات

## خوێندنەوەیەك بۆ كۆمەڵە چیرۆكی ( تەرمی نەناسێك )ی ئازاد بەرزنجی

سابیر ڕەشید

ئەگەرچی ئێمە لەخوێندنەوەی ئەم كۆمەڵە چیرۆكەدا لەهەر پێنج چیرۆكی ناو ئەم كتێبە دواوین خوێندوومانەتەوە وەلێ من لەلای خۆمەوە پێم باش بوو ئەم ناونیشانە بەبالآی خوێندنەوەكەمدا ببڕم چونكە (تەرمی نەناسێك) بووەتە ناونیشانی ئەم كۆمەڵە چیرۆكەو ئازاد بەرزنجی ئەگەرچی هەر تەنیا ئەو پێنج چیرۆكەی نووسیوە بەلآم نووسەر لەوە ناسراوترە كە هەر ئەو كۆمەڵە چیرۆكەی هەبێت بەتایبەتی لەدنیای وەرگێڕاندا كە دەقی دانسقەی وەرگێڕاوەو ئاگاداری ئەدەبی زیندووی دنیایە ئەمەش وامان لێدەكات كە داوای نووسینی بەردەوامی چیرۆكنووسینی لێبكەین‌و ئەم كۆمەڵە چیرۆكەی بەسەرەتای هەنگاوێكی باش هەڵبسەنگێنین



بەچیرۆكنووسێكی ناسراوی دابنێین كە هەمیشە لەدەرگای هزرو خەیاڵمان بدات.

١- مەملەكەتی سیسرك

چیرۆكنووس بەراناوی كەسی سێیەمی تاك چیرۆكەكەی دەگێڕێتەوە كە وەسفی پاڵەوانی سەرەكی چیرۆكەكە پاشاكەشی چیرۆكەكە دەكات بەوەی كە ئەگەرچی وەك هەموو ئێوارەیەكی دیكە بەم تاقە شەقامەدا پیاسە دەكات كە رۆژانە پیاسەی تێدا دەكرد بەلآم ئەم ئێوارەیە خەڵكەكەو دەم‌و چاوەكانی بەلاوە نامۆن دیارە ئەوەش لەبەر ئەوە نییە كە ئەوەندە بەم شەقامەدا پیاسەی كردووە كە تووشی بێزاری‌و دووبارە بوونەوەی بەردەوام بووە بەڵكو لەبەر ئەوەیە ئەو رۆژە هەست بە دابڕانێكی جەستەیی‌و زەمەنی دەكات‌و بۆ ساتە ڕابردووە لەدەست چووەكان گەڕاوەتە، سەردەمانی زووی منداڵی یا سەردەمانی پێش ئەو سەردەمە.. ئەوەش ئەگەرچی چیرۆكنووس بەهۆی تەكنیكی بەفلاش باك دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو كاتانەی كە دنیا هێشتا لەپێش چاوی تاریك نەدەبوو واتە چیرۆكەكە دەبێ بەكاتێكی دەرەوەی چیرۆك كە كاتی ڕابردووەو لای پاڵەوان كاتی پاكی‌و بێگەردی بۆیەش شەقام‌و دەم‌و چاوەكانی پێشی زووتر بەشێك بوونە لەرۆحی‌و پاك‌و بێگەردبوونە ئەوەش پێكهاتەی جوانی ژیانی بووە بەلآم كاتەكەی تر كە كاتی ئێستایە كاتێ نامۆ بوو بێ ئومێدییە لای پاڵەوان چونكە دیارە چیرۆكنووس باسی سەردەمێكمان بۆ دەكات كە سەردەمی دوای جەنگە شومەكانە ئەم جەنگانەی كە

مرۆڤی ئاسایی هیچ دەسەلاتێکی تێدا نییە چ بەشدارنەبێتو چیش پڕوشکی پێنەکەوێت ئەوەندە هەبوو بۆ کوردەکە ڕاکردن بوو لەسەربازیو ئەمیش دەبووایە هەمیشە ڕاکردووو شاردراوەو دڵ پڕ لەترسو چاوەڕوانو تەماشاکەرێکی بەردەوامی هەموو جوڵەیەك بێت بەکورتی دیسانەکە ژیانی لێ دەبوو بەدۆزەخێکی دیکە بەڵام هەر چۆنێك بێت خۆراگر بوو بۆیە مرۆڤی ئەم سەردەمە پڕ لەشوومە هەمیشە هەستی بەنامۆییو گۆڕان دەکرد، هەمیشە زەینی بۆ ڕابردوو دەگەڕایەوە، هەمیشە هەستی بەترسو دڵەڕاوکێ دەکرد، هەمیشە مەستو پەستو غەمگین بووو هەرگیز هەستی نەدەکرد لەسەر دنیادا دەژیێتو وەك مرۆڤی ئاسایی دنیا لەم گەردوونە فراوانەدا کائینێکە بەڵکو هەموو شتێکی لا پێچەوانەی جاران بوو هەتا ئەو ڕوخسارانەی کە بەردەوام دەیدیتنو ڕۆحەکانیشی لەبەرامبەردا وەك چەپەڵو گوناهبار دەهاتە بەرچاوان.

هەمیشە ئەو مرۆڤە لەم سەردەمانەی جەنگو دوای جەنگەکاندا هەستی دەکرد لەناو خەڵکدا جێگای نابێتەوە یا نامۆیە بۆیەش کە دەکەوتە قەڵەبالغییەك زوو هەوڵی دەدا خۆی بدزێتەوەو بگەڕێتەوە دۆخی تەنیایی بەمەش ئاسوودەتر دەبوو وەك پاڵەوانی ئەم چیرۆکە کە دەکەوێتە ناو حەشاماتێکی خەڵك بەهەڵەداوان خۆی ڕزگار دەکات چونکە لەناو ئاپۆرەکەدا هەست دەکات دڵی دەگوشرێو هەناسەی سوار دەبێ بۆیەش بەم جۆرە بیر دەکاتەوە کە دەڵێ ((پێم سەیرە!



ئەم خەڵکە کە دێنە دەرەوە بەمەبەستی پیاسەکردنو کاروباری تر دێن! یان بۆئەوەی ئاوەها لەشوێنێکدا کۆ ببنەوەو لەدەمو چاوی یەکتر وردببنەوە؟!...ل١١)).

ئینجا گەڕانەوەی بۆ ماڵەوەو ئاشنایەتی لەگەڵ کتێبەکانیدا دەبن بە خەمڕەوێنی ئەمەش هێمای ئەوە دەبەخشێ کە ڕۆشنبیران وەك پاڵەوانی چیرۆکە لەم چیرۆکەدا ئەم پێناسەی دراوەتێ لەهەموو کەس زیاتر هەست بە ئێشو ئازارەکانی ناو کۆمەڵ دەکەنو حاڵەتە ناخۆشەکانی وڵات زیاتر کاریان تێدەکاتو لاشیان زیاتر ڕەنگ دەداتەوە، تاکە خەمڕەوێنی مرۆڤیش هەر تەنیا کتێبو ڕۆشنبیرییە کە بۆ مرۆڤ وەك چرایەکی ڕووناکە لەدنیای تاریكو شەوەزەنگدا.

ئینجا چیرۆکنووس بۆئەوەی پیسیو ناشیرینیو دزێوی کۆمەڵ نیشان بدات لەوڵاتێکدا کە جەنگەکان وێرانیان کردووەو دڵەکانیان ڕەشبین کردووەو هەر بەگێڕانەوە ریالیزمیانە ناوەستێ بەڵکو شێوە فانتازییایەك بە چیرۆکەکەی دەدات، ئەو کاتەی کە جۆرە سیسرکەیەکی گەورە وەك (مەسخ)ەکەی کافکا دەخاتە ناو کرۆکی چیرۆکەکەو تێکەڵ بەگێڕانەوەی چیرۆکبێژ دەبێت پاڵەوانی چیرۆکەکەش پێیەوە خەریك دەبێت ئەو شێوە سیسرکە فانتازییەی کە چیرۆکنووس بەم شێوەیە وەسفی دەکات ((...تەماشای کرد پەڵەیەکی ڕەشباوی گەورە لەپەنا دیوارەکەدا ئەجووڵێتەوە. کە لێرە نزیکبۆوە، حەپەسا، ئەمە چییە؟! یەکەم جارە جانەوەری وەها ببینم بەشێوە لەسیسرك ئەچێت. بەڵام سیسرك‌وبەم قەوارە گەورەیە!! نەخێر سیسرك

نییە. دەمو چاوی لە دەمو چاوی کوللە ئەچێت، بەڵام قاچو باڵەکانی لەهی سیسرك ئەچێت. تۆ بڵێی ئەمە جۆرێکی پەرەسەندووی سیسرك بێتو بۆیە ئەم جار لەم ولاتەی ئێمەدا هاتبێتە ئاراوەو، لەبەرئەوەی لەوڵاتی ئێمەشدا زەمینەیەکی لەبار هەیە بۆ گەشەکردنی ئەم جۆرە جانەوەرانە، بەپێی تیۆرەکەی پەرەسەندن ئەشێ لای ئێمە ئەم جۆرە تازەیەی سیسرك پەیدا بووبێت...تاد...ل١٣)).

چیرۆکنووس بۆیە ئەم سیسرکەی کردۆتە هێما چونکە دەلالەت لەپیسی دەکات چونکە دیارە سیسرك لەشوێنی پیسدا دەژییێت ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی پێمان بڵێ چونکە کۆمەڵگاکەی ئێمە شەڕو کاولکاریو ماڵوێرانی تێدایە، چونکە مرۆڤ نرخی جارانی نەماوە، لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگای دواکەوتووی وەك ئێمە شەڕو کاولکاریو براکوژیو خوێنڕێژی هەموو بەهایەکی لای مرۆڤی کورد سڕیوەتەوەو ئەگەر تاكو تەرایەکیش بەلای خێرو چاکەدا مابێ، بەڵام تەرازووی هێز بەلای خراپەو شەڕانگێزییە، مرۆڤی ئێمەش لەم سەردەمانەدا کە ئەگەرچی لەدنیادا سەردەمی پێشکەوتنو تەکنەلۆژیایە بەڵام ئێمە هێشتاکە نەمانتوانیوە ناو ماڵی خۆمان پاك بکەینەوە بۆئەوەی وەك ئەوان ماڵەکەمان کە ولاّتە رووناك بێت، بۆئەوەی مرۆڤی ولاّتی ئێمە نامۆ نەبێتو کۆچ بۆ هەندەران نەکات تا بەدوای خۆشیو ئاسوودەیی دابگەڕێت پێویستە ئەم کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژییێت لەهەموو ڕوویێکەوە پاك بێت بەڵام کە پیس بوو دەبێتە جێگای شەیتانو دڕندەو مرۆڤ خۆرەکان دەبێتە جێگای



مرۆڤی شەڕانگێزو دەیەها جانەوەری دیکەی شێوەی عەنتیکەی وەك ئەم سیسرکەی چیرۆکەکەی لێ پەیدا دەبێت..

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس لەچوارچێوەی فانتازیادا لەناو نەسقێکی کافکاویانەدا دەیەوێ پەیامێکمان پێ بگەیەنێتو بڵێ دەکرێ چیرۆکنووس پەیامی خۆی بە خوێنەر بڵێو مەغزاو مەبەستی خۆشی بۆ بخاتە ڕوو بەڵام بەشێوەیەکی هونەریو زمانێکی شیعر ئامێز لەمەشدا دەتوانێ خوێنەر لەگەڵ خۆیدا پەلکێشی ناو مەبەستە شاراوەکانی دەقەکەی بکات ئێمەش لەم چیرۆکەدا مەبەستە شاردراوەکانی ئەم دەقە، ئەوەی ئێمە درکمان پێی نەکردووە بۆ خوێنەری زیرەکی جێدەهێڵین.

٢- کەنارییە غەمگینەکە

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس بەشێوەیەکی بازنەیی گێڕانەوەی تراژیدیای کەنارییە غەمگینەکەی ئەنجام دەدات چونکە وەك چۆن لەسەرەتاوە بەکەشێکی فانتازیایی تارمایی مردووەکە دوای کاتی نووستن تا گزنگی بەرە بەیان دەگەڕێتەوە ئەو ماڵەی کە ژنێك هەمیشە چاوەڕوانی مێردەکەی دەکاتو دواییش مەرگی ئەو کەنارییە غەمگینەکەی ناو قەفەس کە نێرەکەی لەدەست چووە ڕادەگەیەنێت... دوای ئەوەی خەڵکی شار هەموو نووستوون کەچی تارمایی ئەو پیاوە دەگەڕێتەوە لای نەسرینی کلۆڵ کە دوای مردنی مێردەکەی نازانێ چۆن ئەو چوار منداڵەی بەخێو بکاتو ڕەنگیشە ئەو باوکەیان هەر لەخەفەتی نەداری خێزانەکەیان سەری نابێتەوە چونکە لەیەکێك لە دیالۆگەکان منداڵەکانی ئۆباڵی ئەم ژیانە

سەختەیان دەخەنە ئەستۆی باوك‌و دایکیان تا ناچاری ژیان وایان لێدەکات بیر لە فرۆشتنی ئەو خانووە بکەنەوە کە پڕبوو لەیادگارییە تاڵ‌و شیرینەکانی ئەم خێزانەیان. لەپێش کۆتایی چیرۆکەکە چیرۆکنووس خێزانەکەیان دوای کەوتنە خوارەوەی کە نارییە غەمگینەکەو مردنی دوای ئەوەی نەیانتوانی نێرێك تاسەر بۆ کەنارییە مێینەکە دابین بکەن، دوای ئەم کارەساتە لەدوای نەمانی کەنارییەکە منداڵەکان لەگەڵ دایکیان دۆش دادەمێنێن. ئەمەش چیرۆکنووس وەك هێما بۆ ئەو خێزانە بەستنەوەو پێکچواندنی ژیانی باڵندە بە مرۆڤ لەگەڵ تراژیدیای لێکترازانی ئەم خێزانە پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس بەهۆی بەکارهێنانی فلاش باك‌و تەداعی‌و فانتازیاو تێکەڵکردنی واقیع‌و خەیاڵ‌و مونتاژی کات‌و شوێن‌و هەروەك لەسەرەتاوەش گوتم گێڕانەوەی بازنەیی کە سەرەتاو کۆتایی چیرۆکەکە لەیەك خاڵ دەست پێدەکات‌و کۆتایی چیرۆکەکەش کە کراوەیە بەهەمان خاڵ کۆتایی پێدێنێ واتە بەکەش‌و هەوای فانتازیاوە دەست پێدەکات‌و بەهەمان کەش‌و هەواش کۆتایی بە چیرۆکەکە دەهێنێ دیارە چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیدا پەیڕەوی گێڕانەوەی ئاسایی نەکردووە کە سەرەتاو گرێچن‌و کۆتایی مۆپاسانییە بەڵکو بەشێوازی گێڕانەوەی نوێ چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوەو کۆتایی چیرۆکەکەش قوفڵ نادات بەڵکو خوێنەری زیرەك بەشدار دەکات تا لە کۆتایی چیرۆکەکەدا خۆی بە چیرۆکێکی دیکەوە دەست پێبکاتەوە یا هەر چۆنێکی دەوێت بەم شێوەیە کۆتایی



پێبێنێ، زمانی گێڕانەوەش ئەوەندەی دیکە شیعریەتی نووسینی چیرۆکەکەی کاراتر کردووەو خوێنەر بەئاسانی دەتوانێ لەپەیامی نووسەر جیهانبینی دەقەکە بگات‌و مەبەستە شاردراوەکانی دەقەکە ڕاڤە بکات.

٣- دەریاچەی (س)

ئەم چیرۆکە بەدوو ئاست دەخوێنرێتەوە، یەکەمیان وەك ڕووداو یا بەسەرهاتی شارێك کە دوای بانگەوازێك لەودەریاچەی (س)دا خۆیان ناونووس دەکەن تا لاوبنەوە، دیارە خەڵکەکەش خۆیان ناونووس دەکەن تەنیا شاعیرێك گاڵتەی بەعەقڵی ئەو خەڵکە دێ‌و خەریکی نووسینی قەسیدەکەی دەبێت‌و ناوی خۆی نانووسێ دواییش هەموو بنیادەمەکان مەسخ دەبن کلك‌و شاخیان لێ دەڕوێ‌و لەقینی خۆیان شاعیرەکە بەردباران دەکەن‌و دەیکوژن. بەڵام ئاستێکی دیکەی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە دەکرێ وەك چیرۆکێکی هێما ئامێز یا چیرۆکێکی ڕەمزی بونیادی شاراوەی ئەو دەقە بخوێنرێتەوەو فەلسەفەو مەغزاو جیهانبینی چیرۆکنووس بەخوێنەران ئاشکرا بکرێت، چونکە دیارە مەبەستی چیرۆکنووسیش هەروەك ناوی شارەکەی کە (س)و هێمایە بۆ هەموو هەرێمی کوردستانی عێراق، دەریاچەکەش‌و دروستکردنی‌و لاوبوونەوەی ئەم فێڵەیە کە میری سەرکوتکەر لەخەڵکەکەی کردووە تەنانەت بەشێوەیەك میللەتەکە هەڵدەخەڵەتێنێ کە بێ ئەوەی هەستی پێ بکات خۆی بەخۆشییەوە بەشداری ئەم پیلانە دەبێت تاوەکو ئەم

مەرجەش جێبەجێ دەكات بۆ مەلەوانی كردنەكە دەبێ ناوی خۆی بگۆڕێ، ئەوەش هێماو دەلالەتی سڕینەوەی ئاسەواری كوردەوارییەو هێمای بەعەرەبكردنی كوردستانە وەك چیرۆكنووس بۆ مەرجی بەشداریكردنو ناونووسكردن لەم دەریاچە سیحرییەدا ئەوەیە كە ((ئەوەی دەیەوی لەدەریاچەی (س)دا مەلە بكات دەبێ سەرەتا خۆی ناونووس بكاتو بەڵێننامەیەكیش پڕ بكاتەوە كە دوای مەلەكە دەبێ لەپاداشتی ئەوەی كە لاو دەبێتەوە بۆ هەتا هەتایە ڕێز لە بڕیارەكانی سەركردایەتی بالاّ بگرێت، هەروەها ئەوانەی دەیانەوێ لەم مەلەیەدا بەشداربن دەبێ بەڕێزو دەستە دەستە بەشێوەیەكی سەربازیانە بەڕێپێوان بەرەو دەروازەی دەریاچەكە بچن، شایانی باسیشە دەریاچەكە رۆژێك بۆ پیاوانو رۆژێك بۆ ئافرەتان تەرخان دەكرێ...تاد..ل٤٥)).

ئەمەش هێمای ئەوەیە كە سەركردایەتی دوژمنی كورد هەمیشە هەوڵی داوە بەپارەو دروستكردنی عەسكەرتاریەت دنیا بۆخۆی بكرێو داگیر بكاتو خەڵكی كورد بكات بە پیاوی میریو خەڵكی لەڕێگا پارەو خۆشییەوە رابردووی خۆیان لەبیر بچێتەوەو ببن بەپیاوی میری ئیدی قەیدی چییە هەموو خۆشییەكیان پێ دەبەخشێ گرنگ تا هەتا هەتایە نۆكەرو لەسەركردایەتی بالاّ لانەدەن.. ئەوەش دیارە ئەو كەسانە چوونەتە ژێر ڕكێفی دەسەڵات كە مرۆڤی ساویلكەو نەخوێندەوارو بێ هەستو دوور لەبیری مرۆڤایەتیو بەلایەوە گرنگ نەبووە كە زمانەكەو یادەوەرییەكانی خۆی بە خۆشی



لاوبوونەتەوە بگۆڕێتەوە بێگومان ئەمەش هەموو میللەت نییە بەڵكو نموونەی بەرەنگار بوونەوەش هەیە كە خۆی لەشاعیركەدا دەبینێتەوە، كە بەهیچ لەم داخوازییانە هەڵنەخەڵەتاوە بەڵكو وەك توێژێكی عاقڵ كە ئەمەش هێمایە بۆ خەڵكە عاقڵەكەو پاكەكەی كۆمەڵی كوردەوای تەنانەت بەدەست ئەو خەڵكەشەوە دەبێ بەقوربانی بیروباوەڕەكەیو تا دەشكوژرێت كۆڵ نادات ناچێتە ژێر ڕكێفی دەسەڵاتەوە تا لەكۆتایی چیرۆكەكەشدا چیرۆكنووس شێوەیەكی ئەفسانەیی بەشاعیرەكە دەبەخشێ تەنانەت لەدوای مردنیشی لاشەكەی دیارنەماوەو ئاسەواری دڵۆپە خوێنێكیش لەجێی ڕووداوەكە نەماوە!.. بەڵكو لەمەش زیاتر دەیكاتە هێمای ڕزگاریو نیشانەی ئەنجامی بەرگری كە پاداشتی بەرەی خێرخوازی میللەتە كاتێ كە درەنگانێ شەو نورێك لای دارتێلەكە پەخش بووەو هەموو شاری گرتۆتەوە.

بەڵكو شوێنی كوشتنەكەشی دەكاتە مەزارێكی پیرۆز كە ئەمەش سیفاتی نەمریو پیرۆزی پێدەبەخشێو لەناو دڵێ میللەتدا دەبێتە ئەفسانەو مەرقەدێكی پیرۆز.

لەكۆتایی چیرۆكەكەشدا كە چیرۆكنووس دوایین بڕگەی قەسیدەكەی دەكاتە كۆتایی چیرۆكەكە هەم بۆ جوانكاری چیرۆكەكەیەو هەمیش نیشانەی خۆڕاگریو بەخۆدانی میللەت وەك هێمایەك بەخوێنەران ڕادەگەیەنێت كە خۆی لەكەسی شاعیرە نیشتمانپەروەرەكەدا دەنوێنێ.

ئەم چیرۆکە نموونەی چیرۆکی هونەری سەرکەوتووی کوردییە چونکە هێماو دەلالەتەکانی وێنەی کۆمەڵگەی کوردەواری کێشاوە لەسەردەمی ستەمی ڕژێمی حوکمڕان کە ئەگەرچی ئەم چیرۆکە وێناکردنی ئەو سەردەمانەیە کە پێش ڕاپەڕین میللەتی کورد بەخۆیەوە دیوە، بێگومان چیرۆکنووس هیچ سانسۆرێکی لەسەر نەبووەو دەیتوانی بەسەرهاتەکان ڕاستەوخۆ بگێڕێتەوە... بەڵام دیارە چیرۆکنووس وەك مێژوونووسێك ڕووداوەکان ناگێڕێتەوە یا بەشێوەیەکی ریالیزمی جاران ...نا، بەڵکو سەردەمی ئەمڕۆ گێڕانەوەی چیرۆك جیاوازی لەگەڵ پێشوودا هەیە، گرنگ ئەوەیە بەشێوەی هونەریو بەرگی هونەری بەبەر گێڕانەوەکەیدا بکات وەك ئالان رۆب گرێ دەڵێ ((چیرۆکنووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دەزانێ چۆن چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە)). دیارە ئازاد بەرزنجیش لەم چیرۆکەیدا زانیویەتی چۆن چیرۆکەکەی بگێڕێتەوەو مەبەستو مەغزاو فەلسەفەو جیهانبینی دەقەکە بخاتە ناو بونیادی گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بۆیەش ئەم چیرۆکەی لەمیهرەجانی ئەمیاتای ئیتالیادا کە بۆ میللەتی بێ ئالا ساڵانە ساز دەکرێ لەو ساڵیدا کە ئەو بەشدار بوو ئەگەر بەهاوبەشیش بێت خەڵاتی یەکەمی پێ بەخشراوە.

بەڕای من ئەم چیرۆکەی ئازاد بەرزنجی لەچیرۆکە جوانەکانی ئەدەبی کوردییەو ڕووی ئەوەی هەیە بەهەموو زمانەکانی دنیا وەربگێڕدرێو وەك نموونەیەکی پێشکەوتووی چیرۆکی کوردی هاوچەرخو نوێ بناسرێ. خۆزیا بەرهەمە جوانەکانی چیرۆکی



کوردیش وەك چەپکە گوڵێك گوڵبژێرێکی بۆ دەکراو بۆ هەموو زمانە زیندووەکانی دنیا وەردەگێڕدران ئەوسا ئەوانەی دان بەبوونی چیرۆکی کوردی دانانێنو تا ئێستاش لەخانەی دواکەوتن حیسابی بۆ دەکەن لەراکانیان پەشیمان دەبوونەوەو چونکە دڵنیام ئەگەر بەرهەمە باشەکانی ئێمە بەدنیا بناسرێن نووسینی چاکیان لەسەر دەنووسرێو ژمارەیەکی باشیشیان دەبوون بەنموونەی ئەدەبیاتی دنیا.

٤- تەرمی نەناسێك

ئەم چیرۆکە وەك ئەوانی دیکە نییە بەڵکو بۆ سەرلێدەرکردنی چیرۆکەکە وردبینییەکی دەوێ چونکە چیرۆکنووس لەناوەڕاستی چیرۆکەکە لەجیاتی گرێچن تووشی لوغزێکمان دەکات کە تا کۆتایی چیرۆکەکە خوێنەر بەنووسینی سەر لافیتەی دیواری ماڵیان هەڵیدێنێ، ئەگەرچی جار جارەش ئێحای ئەوە هەیە کە ئەو پیاوە نەناسەی نیوە شەو پیرەژنێك دێت هەواڵی ئەوەی دەداتێ کە کەسێکی نزیکی مردووەو وا لەمزگەوتە کەچی ناوەکەی پێ ناڵێت ئەوەش بۆ خۆشکردنی بەدواداچوونی خوێنەر وەك تەشویقێك وای لێ دەکات کە بەدوای پاڵەوانی چیرۆکەکەدا بچێت، چونکە پێش ئەو هەواڵە پاڵەوانە باسی باوکی دەکات کە مردووەو دایکیشی لەژوورەکەی دیکە لەپرخەی خەو دایە کەچی کە ئەو دەچێتە مزگەوتو بەدیار تەرمەکەشەوە دادەنیشێ کەسێك پێی ناڵێن ئەو تەرمە کێیە، بەڵکو پێیان سەیریشە کە چۆن هاتووە بەدیار تەرمەکە دادەنیشێو ناشیناسێو سەیری لە قسەکانی پیرەژن دێت،

دواییش کە چاوی دەچێتە خەوو پاشان کە هەڵدەستێ سەیر دەکا تەرمەکە دیار نەماوە بەشوێنیدا دەچێتە گۆڕستان کە بزانێ کێیە لەوێش چەندان کەس باسی مردووەکە دەکەن یەکێکیان دەناسێتەوە کە هاتووچۆی باوکی دەکرد کەچی ئەوانی دیکە نامۆن پاشان لەگریانی ژناندا ژنێك دەبینێ لەشێوەی دایکی دەکات پاشانیش مسۆگەری دەکات کە دایکییەتی کەچی نایناسێتەوەو خۆی لێ نەناس دەکات... پاشان کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە قەڵەباڵغییەکی نائاسایی دەبینێو ئەم لافیتەیە دەبینێ کە لەسەری نووسراوە ((دلگرانین بەکۆچی لەناکاوی جوانەمەرگ-ك-)). لەمەدا بەدیاردەکەوێ کە کەسە نزیکە مردووەکە کە خوێنەر نازانێ (ك) کێیە، بەڵام چیرۆکنووس ئەمەشی کردووە بەلوغزێك کە من وەك خوێنەرێك وازەن دەکەم ئەوە باوکی بێت کە ئەگەرچی لەسەرەتای چیرۆکەکەشدا مردووە بەڵام چیرۆکنووس بۆ دروستکردنی فەزاو دیمەنی فانتازی ئامێزی چیرۆکەکە بەم شێوە نامەئلوفە ئەم دیمەنە سەیرو سەمەرانەمان نیشان بدات، ئەمەش لەکەش‌و باری چیرۆکی ریالیزمی سیحری دەچێت کە چیرۆکنووسانی ئەمریکای لاتینی پێی دەنووسن‌و بەم شێوازە توانیویانە سەرنجی دنیا بۆخۆیان کێش بکەنو دیارە مەبەست‌و فەلسەفەی چیرۆکنووس کە خۆی لەجیهانبینی‌و مەغزای چیرۆکەکەدا وانیشان دەدات کە دەیەوێ ئەم پەیامەمان پێ بڵێ کە مرۆڤ لەم سەردەمە جەنجاڵەی پێشکەوتن‌و پڕ لەکێشمە کێشەو بەتایبەتیش مرۆڤی جیهانی دواکەوتووی جیهانی



سێیەمی خۆمان هەمیشە بەرامبەر هەمو شتەکان‌و تەنانەت لەگەڵ دەوروبەری خۆشیدا نامۆیە تا ڕادەی ئەوەی پاڵەوانی چیرۆکەکە لەناو ماڵی خۆشیدا کەسێکی نزیکی مردووە کەچی ئەو پێی نازانێ‌و کەسانی دەوروبەری مردووش‌و دایکیشی نایناسێتەوەو ئەویش نایناسێتەوە، دەیەوێ پێمان بڵێ مرۆڤی ئەم سەردەمە کێشەکانی ئەوەندە زۆرن تووشی ون بوون‌و سەرلێشێواوی دەکەنو دەیەوێ بڵێ لەم سەردەمە جەنجاڵەی ئێمەدا کێشەکانو شەڕو ئاژاوەو ئەنجامەکانی مرۆڤی تووشی خۆ لەبیرچوونەوە کردووەو کۆمەڵگایەکی نامۆو نالەباری دروست کردووە...! مرۆڤی تووشی دووڕوویی‌و بێ بەزەیی‌و دووفاقی کردووە... دەیەوێ بڵێ ئێمە تامرۆڤمان لێ نەمرێت پیایدا هەڵنادەین‌و ڕێزی لێنانێین...دەیەوێ بڵێ تەرمی ئازیزانمان، باوك‌و دایك‌و خۆشەویستانمان لێ بووە بەتەرمی نەناس‌و ئەگەرچی دەشیناسین...! ئەم حاڵەتەش لەهەموو توێژەکان زیاتر رۆشنبیرو نووسەران هەستی پێدەکەن‌و تووشی دەبن وەك چۆن لەم چیرۆکەشدا هەست بەوە دەکەین کە وەك چیرۆکەکانی دیکەی پاڵەوانی سەرەکی خوێندەوارەو وەك چۆن باسی شانۆنامەی (ماکبیث)یش دەکات!!

چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیدا بەشێوازی ریالیزمی سیحری‌و کەش‌و باری فانتازیا ئامێزی چیرۆکەکەی نووسیوەو بەزمانێکی جوان‌و پاراو ڕووداویچیرۆکەکەی بەراناوی کەسی یەکەمی تاك (من) دەگێڕێتەوەو بەناو دیمەنە شاردراوەکانی دەقەکەدا دەمانگێڕێ‌و خوێنەر تووشی پرسیارو سەرسوڕمان دەکات‌و

لەکۆتایی چیرۆکەکەشدا ئەگەرچی گرێ کوێرەکان دەکاتەوە وەلێ هێشتا لەوە دڵنیانین کە (ك) کێیە، ئەگەرچی وەك گوتم لای من وەك خوێنەرێك بەباوکی پاڵەوانی دادەنێم ئەمەش بۆئەوەیە کە ڕێگا لەباربێت بۆ دروستکردنی پرسیارو تێڕامانو دروستکردنی نامەئلوف لەناو دنیایەك دیمەنی مەئلوفدا کە بەحەقیقەت ئەمەش بۆ دروستکردنی فانتازیاو شێوزای ریالیزمی سیحری چیرۆکەکەیە.

٥- جاڵجاڵۆکە

ئەم چیرۆکە بەچەند تەکنیکێك نووسراوە وەك گێڕانەوەی ئاسایی بەڕاناوی کەسی یەکەمی تاك (من)، هەروەها سوود وەرگرتن لەشێوازی یاداشتنامە کە ئەمەش لەنمونەی چیرۆکی زیندووی دنیادا زۆرەو لەچیرۆکی کوردیشدا هەیەو ئەم چیرۆکەی بەرزنجی یەکێکە لەم نموونانە. هەروەها سوود وەرگرتن لەتەکنیکی دیالۆگی شانۆییو سوود وەرگرتن لەهونەری شێوەکاری کە لەناو چیرۆکەکەدا چیرۆکنووس بیرۆکەی چەند تابلۆیەك ڕاڤە دەکات کە دەکرێ ببن بەتابلۆ. هەروەها تەکنیکی خۆدواندنو شەپۆلی هۆشو لەناو ئەمانەشدا ئەم بیرۆکانەی دەخاتە ناو خەونە بەردەوامەکانی کە بەزۆری بەجاڵجاڵۆکەی دەبینێ، بەڵام پێمان نالێ بۆچی پاڵەوانێکی رۆشنبیری وەك پاڵەوانی سەرەکی ئەم چیرۆکە کە مامۆستایەو نەخۆشی دەروونی هەیەو مرۆڤێکی دوودڵو ڕاڕایە. بۆچی قوتابیانیش پرسیاری ئەوەی لێدەکەن باسی جاڵجاڵۆکەیان بۆ بکاتو خۆشی بەردەوام خەون بەجاڵجاڵۆکە دەبینێو تەنانەت



لەپێش چاویشی مرۆڤەکانی چایخانەو قوتابخانەو جادەو شەقامەکانیشی لەپێش چاوی دەبن بەجاڵجاڵۆکەو شەوانە بەردەوام میوانی خەونەکانیەتیو تا لەکۆتایی چیرۆکەکەشدا پرسیاری ئەوە دەکات ئاخۆ کەی ئەو گەمە ڕەشەی نێوان خۆیو جاڵجاڵۆکە کۆتایی دێت. بۆچی لەم خەونانەی دەکەوێتە ناو تۆڕی جاڵجاڵۆکە. ئاخۆ نهێنی جاڵجاڵۆکە لەژیانی ئەو مرۆڤەدا چییە؟ بێگومان ئەمانە هەموو پرسیارنو چیرۆکنووسیش وەڵامی ئەم پرسیارانەی بۆ خوێنەر خۆی جێهێشتووە تا لەناو کەشو هەوای فانتازیا ئامێزی چیرۆکەکەیدا هەر خوێنەرەو بەهەوەستی خۆی وەڵامەکەی بداتەوەو دەلالەتە شاردراوەکانی ناو ئەم دەقە بدۆزێتەوە.

هیوادارم کاك ئازاد بەرزنجی لەچیرۆکنووسین بەردەوام بێت هەر بەم پێنج چیرۆکە نەوەستێ، چونکە نموونەی جوانو سەرکەوتووی چیرۆکی کوردین.